# ٤ کاف

## ڕێگایەک بۆ مرۆڤبوون

ئەو گەلەی گەلێکی تری دابێت بە زەویدا خۆشی بە پێوە نییە.

ناسر حەفید

٢٠٢٠/٠٢

# چوار کاف

## ڕێگایەک بۆ مرۆڤبوون

هەواڵنامەی کتێب

**پێویستە کۆنتراکتێک هەبێت لە نێوانی بەرەی گەل و دەستەڵاتدا کە هەر کاتێک دەستەڵات ئەرکەکانی نەبردە سەر، جەماوەر بتوانێت لای بەرێت.**

**ناسر حەفید**

**٢٠٢٠/٠٢**

ئەو گەلەی گەلێکی تری دابێت بە زەویدا خۆشی بە پێوە نییە.

کورد کە شکاوە هەر چەکی دا نەناوە، ئەقڵیشی داناوە. ئەو ئەقڵەی هەمانە بۆمان دانراوە. سەرچاوەی لە سروشتی خۆمانەوە نەگرتووە. کورد کە شکاوە ئیتر ناچار بووە بە رێگای جیاواز خۆی بدزێتەوە لە خۆبوون.

کورد توانیویەتی خۆی نەبێت. بەڵام ناشتوانێت بە شتێکی دی ببێت. هەر بۆیان داناوە کورد نەبێت.

هەندێک دەیانەوێت رووت لە کوردبوون خۆیان بگەیەننە مرۆڤبوون. نازانن مرۆڤبوون ئەو خەسڵەتانەی لێت دەوێن کە لە خۆنەبووندا لە دەستت داون. ئەو خەسڵەتانەی پێی کوردیت دەبێت پێیت بن بۆ مرۆڤبوون. بێ کوردبوون ناگەیەت بە مرۆڤبوون.

پەیوەندیی و رادەربڕین بۆ نوسەر:

3kontrakt@hotmail.se

# پێش خوێندنەوە

باشتر وایە پێش خوێندنەوە چەند زاراوەو وشەیەکی بەکارهاتوو واتاکەیان لەم نوسینەدا بزانیت!

١. **٤ک:** مەبەست لە هەر چوار شێوە کۆنتراکتەکەیە کە لەم کتێبەدا باسم کردوون. ٤ کاف کە مرۆڤیان لە ژیاندا پێوە دەبەسترێت بە دنیاوە یاخود مرۆڤیان لێ دەپچڕێن.
٢. **نۆرم:** بۆ نمونە توشی کەسێک دەبیت چاوەڕێ دەکەیت سڵاو بکات. یان برادەرێکت نەخۆش دەکەوێت دەزانیت چاوەڕێی ئەوەت لێ دەکات لێی بپرسیتەوە. لە بواری سیاسەتدا لە وڵاتە دیموکراتییەکان کاتێک کاربەدەستێک نایاسایی یان قابەعەتێک دەکات، هاوڵاتیان ئاسایی چاوەڕێی لابردنی دەکەن لە پۆستەکەی. ئەو نمونانە نۆرمن لەو کۆمەڵگایانەدا. بەڵام لە وڵاتی وەکو لای ئێمە کاتێک دەستەڵاتدارێک قەباعەت دەکات نەبووە بە نۆرم خەڵک بیر بکاتەوە یان چاوەڕێ بێت قەباعەتکار لا ببرێت یان جێگای لەق ببێت. هێشتا نەبووە بە نۆرم کە مرۆڤ نان دەخوات کەوچکەکەی دەمی نەکات بە ناو چێشتەکاندا کە بۆ هەموو دانراون. پێشکەوتن ئەوە نییە مرۆڤ قسەی جوان هەڵ ببژێرێت بۆ وتن. بەڵکو پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە رێگای ئەم جۆرە دیاردانەوە دێتە دی. کۆمەڵگایەک کامەیە نۆرمەکانی و چۆن پێش بخرێن؟ نۆرم لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ترو لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر

دەگۆڕدرێت. دەتوانین بڵێین:
نۆرم، ئەو یاسا نەنوسراوانەن لە کۆمەڵگایەکدا یان لە ناو کۆمەڵێک خەڵکدا کە چاوەڕوان کراون بۆ هەڵسوکەوت یان بیرکردنەوە رەچاو بکرێن.
٣. **ئەتیک**: وشەیەکی یۆنانییە. بریتییە لە زانینی باشەو خراپە، راست و هەڵە، مرۆڤ چۆن بێت، چی بکات یان چی نەکات بۆ ئەوەی کەسێکی چاک و لەبار بێت. کاک ئەحمەدی شێخ لە نامە رێنماییەکانیدا بۆ خەڵکیی ویستویەتی "ئەمر بە چاکە" و "نەهی لە خراپە" بکات بە نۆرمی کۆمەڵایەتیی. خراپەو چاکە کامانە بوون، ئەوەیان بە جێگای خۆی.
کۆمەڵگا بە گوێرەی کام یاسایانەو کام پرەنسیپانە رێک بخرێت؟
لە ئەتیکی ئاینییدا ئەرک و رێنماییەکانی ئایینەکە راست و هەڵە یان باش و خراپ دەنرخێنن. لە دەرەوەی ئایین ئەتیک رادەوەستێت لە سەر ژمارەیەک تێگەشتنی دی کە باسی تایبەتییان دەوێن.
٣. **مورالْ**: وشەیەکی لاتینییە. ئەتیکە لە سەر رادەی کەس و لە کردەوەدا. هەڵسوکەوت و هەڵوێستی مرۆڤە لە بەرامبەر بە روداو و بابەتدا. مرۆڤێکی موسوڵمان بۆ نمونە زەکات دەدات، نوێژ دەکات و سو ناخوات. چونکە ئەم مورالْە رەگی لە ئەتیکێکی ئیسلامییدا هەیە کە نوێژو زەکات ئەرکن و سوخواردن لە ئیسلامدا حەرامە. مورالْ لە سەر رادەی سیاسەت چۆنێتیی رێکخستنی کۆمەڵگا دەگرێتەوە. مورالْ جۆری هەڵوێستگرتن و کردەوەیە کە بونیادەکەی تێگەشتن، نۆرم و پرەنسیپ دەوری تیادا دەبینن. بۆ نمونە دوکتۆرێک مورالْی

پیشەکەی وایە کە پرەنسیپە دوژمنەکەشی هاتە بەردەمی دەبێت چاکی بکاتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا بۆچونی دی هەیە دەربارەی موراڵ کە ئەم هەڵوێستە دەخاتە ژێر پرسیارەوەو پێوەری تری هەیە بۆ نرخاندن جیاواز لە پێوەری ئەرکی ئەتیکیی.

٤. **ئیسێنس**: ئەو خەسڵەتانەن کە لە شتێکدا دەبن بە هۆی ئەوەی کە ئەو شتە ئەوەیە کە هەیە. بۆ نمونە ئەو خەسڵەتانەی لە ناو بەرددا وا دەکەن کە بەرد بەرد بێت.

٥. **پرەنسیپ**: دەرئەنجامێکی بنچینەیی یاسائاسایە کە دەبێت بە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن، نرخاندن و ئیش کردن بە گوێرەی.

٦. **وێنەی سەر بەرگ**، کە کافە بە پیتی لاتینیی لە ناو بازنەیەکی سەوزدا سەر بەرەو خوار کراوەتەوە. هێمایە بۆ وشەی کۆنتراکت کە بە کوردیی واتە رێکەوتن. هەروەها جوت هێڵی "K" وەکو دوو قاچ لە ناو چوار بەشدا چەسپیووە وەکو هێمایەک بۆ چوار شێوە کۆنتراکتەکە کە مرۆڤیان لە ناو ژیاندا پێوە بەستراوە بە دنیاوە. رەنگی سەوز هێمایە بۆ ژینگەو زیندەوەریی.

ناسر حەفید

٢٠٢٠/٠٢/٢٥، سلێمانی

ناونیشانی ئەلیکترۆنیی بۆ پەیوەندیی و رادەربڕین:

3kontrakt@hotmail.se

# ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٩ | ١. هەق سواڵ ناکرێت |
| ١٤ | ٢. دژی خۆبەدەستەوەدان |
| ٢٨ | ٣. کۆڵنەدان |
| ٣٠ | ٤. شۆڕش |
| ٤٥ | ٥. شۆڕش بە موراڵ دەکرێت |
| ٤٩ | ٦. چیبوون، چۆنبوون و کێبوون |
| ٥٧ | ٧. پڕۆژەو ڕێکخستن |
| ٦١ | ٨. فەلسەفەی ٤ک، کۆنتراکتی سروشتیی |
| ٦٩ | ٩. کۆنتراکتی کۆمەڵایەتیی |
| ٧١ | ١٠. کۆنتراکتی سیاسیی |
| ٧٨ | ١١. کۆنتراکتی کات |
| ٨٢ | ١٢. پرەنسیپ و ڕێنماییەکان |
| ٨٥ | ١٣. گفتی ڕاست لە کەسی ڕاست |
| ٨٨ | ١٤. ئەوەی خراپی کردووە ناتوانێت چاکی بکات |
| ٩٤ | ١٥. شکست بەندە بە بونیادی ڕێکخراوەوە |
| ١٠٢ | ١٦. ڕاگرتنی سیاسەت لە سەر هێڵی سروشتیی |
| ١٠٤ | ١٧. سیاسەت پرەنسیپە |
| ١٠٩ | ١٨. پەرێز لە قاڵب و مۆدێل |
| ١١٥ | ١٩. ڕەهایی و پێوەر |
| ١١٩ | ٢٠. ڕێکخستنەوەی گەلی کوردستان |
| ١٢٨ | ٢١.سەربەخۆیی بەڕێوبەریی و ئابوریی |
| ١٣٢ | ٢٢. دیاریکردنی سنوری کوردستان |

| | |
|---|---|
| ٢٣. پێشمەرگەو خاک و خەڵک | ١٣٧ |
| ٢٤. پاراستنی شوێنە گشتییەکان | ١٤٤ |
| ٢٥. دادوەریی | ١٤٧ |
| ٢٦. پرەنسیپی نانی بێ منەت | ١٥٣ |
| ٢٧. جۆرێتیی دنیابینیی | ١٥٨ |
| ٢٨. کیانی مرۆڤ و گەلان | ١٦٥ |
| ٢٩. یەکسانیی دوو جیاواز، ژن و پیاو | ١٧٠ |
| ٣٠. ئابوریی سروشتیی رێکخراو | ١٧٣ |
| ٣١. جیاوازیی ئابوریی، یەکسانیی خزمەتگوزاریی | ١٧٩ |
| ٣٢. رێکخستنەوەی زەویوزار | ١٨١ |
| ٣٣. رێکخستنی کرێکاران و بازاڕیان | ١٨٥ |


هەواڵنامەی کتێب

**رق لە مردن لە ناو ژیاندا، سەرچاوەی نائارامییە. ترس لە مردن ترسە لە ژیان. مرۆڤ لە ترسی مردن ناوێرێت بژی. رقت لە مردن بێت ژیان ناتوانێت خۆش بێت.**




هەواڵنامەی کتێب

# هەق سواڵ ناکرێت!

ئێستا ئاکامی رابوردووە. دوێنێ گەل بێ مەرج خۆی خستبووە دەستی دەستەڵاتەوە. بۆیە دەستەڵاتیش ئەمڕۆ هیچ هۆیەک نییە حساب بۆ بەرژەوەندیی گەل بکات.

جەماوەر هەموو جارێک لە رێگای دەنگدانەوە ملکەچیی خۆی تازە کردۆتەوە بۆ دەستەڵات. جەماوەر لە بری ئەم ملکەچییە بە تەمابووە دەستەڵات بە چاوێکی بەزەییەوە تەماشای بکات. جەماوەر چاوەڕێی ئەوە بوو دەستەڵات لەگەڵی باش بێت. بەڵام تاقیکردنەوەو زانست ئەوەیان سەلماندووە کە ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە. ملکەچیی تەنها مرۆڤی کۆیلەو دەستەڵاتی رەها دروست دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

لە راستییدا موچە هەقی ئەو ئیشەیە کە مرۆڤ دەیکات. خانەنشینیی هەقی ئەو مرۆڤەیە کە کۆمەڵگا بۆی دابین دەکات. موچەو خانەنشینیی بۆ ئەوەن کە مرۆڤ پێیان بژی و سەر بەرز بێت. بۆ ئەوە نین مرۆڤیان پێ ناچار بکرێن بۆ دەنگدان. بۆ ئەوە نین بە ناوی "حیمایە"وە مرۆڤیان پێ بکرێن بە کۆیلە. بۆ ئەوە نین مرۆڤ ویژدانی خۆیانیان بۆ دابنێن.

دەست هەڵ بگرن لە سواڵی موچە! هەق سواڵ ناکرێت. چارەسەر موچەی چاوشکێن نییە. سەرچاوەی قەیران فەرهودی پارە نییە! قەیران ئەم پەیوەندییە بێ مەرجەی نێوانی گەل و دەستەڵاتە! ئا

بەم پەیوەندییە بێ مەرجە گەل و دەستەڵات ناتوانن دنیایەکی تر دروست بکەن جیاواز لەوەی کە هەنوکە تیایدا دەژین. ئەم دنیا ناهەموار و ترسناکە هەر بەرقەرار دەبێت تا ئەو کاتەی کۆمەڵگا خۆی رێک دەخاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نەخۆشییەکەی ئێمە ئەوەیە کە کۆنتراکتێک، رێکەوتنێکی سیاسیی نییە لە نێوانی بەرەی گەل و بەرەی دەستەڵاتدا. دەستەڵات هەر چییەکی کردبێت گەل ملکەچیی بۆ تازە کردۆتەوە. پەیوەندیی نێوانی گەل و دەستەڵات پەیوەندییەکی تەواوکەرانەیە. ئێمە مەڕین بۆیە ئەو شوانە. بێ مافیی گەلە کە هەقداریی داوە بە دەستەڵات. ئێمە بەندین بە بڕیاری دەستەڵاتەوە بۆیە ئەو رەهایە.

ئەی ئایا چارەسەر دەبێت تۆ بیکەیت یان دەستەڵات؟

وەڵامەکە رون و بەڵگە نەویستە. چارەسەر دەبێت بەرەی گەل بیکات. دەستەڵاتێک خراپی کردبێت چۆن دەتوانێت چاکی بکات؟ بەردێک کە نوقوم بووبێت چۆن سەر ئاو دەکەوێت؟

چارەسەر لەوێوە دەست پێ دەکات کە هەر یەکە لە ئێمە سەربەستیی خۆی وەر بگرێتەوە. ئەو مافە بداتەوە بە خۆی کە لە پێناوی هیچدا بەخشیویەتی بە دەستەڵات. دەستەڵاتێک کە گەل لە رێگای دەنگدانی ناچارییەوە دانی پیادا ناوە. دەستەڵاتی ژمارەیەک کەس کە بە درێژایی مێژوو هیچ مەرجێکیان لە سەر نەبووە. هەر چییەکیان کردبێت و هەر کارەساتێکیان بە سەر وڵاتدا هێنا بێت، هەر خاوەنی بڕیارو میللەت بوون.

گۆڕینی دنیاکەمان لە گۆڕینی خۆمانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئێمەی بێ ماف و ملکەچی دوێنێ دەبێت مافدارو سەربەستی ئەمڕۆ بین! ئەمە مافێکی سروشتییە مرۆڤ سەربەست بێت، لە خۆیەوەو بە گوێرەی ویستی خۆی بژی و گەشە بکات. ئەرکی سیاسەت ئەوەیە کە هەلومەرجی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی دروست بکات بۆ گەشەی هاوڵاتیانی. هەلومەرجێک کە هاوڵاتیان تیایدا یەکسان بن، توانایان بەسەر ژیانی خۆیاندا بشکێت و خۆیان بڕیاری چارەنوسی خۆیان بدەن.

مرۆڤ تەنها خاوەنی ئەوەیە کە بە ئیرادەی خۆی پەیدای دەکات. ئەوەی بە تەمای هێزێکی دەرەکییە. ئەوەی بە تەمای شوانێکە ژیان و داهاتوو بۆ ئەم مسۆگەر بکات با دەست لە خۆی بشوات. ئەم کولتورە ژەهرە مێژوویەک لە شکست بونیادی ناوە. ئەرکێکی رزگارییە بڕوخێت!

باشوری کوردستان لە هیچ شتێکی کەم نییە. خاوەنی سامانی سروشتیی وەکو نەوت و گازە. دامودەزگای وەکو خەستەخانە، خوێندنگا، شارەوانیی، پۆلیس و ئاسایش، پێشمەرگە، دائیرەی کشتوکاڵ، بانک، تاپۆ، ئاوکارەبا و رێکخراوی تری تیادایە. بە دڵنیاییەوە ئەم جێگایانە پڕن لە کەسانی شەریف، شارەزاو دلسۆز. باشوری کوردستان لە رێگاوبان، لە بواری کۆمپیتەرو (ئی.تی)دا بە گوێرەی پێویستی خۆی لە پێشە. لە دەرەوەی وڵات ژمارەیەکی باش لە شارەزا هەن کە خۆبەخشانە ویستویانە خزمەت بە گەلەکەیان بکەن.

لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە کۆمەڵگای باشور سەرەڕای ئەم هەموو جەنگ، نەبوونیی، ژێردەستیی، تاوانەکانی نمونەی ئەنفال، هەڵەبجە و شەنگال توانیوویەتی کولتورێکی جوان لە دڵیدا بپارێزێت. کولتورێک کە دەتوانێت لە رێگای دەستەڵاتێکی سیاسییەوە ئەم هەموو کەرەسەو توانایە بە کار بهێنێت بۆ خزمەتی هاوڵاتیان و بەڕێوبردنی کۆمەڵگا.

بەڵام مەخابن کە لەشێک نەخۆش کەوت ئیتر ناتوانێت هیچ کام لە ئۆرگانەکانی وەکو پێویست بە کار بهێنێت. گەلی کورد بە درێژایی مێژوو چاوەڕێ بوو رۆژێک بەو هیوایە بگات کە خۆی حوکمی خۆی بکات. کوردیش وەکو هەموو گەلانی دنیا لە خاکی خۆیدا ئازاد بێت. بەڵام کاتێک ئەو هەلە دەست کەوت دەستەڵاتدارانی کوردو پارتەکانیان وەکو مۆرانە لە هەموو دامودەزگاکانی باشوری کوردستانیان دا. لە جیاتی ئەوەی لێ گەڕێن دامودەزگاکان ئاسایی ئیشی خۆیان بکەن، دەستیان گرت بە سەریاندا. پیسخۆریی وەکو کەڕویەکی ژەهراویی سەراپای کۆمەڵگای گرتۆتەوە. ئاکامی ئەم کانسەرە کۆمەڵایەتییە داڕوخانە لە هەموو بوارەکاندا. میللەت بووە بە سوتەمەنیی بۆ ژمارەیەک سەرگردەو سودمەند بە هەموو شێوەیەک.

ئێمە بە دەستی خۆمان چاوی خۆمان گرتووە چارەسەر نەبینین. چاوتان بکەنەوە دەبینن هەقێکی رەواو ئەرکێکی نیشتیمانیی هەر هاوڵاتییەکە کە ئەم ناهەقییە لەسەر خۆی و میللەتەکەی هەڵ بگرێت. ناهەقییەک کە زەلیلیی جەماوەرو پیسخۆریی دەستەڵات دروستییان کردووە.

ملکەچیی دوێنێ کارەسات و مەترسیی بۆ ئەمڕۆتان دروست کرد. سبەینێش هەر بەردەوامیی دوێنێ دەبێت ئەگەر ئەمڕۆ ئەم زنجیرە مێژووییە بە هیمەتێک نەشکێنن!

راستییەکان دەری دەخەن کە باشوری کوردستان هیچی کەم نییە بۆ هەبوونی ژیانێکی باش و داهاتوویەکی رون. ئەوەی کە نییە دەستەڵاتێکی سیاسیی پارێزەرو بەڕێوبەرە بۆ رێکخستنی سامان و تواناکان بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤ و کۆمەڵگا. ئەم دەستەڵاتە سیاسییەش دروست نابێت ئەگەر کۆمەڵگا سەربەست لە خراپکاران خۆی لە سەر بناغەی پرەنسیپی نوێ رێک نەخاتەوە.

رابوردوت ئەمڕۆی لە کیس دایت! ئێستا کاتی ئەوەیە داهاتووی خۆت دیاری بکەیت. داهاتوو کاغەزێکی سپییە. خۆت پڕی نەکەیتەوە بەجێی دەهێڵیت بۆ کوێرەوەریی. پێش ئەوەی زەلیلیی بتکوژێت لەگەڵ بە بۆ بونیادنانی دنیایەکی نوێ! جیهانێک نەچیتە ژێر باری بە سەرتا دەڕوخێت!

٢٠١٦/٠٩/٢٠

# دژی خۆبەدەستەوەدان

**کورد هەر چەکی دانەنا، ئەقڵیشی دانا.**
**ئەم ئەقڵەی هەمانە بۆمان دانراوە.**
**دەتوانین قوربانیی بدەین بەڵام نەمانتوانیووە پێی رزگار ببین.**

زانست ئەوەی سەلماندووە کە جیاوازیی میللەتان ناگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی مێشک لە رووی بایۆلۆجییەوە. مێشکی گەلانی جیاواز لە رووی بایۆلۆجییەوە وەک یەکن. لەگەڵ ئەوەدا جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوانی نەتەوەکاندا لە رووی هەڵسوکەوت و دنیا بینییەوە. کەواتە ئەم جیاوازییانە چی دروستی کردوون؟

جیاوازیی گەلان لە خودی مێشکەکەدا نییە، بەڵکو لە جۆری بە کار هێنانیدایە. ئەقڵ بەکارهێنانی مێشکە. کەسی ئاقڵ ئەوەیە کە مێشکی راست بە کار دێت. ئەقڵێکی ئازاد بەکارهێنانی مێشکە سروشتییانە بێ لەمپەر. ئەو فاکتەرانە زۆرن کە دەبنە هۆی بە کار نەهێنانی مێشک بە شێوەیەکی دروست. ژمارەیەک لەو لەمپەرە مێژووییانە فاکتەرەکانی ژێردەستەکردنی کورد دروستی کردوون. ئەم فاکتەرانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە کورد بە گشتیی ناسروشتییانە بیر بکاتەوە و لە راستیی خۆی تێ نەگات. بۆ نموونە، نیشتیمانەکەی واز لێ هێناوە بێگانە بڕیاری بە سەردا بدات. بوون و چارەنوسی خۆی کردووە بە جێگای گفتوگۆی سیاسەت و

بەرژەوەندیی وڵاتان و میللەتان. تازەترین نمونە وازهێنانی کوردی باشورە لە نزیکەی نیووەی خاکەکەی و ئنجا گفتوگۆی عێراق و وڵاتانە دەربارەی ئەو خاکە لە ژێر ناوی ماددەی (١٤٠)دا.

کورد چاوەڕێیە لەو مافانەی کە هی خۆین بێگانە بڕێکی بداتێ. خۆبەدەستەوەدان دەست هەڵگرتنە لە ماف. چەککردن بۆ مافکردنە. دوا ئامانجی داگیرکاریی ئەوەیە کە داگیرکراو روت بێتەوە لە مافەکانی و هەق بخاتە دەستی داگیرکارەوە بێگانە بێت یان دەستەڵاتێکی خۆیی. ئەو کاتە مرۆڤ و گەل دەبن بە جادەیەکی تەخت. لەگەڵ مردوودا هەر سەر ئەرزیان جیاوازە. دەنگدان و هەڵبژاردنەکانی باشوری کوردستان رونن بۆ ئامادەکردنی بڕیاری زۆربەی خەڵک نین. بەڵکو بۆ ئەوەن کە هاوڵاتیی لە رێگای دەنگدانەوە ملکەچیی خۆی تازە بکاتەوە بۆ دەستەڵاتی داگیرکار، بێمافیی خۆی را بگەیەنێت و هەق بخاتە دەستی زۆردارەوە. بۆیە لەو سەرەوە وەکو تۆپێکی کونکراو لە هەڵبژاردن دێتە دەرەوە، مایە پووت هیچی پێ نەماوە هەتا نرخی بۆ دابنرێت لە لایەن دەستەڵاتەوە. لە کۆمەڵگایەکی بێ ماف مردووی سەر ئەرز دروست دەبێت کە دەستەڵاتی داگیرکار تیایدا هیچ سنورێک نامێنێت نەیشکێنێت. بە ئاشکرا سامانی وڵات و موڵکی گشتیی فەرهود دەکەن بە بێ ئەوەی هاوڵاتیی هەستی بجوڵێت. لە ژێر بەنجی بێ مافییدا گەلی ملکەچ هەست بە هیچ غەدرێک ناکات.

هەوالنامەی کێتر

ژێرکەوتنی هەوڵەکانی کورد بۆ رزگاریی هەر لەوەدا نەوەستاوەتەوە کە کورد چەکی داناوە، لە خۆحوکمکردن بووەو بێگانە بڕیاری بە سەردا داوە. بەڵکو ئەو کولتورە ئازادییەشی زیندە بە چاڵ کردووە کە پێی تێ کۆشاوە. کورد دوای سەرنەکەوتنی خەبات بۆ دروستکردنی دەوڵەت لە سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ئیتر ناچار بوو خۆی لەگەڵ ژێردەستییدا بگونجێنێتەوە. پلە دوویی خۆی لە عێراقدا ناو نا برایەتیی کوردو عەرەب و ملکەچیی خۆی خستە ناو قاڵبی ئایدۆلۆجیی کۆمۆنیزم و ئیسلامەوە. ئەم ژێردەستییە بە جۆرێک مێشکی کوردی رێک خست کە ئەقڵەکە ئەوە بوو خۆشی گاڵتەی بە دەوڵەتی کوردیی دەکرد. لەبەر ئەوەی برا عەرەب، فارس یان تورکەکانی پێیان نەڵێن شۆڤینیی، خوێندەواران کە بە خۆیان دەڵێن روناکبیران، هەوڵیان دەدا هەست و راستیی نەتەوەییان لە خۆیان دا بماڵن بۆ ئەوەی پێیان بوترێت پڕۆلیتارێکی جیهانیی تەواو. بەڵام لە هەمان کاتدا لە ناو پارتی کۆمۆنیستی عێراقییدا دەبوو بڕوایان بە یەکێتی نەتەوەی عەرەب هەبێت و مافی نەتەوایەتیی کوردیش دوا بخرێت بە حساب بۆ دوای ئەو یەکێتییە. ئەمە لە کاتێکدا کە دەبوو پشتگیریی لە خەبات بۆ دەوڵەتی فەلەستین بکەن. راستییەکە وای دەگرتەوە: "دەوڵەت بۆ فەلەستین و رەحمیش بە کوردی پلە دوو بکەن!" ئەمەش لە بێڕێزیی و زەلیلیی بەو لاوە هیچی تری نەدەگەیاند.

سیاسەتی ئینگلیز خەباتی چەکداریی کوردی بۆ سەربەخۆیی بە هێزی جاش، سوپای عێراقیی و فڕۆکەی بەریتانیی کوژاندەوە. بەڵام بە رۆژنامەو خوێندەواری زێدفرۆشیش ئینگلیز مێشکی

کوردی خستە سەر سکەیەکی تری بیرکردنەوە. کورد هەر چەکی دانەنا، ئەقڵیشی دانا. بزووتنەوەی رزگاریی کورد لە ئەقڵێک موتوربە کرا کە ئەقڵێکی کوردیی نییە. واتە، ئەقڵێک نییە کە لە بەکارهێنانی مێشکەوە سروشتییانە لە کورد خۆیەوەو بۆ کورد خۆی بێت. ئینگلیزەکان بە زمانی کوردیی نمونەی رۆژنامەی "تێگەشتنی راستیی"، "پێشکەوتن" و "ژیانەوە"یان دەر دەکرد بۆ پڕوپاگەندەی داگیرکاریی و دژایەتیی رزگاریی کورد. ژمارەیەک خوێندەواری کورد لەم رۆژنامانەدا ئینگلیزی داگیرکەریان بەرز دەنرخاندو گاڵتەیان بە ئەقڵی کورد دەکرد کە ئەگەر کوردان لە عێراق جیا ببنەوە ئەی توتن و پێستە رێوی لە کوێ دەفرۆشن؟ ئێمە تا ئێستا بەم ئەقڵە شێواوەوە بیر لە ئازادیی دەکەینەوە. ئەو رۆژنامانەش بە رۆژنامەی کوردیی لە قەڵەم دەدەین. بەڵام لە راستییدا ئەو رۆژنامانە رۆژنامەی ئینگلیزیین بە زمانی کوردیی نەک رۆژنامەی کوردیی. رۆژنامەی کوردیی ئەو رۆژنامەیەیە کە لە سروشتی کوردەوە بۆ کورد دەر دەچێت نەک بۆ دوژمنەکەی.

ئێمە تا ئێستا بە مێژووی شکانی خۆماندا نەچوینەتەوە. تا ئێستا ئەو ئەقڵە بە کار دەهێنین کە داگیرکەرانمان بۆی دیاری کردووین. تا ئێستا لە سەر ئەو بناغەیە بنیات دەنێین کە ژێردەستیی بۆی دارشتووین. سەرەتای مێژووی رۆژنامەگەرییمان بەو رۆژنامانە دەست پێ دەکات کە داگیرکەر بۆ دژایەتیمان دەری کردوون. ئەو نوسەرو کاربەدەستانەی کاریان بۆ دوژمن کردووە بە روناکبیرو پیاوی گەورە ناو دەبەین. بۆیە ئەمڕۆ راست و چەپی خۆمان نازانین. خاوەنی پێوەری سروشتیی نین بۆ تێگەشتن و

هەواڵنامەی کتێب

هەڵوێستگرتن. لە کولتورێکەوە بیر دەکەینەوە کە پێویستە هەڵوێستی لێ بگرین. بۆیە ناتوانین دنیاکەمان ڕێک بخەین، بیپارێزین و بیبەین بەڕێوەوە. ئێمە قوربانیی دەدەین بەڵام ناتوانین پێی ڕزگار ببین. چونکە ئەم لەشەی ئێمە ئەقڵێکی خراوەتە سەر کە کار بۆ یەکێکی تر دەکات. ئەمە هەڵە نییە، ئەمە نەخۆشییە.

خۆبەدەستەوەدان بووە بە خۆدزینەوەو خۆپاراستن لە مەترسیی خەبات بۆ ڕزگاریی کە بە درێژایی مێژوو بووە بە هۆی کوشتار، ڕاگوێزان و ئەشکەنجە. بەڵام لە هەمان کاتدا خۆپاراستن لە مەترسیی ڕزگاریی و خۆبەدەستەوەدان نەبوون بە دەرمان و چارەسەر. کورد بە خۆبەدەستەوەدانیش وازیان لێ نەهێناوە. بە پێچەوانەوە، خۆبەدەستەوەدان مەترسییەکەی زیاتر کردووەو کارەساتەکانی گەورەتر کردوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەربەخۆیی دەستکەوت نییە گەلێک یان مرۆڤێک وازی لێ بهێنێت بۆ ئەوەی لە جیاتی ئەوە سەری ڕەحەت بێت. یاسای سروشت دەمانخاتەوە بەردەمی ئەو ڕاستییەی کە سەربەخۆیی جێگرەوەی نییە. سەربەخۆیی خەسڵەتێکی بوونە کە ناتوانین خۆمانی لێ بدزینەوە. بەردێک ناتوانێت واز لە ڕەقبوونی خۆی بهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بەرد بێت. بەردێک وازی لە ڕەقبوونی خۆی هێنا بەرد نامێنێت دەفەوتێت. خۆبەدەستەوەدان زیاتر لەناومان دەبات. بۆیە یەکێک لە کارەکتەرەکانی ستراتیجی بیرکردنەوەی ئێمە پێویستە جەنگ بێت دژی خۆبەدەستەوەدان، دژی لەناوچوون. بۆ ئەمەش پێویستە هەموو ئەو پرەنسیپ و کردەوە مێژووییانەی کە گوزارشتیان لە بەرگریی و سەربەخۆیی کردووە لە چاڵی ژێرکەوتنەکان دەربهێنینەوەو بەردەوامییان پێ

بدەینەوە. بیان کەین بە کەرەسەی وزە بۆ تێکۆشانی سەربەخۆیی ئەمڕۆ و داهاتوو. ئایا خۆبەدەستەوەدان لە چیدا گوزارشت لە خۆی دەکات؟

خۆبەدەستەوەدان بەردەوام رێگا دەدۆزێتەوە مرۆڤ پیایاندا لە دەست خۆی دەر باز ببێت. رێگای ئیسلامیی، برایەتیی، کۆمۆنیستیی و دیموکراتیی... هتد. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ ئیسلام بوو یان ئایدیایەکی هەڵ گرت ئیتر خۆی داوە بە دەستەوە. بەڵکو مانای ئەوەیە کە جیاوازییەکی تەواو هەیە لە نێوانی ئەوەدا کە کۆمۆنیستێکی کوردیت یان کوردێکی کۆمۆنیست، ئیسلامێکی کوردیت یان کوردێکی ئیسلام؟ لە باری یەکەمدا مرۆڤ نکۆڵیی لە خۆی دەکات و پیشانی دەدات کە ئەو کۆمۆنیستە بەڵام تەمغەی کوردەکەی لە زمان و نەژاددا هەر پێوەیە. کۆمۆنیستە کوردەکان هەمیشە نارەحەت دەبوون بە ئەوەی تۆزی کوردێتییان پێوە دیار بێت. بۆ ئەوەی لە شان و شەوکەتی کۆمۆنیستییان دانەبەزێت هەوڵیان دەدا کوردێتییەکەیان بشارنەوە. دەستیان لە سەر دڵیان بوو لە کاتی چەوسانەوەی کورددا دەنگیان لێوە نەیەت بە شۆڤینیی و قەومیی تاوانبار بکرێن. کۆمۆنیستە کوردەکان نوێنەرایەتیی پرسی کوردیان نەدەکرد، بەڵکو وەکو عەرەب یان هەر نەژادێکی دی راو هەڵوێستیان دەربارەی پرسەکە هەبوو.

لە باری دووەمدا مرۆڤ خۆبوونی کە کوردبوونە، لە لا پلە یەکەمە. لە دوای ئەمەوە دەتوانێت باوەڕ هەڵ بگرێت ئیسلام، کۆمۆنیزم یان هەر باوەڕێکی تر بێت. مەلیک مەحمود یەکەم

هەڵوێستی شۆڕشگێڕیی خۆی بەرامبەر بە ئیسلام و تورکەکان لێرەوە دیاری کردووە کە لە وتاری دامەزراندنی حکومەتی مەلیکییدا ساڵی ١٩٢٣ وتویەتی: "تورکەکان بە ناوی ئیسلامەوە دەیان روتانینەوە." هەر لەو وتارەدا دەڵێت: "کوردیش دەبێت بۆ خۆی بژی و لە پێناوی سودی خۆیدا بمرێت، کەس کەسی ئێمە نییە، دروستە بە کوردیی بخوێنن، بنوسن و نوێژیش بە کوردیی بکەن (٣١٤/١)." ئەمە رەدکردنەوەی خودی ئیسلام نییە، بەڵکو رەد کردنەوەی ئەو کولتورو رێکخستنە تورکییەیە کە بە باوەڕەکەوە دێت و دەبێت بە داگیرکار. شکاندنی ئەو پەیوەندییەیە کە کاتی خۆی شێخ سەعیدی باوکی لە وەڵامێکدا پێی وتبوو کە ئەوان تورکەکان بۆ خۆیان دەژین و کوردیش بۆ ئەوان. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەوڵی مەلیک مەحمود رزگارکردنی کوردبوونەکەیە لە چنگ باوەڕ کە لە ئەوێدا ئیسلام بووە. بۆ سەردەمی کۆمۆنیزمیش دروستکردنی پارتی کۆمۆنیستی کوردستان ئەگەر دروست بکرایە، هەمان هەڵوێستی دەگەیاند. ئەوەی پیشان دەدا کە کوردیش سەربەست لە گەلانی داگیرکار دەتوانێت لە خۆیەوەو بە گوێرەی خۆی باوەڕی هەبێت. مەلیک هیچ هۆیەکی نەبینیووە لە بەردەمی ئەوەدا کە گەلی کورد کەمتر بێت لە گەلێکی دی، لە دروستکردنی عێراقدا، رووی کردۆتە ئینگلیزەکان و دەڵێت: "بۆچی دەبێت لە نیشتیمانی خۆماندا ملکەچی بڕیاری گەلێکی تر بین؟" ژێرکەوتنی مەلیک مەحمود ئەوە نەبوو کە نەبوو بە مەلیکی کوردستان، بەڵکو ئەوە بوو کە نەیانهێشت کورد بخاتە سەر سکەی سەربەخۆیی. مەلیک خۆی نەما لێ هەر پرسیارە پرسی سەربەخۆیی. شکستیش هەر دانانی

چەک نەبوو، بەڵکو لەچاڵنانی ئاڵاو موراڵە سیاسییەکەشی بوو. ڕۆژی ١٩١٩/٠٥/٢١ کە ئاڵای ئینگلیز داگیراو بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئاڵای دەوڵەتی کوردیی لە جێگایدا هەڵ کرا، ئیتر لە دوای هەوڵەکانی مەلیکەوە ئەم ئاڵایەو پرسی سەربەخۆیی زیندەبەچاڵ کران. هیچ پارتێک ڕێگای نەکەوتەوە سەر ئەو شوێنەو نەچوە ژێر باری ئامانجی سەربەخۆییەوە، بە پێچەوانەوە هەر لێی هەڵهاتوون.

کۆتایی هەموو ڕێگاکانی خۆبەدەستەوەدان دەگەنەوە سەر یەک ئەنجام: دەتوانین کورد نەبین. بەڵام ناتوانین بە کورد نەبێت بە نەژادێکی تر ببین. خۆبەدەستەوەدان و نکۆڵیکردن لە خۆ کوردبوونمان لە کۆڵ دەکاتەوە. بەڵام هەر کاتێک پێویست بکات ببین بە شتێک، ناسنامەیەکمان هەبێت، هەر دەبێت ببینەوە بە خۆمان. ئەوەتا جوڵانەوەی ئاپۆیی هەم لە باکور و هەم لە ڕۆژئاوا کوردبوون لە ژێر ناوی دیموکراتیی و چەند هزرێکدا بێ هودە دەشارێتەوە. بەڵام هەم وڵاتانی داگیرکەرو هەم وڵاتانی دنیا لایەنە ماددییەکە دەبینن کە کوردێتییە نەک ئەو بەرگە هزرییەی لە بەری کراوە. هیچ لایەک هەڵوێستی خۆی لە سەر هزرەکانی ئاپۆیی دروست ناکات. بە ڕستەیەکی دی، هیچ دەوڵەتێک و هیچ گەلێکی ناوچەکە لەگەڵ ئاپۆییەکان نابن چونکە ئاپۆییەکان دیموکراتن یان چونکە دەوڵەت/نەتەوە شکستی هێناوەو ئەوانی فریادڕەس هزرێکی تریان دۆزیوەتەوە بۆ جیهان. گەلانی ناوچەکە لە شەڕی خوێناویی سوننەو شیعەدا نغرۆ بوون. هەر کاتێکیش دیموکراتیی و ئەرکیۆلۆجیی بابەت بێت بۆیان کاڵا نین لە کوردیان بکڕن، خۆشیان مێشکیان هەیە پێی بهزرن. تورکیا ناچێتە سەر ڕۆژئاوا

بۆ ئەوەی شەڕ دژی هزری "گەلانی دیموکرات" بکات. لەبەر ئەوەش دژی پەکەکەو لقەکانی نییە چونکە ئاپۆییەکان دەهزرن دەوڵەت/نەتەوە شکستی هێناوەو تورکیا دەچێت دەوڵەت رزگار دەکات. تورکیا دژی کوردبوونە هەر بۆیاخێک لە خۆی بدات. لە راستییدا ئەگەر دەوڵەت نەتەوە شکستی هێنابێت هەر ئەو نەتەوانە دەچنە ژێر باری کە دەوڵەت، دیموکراتیی، شارستانیی و تەکنیکیان هەیە. ئێمەیەکی بێ دەوڵەت کە نازانین دەوڵەت و نەتەوە چین کەی بۆ ئەوەین بچین لە دەوڵەت و نەتەوە پێشکەوتوتر بۆ جیهان دابمەزرێنین؟

ئێمە خۆمان شکستمان هێناوە نەک دەوڵەت/نەتەوە. ئەوە شکستی خۆمانە لە ناو چاوماندا کە لە سەر دنیا دەیبینین. ئەمەریکا لەگەڵ ئەو لایەنەی پەیدە پەیوەندیی ناگرێت کە بەڕێوبەرایەتییەکی مرۆڤ دۆستانەی لە رۆژئاوا بەرقەرار کردووە. مرۆڤ سەربڕ نین و دەمارگیریی ئاینیی و نەژادییان نییە. ئەمەریکا لە سەر ئەو خاڵە پشتی کورد دەگرێت کە کورد شەڕی دژی داعش دەکات. لە هەمان کاتدا ئەمەریکا لە بەر خاتری تورکیا پەکەکە کە لقی تورکیایە، بە تیرۆڕیست ناونوس دەکات. هەر کاتێکیش سوریا هاتە سەر حساب و رێکەوتن بەشی کورد، ئەگەر دیموکراتیی بێت نەک خاک و نەتەوە، دەبێت وەکو هەموو هاوڵاتییەکی سوریا بچن هەڵبژاردن بکەن. بۆ ئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپییش ئاسانترە کورد مافە رەواکانی نەکات بە بابەتێکی سەربەخۆ. بەڵکو لە جیاتی ئەوە کورد لە کێشەی ناوخۆیی وڵاتە داگیرکەرەکانیدا بیاندات بە دەم لافاوی هەڵبژاردن یان خێرو بەزەییەوە. ئەمەش مانای وایە ئەوەی بە چەک و خوێن دەبرێتەوە گەرەنتیی نییە بە

سیاسەت نەدۆڕێت. کوردانی رۆژئاوا یانزە هەزار شەهیدیان لە شەڕی دژی داعشدا هەبوو. بەڵام ئەمەریکاو روسیا هەر یەک بە جیا لەگەڵ تورکیادا لە سەر حسابی کوردی بێ حساب لەگەڵ تورکیا رێک کەوتن.

شکستی ئێمە ئەوەیە هەوڵ دەدەین کورد نەبین. ئەگەرچی بلۆکی کۆمۆنیزم روخاو جیهان گۆڕانکاریی بە سەردا هاتووە بەڵام بۆ ئێمە ئەقڵکەچیی و ملکەچییەکە هەر بەردەوامە. مێشکی کورد لە لەمپەرە مێژووییەکان هێشتا رزگاری نەبووە. ئەم راستییەش لە کولتورەکەیدا لە بوارە جیاوازەکانی وەکو سیاسەت، کۆمەڵایەتیی، زمان، ئەدەب و هونەرو رەفتاردا دەر دەکەوێت. کورد بە گشتیی کولتورو مورالێکی سروشتییانەی لە خۆیەوەو بۆ خۆی بەرهەم نەهێناوە. بە پێوەری گەلانی بێگانە هەڵسەنگاندن دەکات و شوێن و کارەکتەری خۆی دیاری دەکات. شکان و خۆبەدەستەوەدان دوری خستۆتەوە لەو راستییەی کە خاکەکەی بە نیشتیمانی خۆی بزانێت، رێگا نەدات بە هیچ گەل و دەستەڵاتێکی بێگانە گفتوگۆ لە سەر بوون و ژیانی ئەم بکەن و خۆی لە ئاستی گەلانی تردا یەکسان را بگرێت.

رۆحی ژێردەستە وایە کە هەمیشە بە دوای شایەتدا دەگەڕێت بیسەلمێنێت ئەمیش مرۆڤە، نەتەوەیە، خاکەکەی هی گەلێکی تر نییەو مافی ئەوەی هەیە زمانی خۆی بە کار بهێنێت. رۆحی ژێردەستە وایە کە خەتای خۆی بووە داگیرکەرەکانی خێری خاکەکەی خۆیان پێ نەکردووە. خەتای خۆی بووە کە سەری داوەتە بەر گوللەی بکوژەکەی. کەسی ژێردەستە دەستەڵاتی

داگیرکەر هەمیشە بەرزتر لە خۆی دەنرخێنێت. شتی خۆی لا بێ بایاخەو ئاسان بێگانە دەکات بە چاوساغی خۆی. ئەو ئەقڵەی لە دەست داوە کە وڵاتێک لەشکرەکەی خاکی ئەم داگیر بکات گەلەکەی شەرمەزارە. ئەو پاڵەوانانەی لە خاکێکی داگیرکراودا کوشتار دەکەن چەرچڵ بن یان سەددام حسەین سەریان لە ئاستی تاکە کڵاشێکدایە. ئەو کەسانەی قەڵەم یان چەک بۆ داگیرکەر هەڵ دەگرن یەکەم شیاکەن کە لەم کڵاشەوە دەئاڵێن. ئیتر گرنگ نییە زانان، شاعیرن یان وەزیر.

هەر لەم کولتوری ملکەچییەش رێکخراو و دەستەڵاتی کوردیی دروست بوون. دەستەڵات و رێکخراوێک کە سەرچاوەیان لە راستییە سروشتییەکانی گەلی کوردەوە نەگرتوون. ئەندامان و هەوادارانی حیزب هەرچەندە لە قسەدا باس لە کوردستان یان ئایدۆلۆجییەکی دیار دەکەن بەڵام بە گشتیی بەندن بە بڕیاری دەستەڵاتدارانەوە. هەموو مافێک دەخەنە دەستی دەستەڵاتی باڵاوەو ملکەچیی خۆیان را دەگەیەنن. خاوەنی ئەو هوشیارییە نین کە پابەندبن بە موراڵ و پرەنسیپە سیاسییەکانەوە. پرەنسیپ و بەها بابەتییەکان ئاراستەی تێگەشتن و هەڵوێستەکانیان ناکەن، لە جیاتی ئەوە ئەقڵکەچی حیزب و دەستەڵاتی رەهان. هەمان ئەو شتەی کە پارتێکی تر دەیان کات و ئەمان دژی دەوەستن کە حیزبەکەی خۆیان دەیان کات چاو لە ئاستیاندا دەنوقێنن و بیانوی فکرییان بۆ دەهێننەوە. پارتەکان چونکە لە بنەڕەتدا پارتی سیاسیی نین بەرنامەشیان نییە بۆ ئازادکردنی مرۆڤی کورد لەو کۆدو لەمپەرە کولتورییانەی کە رێگرن لەوەی مێشک سروشتییانە بە کار بهێنرێت. بە پێچەوانەوە، لەوەی داگیرکەران کردوویەتی دژوارتر

ئەوەیە کە ئەمان دەستیان گرتووە بە سەر سەرچاوەی ژیانی خەڵکییدا. ئەوەی کە دەستەڵاتی کورد نەیدات مرۆڤەکە نایبێت بیخوات. سیاسەت و دەستەڵات ئەرکی ئاسایی خۆیان لە دەست داوە. بوون بە رێگایەک بۆ تالانیی. مرۆڤیان کردووە بە کۆیلەی ماڵی خۆی. مرۆڤ ناچار بووە بەو جۆرە بیر بکاتەوە، دنیا ببینێت و تێ بگات کە دەستەڵات دەیەوێت. لە پەڕلەمان و لە سەر تەلەفیزیۆن چەندەها سودمەند قسەی جوان ریز دەکەن لە بابەتی ئازادیی، دیموکراتیی و وڵاتپارێزیی. کەچی چاویان لە ئاستی ئەو هەموو پیسخۆرییەدا دەنوقێنن. لە پێناوی پاراستنی پۆست و بەرژەوەندییدا بەم هەموو بەرگەوە لە شیعر، نوسین و قسەی زل هەموو بڕیارێکی ناقۆڵای دەستەڵات قبوڵ دەکەن. شانبەشانی دروستبوونی چەندەها دامودەزگای وەکو پەڕلەمان، تەلەفیزیۆن، رۆژنامەو رێکخراوی مەدەنیی تا دێت دەرئەنجامی پرۆسەکان دەرکەوتێکن مایەی شەرمەزاریی. دوای ئەم هەموو شەهید، هەڵەبجە، ئەنفال و قوربانییە حیزب دەبێت بە کۆمپانیا، کوڕ بە بەشگری باوک، پارەی گەل ژمارەیەک بازرگانی پیسخۆر دروست دەکات، دەستەڵات موڵکی گشتیی تاڵان دەکات، چارەنوسی گەل دەبێت بە پاسکیلی منداڵان، هەڵبژاردن بە قومار. لە وڵاتانی ئەورووپیی لە سەر بەکارهێنانی کارتێکی بانک بە هەڵە سەرۆکی پارتێک نوشوست دێنێت. کەچی لە کوردستان ئەم هەموو شەرمەزارییە خڕە لە حیزبێک ناهێنێت. یەک ئەندامی حیزب هەڵوێست ناگرێت. ئەندام پەڕلەمانێک واز ناهێنێت. بۆ؟

چونکە کورد گەلێکی بێ کۆنتراکتە. دەستەڵات خاوەنی حوکمی رەهایەو جەماوەریش بەندە بە بڕیاری ئەوەوە. جار دوای جار لە

ڕێگای هەڵبژاردنەوە جەماوەر ملکەچیی خۆی تازە دەکاتەوەو خۆبەدەستەوەدانی پتەوتر دەبێت. مێشکی مرۆڤ لە مرۆڤەکە خۆیەوەو بۆ خۆی و نیشتیمانەکەی بە کار نایەت، بەڵکو مرۆڤ سەری بۆ ئەو دەستەڵاتە هەڵگرتووە بە کاری بهێنێت کە لە پەنایدا دەژی. بەم پێیە مرۆڤ لە ڕاستیی، لە زانیاریی دا دەبڕێت.

لە کۆمەڵگای داگیرکراودا گرفتی مرۆڤ لە خودی مێشکیدا نییە کە ڕاستییەکە نابینێت و گەوج دەنوێنێت، بەڵکو بە پێچەوانەی کۆمەڵگای بەڕێوبراوەوە گرفتی بەکارهێنانی مێشکەکەی هەیە کە مرۆڤ مافی ئەوەی نییە سروشتییانە بە کاری بهێنێت. ناچارە مشکێک وەکو فیل ببینێت. پارتەکانی کورد لە باشوری کوردستاندا توانیان گەلەکەیان ڕاپێچ بکەن بۆ دەنگدان بۆ دەستورێکی عێراقیی کە نە دانی ناوە بە کوردستاندا نە گەرەنتییەکی نێودەوڵەتیی هەیە. لەگەڵ ئەم هەموو پیسخۆرییەی لە کوردستاندا بەر بڵاوە کە یەکێک لە قەیرانەکانی لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٤)ەوە نەبوونی موچەیە، کەچی تا دێت جەماوەر بە دەنگدان ملکەچیی تازە دەکەنەوە بۆ دەستەڵات. لە هەمان کاتدا هەر دوای ئەوەی ڕەوایی ئەدەنەوە بە دەستەڵات خۆپیشاندان و نارەزایی ڕێک دەخەن بەرامبەر بە هەمان دەستەڵات. دەستەڵاتێک کە لە هەموو کایەکاندا نەهامەتیی لێ کەوتۆتەوەو پیسخۆریی بۆتە فاکتومێک (ڕاستییەکی سەلماو). ئەمەش ئەوە پیشان ئەدات کە جەماوەر توانای ئەوەی لە دەست داوە کە دنیا بە شێوەیەکی تر ببینێت بە دەر لەوەی کە دەستەڵات ئاڕاستەی دەکات. هوشیاریی لە دەست داوە دەربارەی دنیاکەی و توانای هەڵوێستگرتنی لێ سەنراوەتەوە بەرامبەر بە هەڵە، خراپەو

ناپاکیی. ئیرادەو عەزمی لاوازە، خۆی بە بەرپرسیار نازانێت بەرامبەر بە کێشەی گەل و نیشتیمان. چاوەڕێیە دەستەڵات رەحمی پێ بکات، سودمەندی بکات و شوانی بێت.

لێرەدا دەر دەکەوێت کە: بناغەی ئازادیی بیروڕا لە رزگاربوونی مێشکەوە دەست پێ دەکات. رزگاربوون لەو هەموو لەمپەرانەی کە بۆ مێشک دروست بوون سروشتییانە بە کار نەیەت. قسە بۆیە لە منداڵ یان لە شێت چونکە ئەو دوانە ئەقڵیان بە دەرە لە لەمپەر.

سەرئەنجامی ئەو فاکتەرە مێژووییانەو ئەو حاڵەتە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەی کە ئێستا کورد تیایدایە ئەوەیە کە جەماوەر توانای ناشکێت بە سەر پاراستنی خاک و بەڕێوەبردنی خۆیدا. ژمارەیەک قەیران کە ئەمڕۆ هەڕەشە لە گەلی کورد دەکەن ئەنجامی قەیرانی خودی مرۆڤەکە خۆیەتی. ئنجا کە جیاوازیی گەلانی پێشکەوتوو لەگەڵ ئێمەدا لە رووی ئەقڵەوە جیاوازیی بایۆلۆجیی مێشک نەبێت، بەڵکو جیاوازیی بەکارهێنانی بێت، ئەوا مانای وایە مرۆڤ بە گۆڕینی جۆری بیرکردنەوەی ئەتوانێت خۆی و دنیاکەی بگۆڕێت. لێرەدا دەتوانین بڵێین کەواتە:

ئەقڵ چۆنێتیی بەکارهێنانی مێشکە. ئەم ئەقڵەی هەمانە بە سەرماندا سەپاوە. ئایا چۆن مێشکمان رزگار بکەین لەم ئەقڵەی ئێستامان؟

# کۆڵنەدان

## هەموو گرفتێک چارەسەرێکی هەیە کۆڵنەدان دەیدۆزێتەوە.

ئاگر گەرما دەخاتەوەو خۆبەدەستەوەنەدان کۆڵنەدان، کۆڵنەدانیش بەردەوامیی لێ دەکەوێتەوە. بەردەوامییش لە کۆتاییدا هەر دەگاتە سەر چارەسەر، چارەسەر لە سەر رێگای بەردەوامییە.

ئامانجی شەڕ کوشتنی زۆرترین ژمارە نییە. ئامانجی شەڕ بە گشتیی ئەوەیە کە لایەنی دووەم بشکێت، خۆی بدات بە دەستەوەو کۆڵ بدات. کەواتە جەوهەری خەبات کۆڵنەدانە. بەرگریکردن ئەتوانێت لە کێویکدا یان لە سەنگەرێکدا بێت، بەڵام کۆڵنەدان لە دەرەوەی سەنگەرو لە هەموو شتێکدایە. لە ئەوەشدایە کە مرۆڤ لە جەنگدا سەرکەوت بە پارەش نەشکێت. بە پارە نەشکا بۆ پلەوپایەش نەڕوخێت. ئایا لێرەدا چۆن مێشکمان بە کار بهێنین؟ ئەقڵ کامە بێت؟

ئەقڵ لێرەدا ئەوەیە کە کۆڵدان نەکەین بە دیوی دووەمی ژێرکەوتن، تەکنیکی ئەوە بدۆزینەوە کە ژێرکەوتن و کۆڵدان لە یەکتریی دا ببڕین. پێویستە بەو جۆرە خۆمان رێک بخەین کە کێشەکە لە ژێرکەوتنێک و سەرکەوتنێکدا نییە، بەڵکو لە کۆڵدان و کۆڵ نەداندایە. ئەبێت بینایەکی رۆحیی وامان تیادا بێت کە ژێرکەوتن کۆڵدانمان تیادا دروست نەکات. پاڵەوانێک لە زۆرانبازییداو بە ئاسن تەمرین دەکات بۆ ئەوەی بەهێزتر بێت. ئێمەش پێویستە لە بەرامبەر بە هەموو شکستێکدا کۆڵنەدانمان

بەهێزتر بکەین. ئەگەر توشی شکستەکان نەبین ئەی بە چی کۆڵنەدانمان خورت بکەین، ئەی چۆن لە کۆڵنەدانەکانمان تێ بگەین کە لە چی کۆڵ نادەین، ئەی چۆن کۆڵنەدانمان تاقی بکەینەوەو بینای بکەین؟

تاقیکردنەوەکانی سەرکەوتن کەم جار لە پرۆسەی کۆڵنەدان جیا دەکرێنەوە. نیلسۆن ماندێلا لە کاتی خۆیدا وتوویەتی: "خەبات ژیانمانە. هەرچەندە کاتی سەرکەوتن لە بەر دەممماندا نییە لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئەم خەباتە بەردەوام دەوڵەمەند بکەین. ئەگینا بە تەواویی دەبێت بە کارەسات (٢/١٠٣)".

لە گێڕانەوەکانی جەمیل بایکدا دەر دەکەوێت کە کورد لە باکوردا لە ئەڵقەی ئەواندا لە فەوتان گەڕاوەتەوە. کاتێک ئەوان دەستیان داوەتە پرسی کورد کە کورد خرابووە سەر سکەی وازهێنان لە خودی خۆی. کوردبوون یەکسان بووە بە نەمان. جەمیل بایک باوکی پێی دەڵێت: "زمانی تورکیی باش فێربە! ببە بە تورک! ئەگەر نەبیت بە تورک هەرگیز نابیت بە خاوەنی هیچ (٣/٦٤)". عەبدوڵا ئۆجەلانیش باوکی پێی دەڵێت: "کوردایەتیی مەسەلەیەکی مەترسیدارە. بۆیە ئەگەر جارێکی تر ببیتەوە بە کۆمۆنیست زۆر باشە! (٣/١٦٨)".

چۆن مێشکمان ئازاد بە کار بهێنین بە دەر لەو هەموو لەمپەرو کۆدانەی کە مێژوومان و هەلومەرجی پڕگرفتی ئێستای ژیانمان دروستیان کردوون؟

# شۆڕش

## شۆڕش لە چەکدا نییە، لەو ئەقڵەدایە
## کە چەکەکەی پێ هەڵ دەگریت.

ئایا چی لەو ئەقڵەدا هەیە کە چەکەکەی پێ هەڵ دەگیرێت، گۆڕانکاریی یان خراپکاریی؟ وەڵامەکە چی بێت چەکەکە بۆ ئەو مەبەستە هەڵگیراوە. بابەتەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا چۆن سروشتییانە بیر بکەینەوە؟ ئەو ئەقڵەی کە شکستەکان پێیان داناوین چۆن پەیدای بکەینەوە؟

ئەرکی ئەمڕۆ رزگارکردنی مێشکە لەو هەموو کۆدو لەمپەرانەی کە دوو فاکتەری سەرەکیی دروستی کردوون:

یەکەم، مێژوویەک لە شکست کە ئێمەی خستۆتە سەر هێڵی بیرکردنەوەیەک کە لە سروشتی کوردەوە سەرچاوەی نەگرتووە. دووەم، باری ناهەمواری ئابوریی و سیاسیی سەردەم کە مرۆڤ ناچار دەکەن لە پێناوی ژیان یان دەستکەوتدا دژی سروشتی خۆی کار بکات و ببێت بە کۆیلەی ماڵی خۆی. ئەم رزگارکردنەش مانای ئازادیی دەگەیەنێت بۆ ئێستای کورد. ئەمەش بە شۆڕش نەبێت ناکرێت. ئایا مەیدانی شۆڕش کوێیە؟

## مەیدانی شۆڕش خۆتی

ئەم شۆڕشە هەر یەکە دەبێت لە خودی خۆیدا بیکات. بەوە دەست پێ دەکات کە هەر کەس نییەتی ئەوە بهێنێت مەیل و ئامادەیی لە

خۆیدا دروست بکات بۆ ئەوەی کە ئەتیک و مورالّ غەریزەو نەریت ڕێک بخەن نەک ئەوان بە سەر مورالّدا زالّ بن.

دەستپێکی دنیاگۆڕین ئامادەبوونە بۆ خۆگۆڕین. مرۆڤ وای ببینێت کە خۆگۆڕین پێشکەوتن و تواناسازییە نەک روخان و خۆلەکیسچوون. بە ئاگا بێت لەوەی کە گۆڕینی ئەو دنیایەی ئەو تێی کەوتووە بە گۆڕینی خودی خۆی دەکرێت. ئەو گەلەی کە توانای گۆڕینی نییە ئەو گەلەیە کە مرۆڤەکانی ناتوانن خۆیان بگۆڕن. چونکە توانای گۆڕین لە گەلێکدا ئەنجامی ویستی ئەندامەکانێتی بۆ ئەوەی خۆیان بگۆڕن. ورد ببەرەوە مرۆڤی کورد بە گشتیی چۆن لە ئاستی گرفتەکاندا رێگاکانی ملکەچیی و خۆگونجاندن دەدۆزێتەوەو دەستی ناچێتە خۆی، خۆی بگۆڕێت. بۆ نمونە:

کاتێک رۆژی سەعاتێک کارەبا هەبوو مرۆڤی کورد پەنای دەبرد بۆ موەلیدە. کە ماڵەکان بێ ئاو بوون هاوڵاتیان کەوتنە هەڵکەندنی بیر. لە کەمیی بەنزیندا شۆفێر بە سەدان تا بەیانی سەرەیان بۆ بەنزین دەگرت. لە نەبوونی بینادا دوو تا سێ قوتابخانە لە یەک بینادا دەوام دەکەن. کاتێک بێ ئاویی و بێ کارەبایی بازاڕ بۆ شوقە پەیدا دەکەن، مرۆڤی کورد واز لە خانوەکانیان دەهێنن بەرەو ئەو شوقانەی کە کۆمپانیای دەستەڵاتدارەکان دروستیان دەکەن. لە کۆمەڵگایەکی بێ کۆنتراکتدا کە هاوڵاتیی تیایدا بەندە بە بڕیاری دەستەڵاتەوە مرۆڤ مافی چاوەڕوانییەکی تری نییە لە دەستەڵات. ئەو مافە نادات بە خۆی کە دەستەڵات بۆچی هەیە؟ وا هەست دەکات کە هەبووەو هەر چۆنێک هەبێت هەر دەبێت هەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

کاتێک دەستەڵاتداران موڵکی گشتییان بردووە بۆ خۆیان، کۆمپانیاو دەستەڵاتیان تێکەڵاو کردووە، پارەی بانکەکانیان بە کار بردووە، مرۆڤی کورد بە هیوایە هەر ئەوەی کە سیستێمی پیسخۆریی دامەزراندووە بەرنامەی چاکسازیی دژی خۆی جێبەجێ بکات. مرۆڤی کورد بەتاڵە لەو هوشیارییە سیاسییەی کە دەست نیشانی دەکات دەستەڵاتی سیاسیی و حکومەت نابێت بەو جۆرەبن. ئیتر دەستەڵات چ هۆیەک هەیە کە بەردەوام نەبێت لەسەر رەفتاری خۆی؟ ئیتر کۆمەڵگا بە چ شتێک هەڵوێست بگرێت؟

خەڵک چ ئەرکێکی دا نابێت بۆ دەستەڵات دەستەڵاتیش بە گوێرەی ئەوە لەگەڵ خەڵکدا دەجوڵێتەوە. کۆمەڵگا لە حاڵەتی ئاساییدا لە سەر بناغەی کۆنتراکتێک دادەمەزرێت. گەلێک هیچ مەرجێکی لە سەر دەستەڵات دا نەنابێت مانای وایە هەموو مافێکی لە خۆی سەندۆتەوەو خستویەتە دەستی دەستەڵاتی باڵاوە. دەستەڵاتی باڵا بڕیار ئەدات کامە راستە یان هەڵە، چی خراپە یان باش، حەڵالە یان حەرام. سەرچاوەی ئەتیک و موراڵ دەستەڵاتی باڵا یان سەرۆکە. کەواتە، دەستەڵاتی باڵا پرەنسیپە موراڵییەکان نایگرێتەوە. ئەو خۆی پێوەرە. راست و چاک ئەو کردەوانەن کە دەستەڵاتی رەها بڕیاریان لە سەر دەدات. بۆیە مرۆڤی کۆیلە پێویستی بە زانیاریی نییە بۆ ئەوەی بزانێت چی بکات یان چۆن لە دنیا تێ بگات. ئەو سەری خۆی بۆ دەستەڵاتی باڵا هەڵ گرتووە پڕی بکاتەوە. چونکە پەیوەندیی کۆیلەدار و کۆیلە پەیوەندیی رێکەوتن و بەڕێوبردن نییە. بەڵکو پەیوەندیی فەرمان و گوێڕایەڵییە، ئەگینا سزایە لە جیاتی. بۆیە سەرکردە بە قەباعەت

هەواڵنامەی کتێب

جێگای لەق نابێت. بە پێچەوانەوە، بە پەیداکردنی چەک و بەهێزبوون زیاتر جێگای خۆی توند دەکات. چونکە لە ژێردەستەکردنی خەڵکدا زیاتر دەچێتە پێشەوە. خەڵکی بێ ماف زیاتر لە ژێردەستیی خۆی دڵنیا دەبێت.

راستیی گەل لە ئاوێنەی دەستەڵاتەکەیدا دەبینرێت. ئەوەی دەستەڵاتێک لەگەڵ گەلێکیدا دەکات، راستیی ئەو گەلەیە کە لە دەستەڵاتەکەیدا دەری دەخات. بۆیە کاتێک کە تۆ خۆت دەگۆڕیت واتە ئەوە خەریکیت ئەو دنیایە بگۆڕیت کە لە پەیوەندیی نێوانی تۆی کۆیلەو دەستەڵاتی رەهادا دروست بووە. نیووەی ئەوەی روو ئەدات لایەنی دووەم لێی بەرپرسیارە. جەماوەر چ نرخێکی دابێت بە خۆی لای دەستەڵات، دەستەڵاتیش بایی ئەوە دەیخوێنێتەوە. کاتێک بە بەرچاومانەوە پێسخۆریی سیستێمی ئابوریی تێک دەدات، فەرمانبەر بێ موچە دەبێت، پێشمەرگە بە بێ موچەیی و پیتاک سوک دەکرێت، بازرگانیی نەوت کارەساتی شەنگال دروست دەکات، ئەمانە هەر ئەوە نین کە ژمارەیەک دەستەڵاتدار و بازرگان هەن لە سەر خوێن و چارەنوسی تۆ ئەژین، بەڵکو ئەوەشە کە تۆش مێژوویەکت لە بێڕێزیی و کۆیلەیەتیی قبوڵ کردووە، بێ مەرج خۆت خستۆتە دەستی دەستەڵاتەوە، هەموو جارێک ملکەچانە پەنجەتیان بۆ مۆر دەکەیتەوە و بە دەنگدان دەستەڵاتداران رەواییت پێ ئەدەنەوە بە خۆیان. کەواتە گۆڕینی سیستێمی حوکمداریی لە گۆڕینی تاکە مرۆڤەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. کە ساڵی ١٩٩٤ دوای کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەنفال و رەو، شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کردەوە، ژمارەیەک دەستەڵاتدار ترسیان لێ نیشت کە جەماوەر لێیان را بپەڕێت. بەڵام کاتێک

بۆیان دەرکەوت کە توانای ملکەچیی جەماوەر بەشی ئەم کارەساتەش دەکات ئیتر بێ باکانە بەردەوامییان دایەوە بە کوردکوشتن.

ئەم تیۆرییەی کە "گۆڕینی دنیا لە گۆڕینی خۆتەوە دەست پێ دەکات" لۆجیکییە سەیر بێتە بەر چاو. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە مرۆڤی زەلیلکراو ئەو نۆرمەی تیا دروست بووە کە مافی لە خۆی سەندۆتەوەو داویەتە دەست ئەو دەستەڵاتەی ملکەچی کردووە. بۆیە بۆ گۆڕینیش هەمان نۆرم، کە لە ناو خۆیدا هەڵی گرتووە، بە کار دەهێنێت. بە ئەم نۆرمەی مافی گۆڕانکاریی ئەنێت بە شاخی بەرانێکی ترەوە بۆ ئەوەی بەرانە کۆنەکەی بۆ لا بەرێت. بەرانێک بە بەرانێکی تر دەگۆڕێتەوەو لە ئەڵقەیەکی داخراودا دەسوڕێتەوە. ئەو گەلەش کە ئەم جۆرە مرۆڤانە دروستی دەکەن داگیرکەریک دەگۆڕنەوە بە داگیرکەرێکی تر.

مرۆڤی بێ ماف بۆ ملکەچیی هەیە. ملکەچیی رێگایەکە بۆ ئەوەی فەرمانی پیادا بڕوات. بە رێگای ملکەچییدا ئازادیی ناتوانێت گوزەر بکات. زانیاریی پیادا رەت نابێت. بۆیە رێنمایی کۆیلە قسەکردنە بۆ دیوار. مرۆڤی بەند هەمیشە گۆڕین لە شوێنێکی ترەوە چاوەڕوان دەکات، نەک لە خۆیەوە. ئەوەی بۆ خۆی دا نەناوە کە راگری هەق و چاودێری بێت. لە دەرەوەی بەندیخانە نەبینراوەکەی دنیایەکی دی نابینێت. ژیانی گرێی داوە بە ژێردەستییەوە. نایەوێت لە کیسی بچێت. کاتێک کە مامۆستایان ساڵی ٢٠١٦ بە هەزارەها رژانە سەر جادە، بۆ موچە ئاگریان گرت. بەرامبەر بەو سیستێمەی کە گەشتە ئەوەی ئیتر ناتوانێت

هەواڵنامەی کتێب

موچەش بدات، لارییان نەبوو. ئەوان قەفەزەکەیان قبوڵ بوو. پێش موچە ئەم کاردانەوەیەیان بەرامبەر بە سیستێمەکە نەبوو. لەسەر برسێتیی و بژێوی ژیانیش زیندەوەری تریش هاواری لێ هەڵ دەستێت، هوشیاریی مرۆڤبوونی تیادا نەبوو. ئەوان دەیانویست دەستەڵات رەحمیان پێ بکات، لەگەڵیان باش بێت. چونکە هەوڵیان دا بۆ موچە نەگەشتن بە موچە. هەمان ئەو سیستێمەی کە بێ موچەی کردبوون پێچەوانەی خۆی، بە بێ ئەوەی بگۆڕدرێت، لە کوێوە بتوانێت موچەیان بۆ بهێنێت؟ بۆیە چارەسەر هوشیاریی دەوێت. بەندیخانەیەک ناڕوخێت دیوارەکانی نەبینیت.

لە سەر ئاستی سیاسەتی نیشتیمانییش کولتوری ژێردەستیی گەلێکی دروست کردووە کە سیاسەتێکی بۆ خۆی نییە تا لە سەر قاچی خۆی پێی بووەستێت. لەم نمونە مێژووییەی خوارەوەدا ئەم دیاردەیە دەر دەکەوێت کە چۆن ناسروشتیی بیر دەکرێتەوە:

ساڵی ١٩٢٢ ئینگلیز و عێراق مەلیک مەحمودیان لە هندستانەوە هێنایەوە بۆ ئەوەی تورکیان لە رەواندز بۆ دەر بکات. مەلیک لە بری ئەم کارە داوای لە ئینگلیزو عێراق کرد کە دان بە مافی کورددا بنێن ئنجا ئەو شەڕی دژی تورک دەکات. بەڵام ئەوان بە هیچ جۆرێک دانیان نەنا بە مافەکانی کورددا. لە جیاتی ئەوە گفتی موڵک و پارەیان پێ دا. ئەمەش بۆ مەلیک نەنگیی بوو (٢٨٣/١). مەلیک لە گفتوگۆدا لەگەڵ سمکۆ (سمایل خانی شوکاک)، پرەنسیپی خۆی دەر خست کە خوێن رشتنی کورد تەنها لە پێناوی بەرژەوەندیی گەلدا رەوایە (١٥٣/٤). کەچی روناکبیرانی نەزان بە ئەقڵی ژێردەستییەوە کە ئیرادەیان پێ نییە بۆ خۆیان، رەخنە

لەوە دەگرن بۆچی مەلیک گوێڕایەڵی ئینگلیزەکان نەبووە، تا بە خەیاڵی خۆیان ئینگلیز لە پاداشتدا دەوڵەتی بۆ دروست بکردایە. مرۆڤی کۆیلە چاوەڕێی بەزەیی و بەخشندەییە کە هیچیان لێ سەوز نابن. لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمیشدا کاتێک کۆماری مهاباد ساڵی ١٩٤٧ بە هۆی کشانەوەی سوپای یەکێتی سۆڤیەتەوە لە ئێران، روخا، روناکبیران رەخنە لە سۆڤییەت دەگرن بۆچی پشتی کردە کۆماری مهاباد. مرۆڤی شکستە بە تەمایە هێزێک خێری پێ بکات، بێت بیپارێزێت و چاودێریی بکات.

ساڵی ١٩٧٥ کە جوڵانەوەی کورد ئاشبەتاڵی پێ کرا ئێستاش کورد دەڵێن ئەمەریکا دەستی بڕین. بە بێ ئەوەی هیچ رێکەوتنێک لە نێوانی ئەمەریکاو دەستەڵاتی کورددا هەبووبێت. نەها دەستەڵاتی حکومەتی هەرێم بێ مەرج خۆی خستۆتە دەستی تورکیاوەو سبەینێ کە تورکیا لەگەڵ عێراق رێکەوت دەڵێن تورکیا پشتی تێ کردین. خۆیان بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەڵ دەواسن و بە تەمای پاداشتن. کەسانێک هەن بە ئەقڵی ژێردەستییەوە چاوەڕێن وڵاتێک بێت سیاسەت بۆ ئەمان بکات و رزگاریان بکات. بەڵام ئەو هێزە رزگارکەرە هەرگیز نایەت. ئەمە وەکو ئەوە وایە کەسێک بۆ کەسێکی تر خواردن بخوات. مرۆڤ و کۆمەڵگای کۆڵدەر خۆیان ئەدەنە دەست هیواو ئاسان توشی هەڵە تێگەشتن دەبن.

مرۆڤی بێ ماف، بەندی بڕیارو ملکەچی فەرمان، هیچی وەر نەگرتۆتەوە لەو دەستەڵاتەی کە لە خۆی دروستی کردووە لە پاداشتی ئەوەدا کە بێ مەرج خۆی خستۆتە دەستییەوە. ئەو گەلەش

که ئەو مرۆڤانە پێکی دەهێنن هەر هەمان بێ هیوایی لەو دەوڵەتانە وەر دەگرێتەوە کە بە بێ مەرج دەبێت بە داردەستیان.

بێ مافیی مرۆڤ بێ بەش دەکات لەو هوشیارییەی کە مرۆڤ هەست بەوە بکات کە بە کۆڵدان و لەدەستدانی ئیرادە هەموو شتێکی لە دەست دەچێت. گەلێک بە کڕوزانەوەو پاداشت ئازاد نابێت. گەلێک دەبێت ئیرادەی ئەوەی هەبێت خۆی فەرز بکات. لە ستۆکهۆڵم ساڵێک وڵاتانی جیهان یادی لەناوبردنی جولەکەکانیان کردەوە. نوێنەری جولەکەکان دایەوە بە رووی وڵاتاندا کە بۆچی ئەو کاتەی لە ناو دەبران ئەو وڵاتانە دەنگیان لێوە نەهات، ئێستا کە ئەمان خۆیان سەرکەوتوون وا یادی کارەساتەکەی ئەمان لای ئەوانیش گرنگ بوون؟ ئەم نمونەیە ئەوە پیشان دەدات ئەگەر گەلێک چاوەڕێی بەزەیی و پاداشت بێت دەکەوێتە پەراوێزەوەو حسابی بۆ ناکرێت.

مرۆڤی کۆمەڵگای ئێمە دەیەوێت بە ملکەچیی و بە کۆیلەیەتیی سواڵی ئازادیی بکات. بەڵام سەندنەوەی ماف لە خودی خۆت و داماڵینی بەرپرسیاریی لە خۆت بەرامبەر بە کێشەی سیاسیی، جەوهەری نەهامەتیی و هۆکاریی سەرەکیی ژێرکەوتنە. کۆیلە دەتوانێت رابپەڕێت، بەڵام کۆیلە هەرگیز ناتوانێت ئازاد بێت. ئەوەی مرۆڤ ملی لە پێناودا کەچ دەکات لە کیسی نەچێت، لەوێدا لە کیسی دەچێت کە ملی خۆی لە پێناودا کەچ دەکات. ئەو دەستەڵاتدارەی کە هەموو مافی خەڵکی لە دەستدا کۆ بوو بێتەوەو بەرپرسیاریی هەموو گەلی لە سەر شان بێت هیچ هۆیەکی بە دەستەوە نییە کە چارەنوسی گەل و نیشتیمان لە دەرەوەی مەزاج

هەوالنامەی کتێب

و بەرژەوەندیی خۆی ببینێت. ئەو کاتە کێشەی گەل یەکسان دەبێت بە ئەو. گەلێکیش بەم شێوەیە خۆی رێک بخات مەحاڵە بە هیچ بگات لە دەرەوەی ئەو.

لە پرۆسەی دروستبوونی دیکتاتۆردا گەلیش دەچێتە ئاستی رانە مەڕەوە. ئەو سەرکردانەی کە خەباتیان کردووە بۆ رزگاریی و بۆ سەرکەوتن هەمیشە پێویستیان بە گەلێکی وشیار بووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ئەو دەستەڵاتدارانەش کە بازرگانییان بە گەلەوە کردووە هەمیشە برەویان داوە بە نەزانیی، مرۆڤی لاوازو پیسخۆر.

ساڵی ١٩٧٥ جوڵانەوەیەکی ١٤ ساڵیی بە بڕیارێکی سەرۆک لە یەک حەفتەدا توایەوە. جەماوەر لەو سەرەوە هاتەوەو وتیان سەرۆک ئاشبەتاڵی کرد. جوڵانەوەکە هیچی خۆی پێ نەبوو بەردەوام بێت لە سەری. دەرکەوت کە هەموو بەرپرسیارییەکە لەسەر شانی سەرۆک بوو. لە راستییدا هۆکاری ئاشبەتاڵ ئەوەیە کە گەلێک ئەندامەکانی هەموو مافێکی بڕیاری خستبێتە دەستی یەک تاکە کەسەوە. جوڵانەوەیەک بتوانرێت ئاشبەتاڵی پێ بکرێت هەر بۆ ئاشبەتاڵ باشە، بۆ سەرکەوتن نابێت. کاتێک کە جەماوەر هەموو چاوەڕوانییەک لە دەستەڵات دەکات مانای وایە هەموو مافێکیشی لە خۆی سەندۆتەوە کە هەنگاوی سیاسیی پێ بنێت بۆ چارەسەری کێشەکانی. بۆیە ئەوانەی بەردەوام رەخنە لە پارتەکان دەگرن کە بۆچی سامانی وڵات ئەدزن، بۆچی لە جیاتی ئەوە سیاسەتێک دانارێژن لە خزمەتی کۆمەڵدا بێت، لە راستییدا ئەوانە بێ توانایی و ملکەچیی خۆیان دەر دەبڕن. چونکە دەستەڵات

ناتوانێت شتێک بێت جیاواز لەوەی کە لە کرداردا پیشانی داوە. دەستەڵاتێک دز بێت ناتوانێت دەستپاک بێت. دەستەڵاتێک خراپی کردبێت ناتوانێت چاکی بکات. بەردێک بۆیە نوقوم ئەبێت چونکە ناکەوێتە سەر ئاو. ئەوەی کە جێگای رەخنەیە ئەو کەسانەن کە رەخنە دەگرن بۆچی مەڕ نافڕێت. هەتا بەم شێوەیە مێشکمان بە کار بهێنین مانای وایە لە دەرەوەی پارتەکان هیچ توانایەکی تر نییە بۆ دروستکردنی دنیایەکی تر. ئەو دنیایەی کە تۆ ئەتەوێت لە کەسێکی تر چاوەڕوان ناکرێت کە خەریکی دنیایەکی تر بێت. ئەوەی تۆ دەتەوێت ئەوەیە کە دەبێت خۆت بیکەیت. کۆمەڵێک بیەوێت بە دەستەڵاتێکی پیسخۆر گۆڕانکاریی بکات مانای وایە نایەوێت هیچ بگۆڕێت. سپاردنی ئەو گۆڕانکارییەی کە تۆ پێت باشە بە یەکێکی تر، نیشانەیە بۆ ئەوەی کە تۆ خۆت راگرێکی ئەو دنیایەی کە باسە بگۆڕدرێت. ئەو دنیایە لە بەر ئەوە بەو جۆرەیە چونکە مرۆڤەکانی بەرپرسیارییان لە خۆیان سەندۆتەوە. کەواتە هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە تۆ خۆت چۆن بگۆڕدرێیت. چۆن ببیت بەوەی کە هەق و بەرپرسیاریی بدەیت بە خۆت بۆ بونیادنانی ئەو کۆمەڵگایەی کە سروشتییە. کە ئەم گۆڕانکارییەت بە سەر خۆتدا هێنا مانای وایە ئەم دنیایەی ئێستات ئەو دنیایە نییە کە تۆ هەق و بەرپرسیارییت تیایدا نەبوو.

ژمارەیەک کارەکەیان بەوە بۆ خۆیان ئاسان کردووە کە هێرش بکەنە سەر پارتەکان و دەستەڵات. بەڵام ئەرکی نیشتیمانیی وشیارییەکی لەوە زیاتری دەوێت. ئەمە بیرکردنەوەیەکی سروشتیی نییە وا بیر بکرێتەوە ئەوەی ناپاکیی نیشتیمانیی دەکات با ئیتر کوردایەتی بکات، ئەوەی سامانی گەل ئەبات بۆ خۆی با

لەمەودوا دەستی پاک بێت. بیرکردنەوەی "کۆنتراکت" لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر دەستەڵاتێک ئەرکی خۆی نەبردە سەر پێویستە لا ببرێت. ئەوانەی کە رەخنەو هێرشەکانیان بۆ سەر پارت و دەستەڵاتدارەکان لە سنوری ئەقڵ دەرچووە، بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە خزمەتی ئەوانەدان کە رەخنەیان لێ دەگرن. لە بەر ئەوەی ئەو کاتە رەخنە ئەوە پیشان ئەدات کە لە دەرەوەی ئەوان هیچ کەس و دەرفەتێکی تر نییە، بۆ چاک و بۆ خراپ هەر دەبێت روو بکرێتەوە ئەوان. ئەمەش بیرکردنەوەی مەڕمیللەتییە کە هەموو ماف و بەرپرسیارییەک لە خۆی دەسەنێتەوەو دەیداتە دەست دەستەیەک. رەخنەی مەڕمیللەتیی ئەو مەیلە لە ناو خەڵکدا دروست دەکات کە بۆ رەش یان سپی هەر ئەبێت پەنا ببرێتەوە بەردەمی هەمان سەرچاوە. لە راستییدا هەتا چارەسەر بۆ خراپکەر بەجێ بهێڵرێت مانای وایە ویستێکی سیاسیی بۆ گۆڕان بوونی نییە. چارەسەر لە دەرەوەی خراپکارانە. ئەوانەی چارەسەر دەبەنەوە ساحەی ئەوان، سەر ئەخنەوە ژێر پێ. ئیتر بە هەر هۆیەکەوە بێت، بە مەبەست و فێڵ یان بە هۆی بێ توانابییەوە، لە ئەنجامدا یەک دەگرنەوە.

جەبەروتەکان دەتوانن تۆ بشێوێنن بەڵام هەرگیز ناتوانن تۆ بگۆڕن، ئەمەیان هەر خۆت دەستت دەیگاتێ. دەستەڵاتێک لەبەر ئەوە زەبرو ناچاریی بە کار دەهێنێت بۆ ئەوەی مرۆڤەکە بشێوێنێت بۆ ئەرکێکی ناجۆر. ئەندام خۆی ناگۆڕێت بۆ ئەوەی بگونجێت بۆ ناپاکیی. ئەندام دەستەڵاتەکەی دەیشێوێنێت بۆ ملکەچیی. هێزێکی دەرەکیی دەتوانێت مرۆڤ بشێوێنێت، بەڵام ناتوانێت بیگۆڕێت.

گۆڕان هەر بە مرۆڤەکە خۆی دەکرێت. ئایا چۆن بە گۆڕینی خۆمان دنیا دەگۆڕین؟

## بوونی بیابان بە دەریا

بیابان بریتییە لە دەنکە لم. بیهێنەرە بەرچاوی خۆت هەر دەنکە لە ئاستی خۆی دەبێت بە تنۆکێک ئاو. ئەوسا بیابان دەبێت بە دەریا. دەنک نەبێت بە تنۆک، بیابان نابێت بە دەریا. کە دەنک بوو بە تنۆک مەحاڵە بیابان نەبێت بە دەریا. "گاندی" بە زەبری چەک و هێزی لەشکر ئینگلیزی لە هندستان دەر نەکرد. گاندی بە "هێزی رۆح" هندستانی رزگار کرد. هەر کەسە لای خۆیەوە بڕیاری دا کە داگیرکەری قبوڵ نییە. کۆبوونەوەی ئەم کەسانە وەکو کۆبوونەوەی تنۆکە ئاو گەلێکی قبوڵنەکەری پێک هێنا.

رۆژێک لای مزگەوتی گەورەوە لە سلێمانی کوێرێک بە سەر شۆستەکەدا دەڕۆشت. لە پڕ کەوتە بە سەر عەرەبانەیەکی حەماڵییدا. کوێرەکە عەرەبانەکەی دایە بەر شەق و هاواری کرد: "سەگبابینە ئەمە رێگای خەڵکە!" من بۆم دەرکەوت کە ئەو پیاوە چاوی کوێربوو بەڵام ئێمە رۆحمان کوێرە. گەشتمە ئەو بڕوایەی کە ئێمەی چاوساخی رۆح کوێر، رۆحی ساخی ئەو کوێرەمان پێویستە. ئەگەر هەر یەکە لای خۆیەوە رۆحی ئەو کوێرە قەرز بکات ئەبێت رۆژانە لە هەموو شتێکی خوار هاوار بکات. بەڵام ئێمە کە هەڵەیەک یان لادانێک دەبینین هەڵوێستیان لێ ناگرین. وردە وردە لەگەڵیان را دێین. تا کار دەگاتە ئەوەی کە ئیتر ئەوان ئێمە دەکەن بە بەشێک لە خۆیان و خوارمان دەکەن. پێوەرەکان هەڵ دەگەڕێنەوەو دەبن بە کولتور. بۆیە گرنگە هاوڵاتیی بە ئاگابن

هەولێرنامەی کتێب

لەوەی کە ئایا رەخنەکان رایان دەهێنن بە دنیای پیسخۆریی یان رێگایان پیشان دەدەن بۆ چارەسەر؟ لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە گرنگە هاوڵاتیی دوو جۆر بەرهەڵستکاریی بەرامبەر بە دەستەڵاتی خراپکار جیا بکاتەوە:

١. رەخنەو بەرهەڵستکاریی ئاسایی کۆمەڵگا بەرامبەر بە دامودەزگاکانی دەستەڵات و کردەوەکانیان. ئەمەیان پێویست بە قسەکردن دەربارەی ناکات.

٢. رەخنەو بەرهەڵستکاریی چاوبەست. ئەمەیان سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیستێمی دەستەڵاتدارییەکە خۆی. کاتێک جەماوەر بەرامبەر بە قەباعەت، لادان و پیسخۆریی دەستەڵات دەکەوێتە جوڵە. سیستێمی دەستەڵاتدارییەکە لە رێگای رێکخراو، روناکبیری گەورەکراوەوە بە رەخنەو بەرهەڵستکارییەوە دەچنە ناو بابەتەکەوە بۆ ئەوەی دەستی بە سەردا بگرن، بەرهەڵستکاریی و رەخنە لە دەستی کەسانی دەرەوەی سیستێمەکە دەر بهێنن. خۆیان کە قاچێکی ئەختەبوتەکەن بە ئەو پەڕی رەخنەی توند زامنی راوەستاویی دەستەڵات بکەن. لەگەڵ بزووتنەوەی جەماوەردا هەتا سنوری هێڵی سور دەڕۆن. لەوێدا ئیتر ناتوانن لەگەڵ جەماوەردا درێژ ببنەوە، خۆیان دەر دەخەن، بە جەماوەردا دەتەقنەوەو گۆڕانکاریی قبوڵ ناکەن. لە ناو پەڕلەمانی کارتۆنییشدا دەوری قاچی دووەم دەبینن کە سیستێمی دەستەڵاتداریی لە سەر هەردوکیان راوەستاوە.

ئەوەی گرانە تێی بگەیت ئاسان دەتوانیت لەگەڵی را بێیت. بناغەی ئەم راهاتنەش کۆڵدانە. جەماوەر کۆڵی داوە لەوەی کە قبوڵی

نەکات زۆردار حوکمی بکات. ئەو پەیامەش کە زۆردار بۆ خەڵکی دەر دەکات وەکو بانگی کەڵەشێر وایە، وشەکانی هیچ ناڵێن، بەڵام هەر چۆنێک بنوسرێت هەر دەخوات. مرۆڤی بەند بۆ ئەوە گوێ ناگرێت بزانێت قسەکان راستن یان هەڵە، باشن یان خراپ. ئەو مافی هەڵسەنگاندنی نییە. بەندە ئەرکی گوێڕایەڵیی بۆ بەندەدار لە سەرە. پەیامی زۆردار لە ناو وشەو تێکستەکانیدا نییە. لە ئەوەدایە کە رای دەگەیەنێت ئەو خاوەنی بڕیارەو بەندەش بەندە بە بڕیاری ئەوەوە. بە چ ئاراستەیەکدا بیەوێت، بەندەکانی دەبات. بۆیە زۆردار لە قسەدا دیموکرات، ئازادیخوازو شۆڕشگێڕە. بەندەش لە زمانەکەی نێوانیان تێ دەگات. چاوەڕێی ماف و یەکسانیی لە "دیموکراتییەکەی" بەندەدارەکەی ناکات. دەزانێت بەندەدار رازی نابێت پێی نەوترێت دیموکرات و شۆڕشگێڕ. لەو ئازادییەی بەندەدار باسی دەکات بەندە هیچ بە خۆی نادات، زیاتر ملی خۆی پێ کەچ دەکات. پەیامی بەندەدارێک بۆ هاوڵاتیان هەر ئەوە نییە کە رای دەگەیەنێت بەندەدارێک حوکمیان دەکات. بەڵکو ئەوەشە کە مرۆڤەکانیش دەری دەخەن کە بەندەدارییان قبوڵە. کەسەکان هەتا بەندەدارییان قبوڵ بێت زۆرداریی هیچ هۆیەکی نابێت بگۆڕدرێت. چونکە زۆرداریی بەندەدار لە ناو قبوڵکردنی بەندەدارییدا چەسپیووە. بۆیە گۆڕینی بەندەداریی لە گۆڕانی مرۆڤەکانەوە دەست پێ دەکات کە قبوڵی بەندەداریی نەکەن. پیشانی بدەن، نا ئەوان ئەو کەسانە نین کە ئاوا بە سوک تەماشا بکرێن. خاڵی قبوڵکردنی بەندەداریی خاڵی تەسلیمبوونە، ئەو کاتەی کە مرۆڤ ئیتر کۆڵ دەدات.

کێشەکە لای "بزوتنەوەی کۆنتراکت" هەرگیز ئەوە نییە دەستەڵات چی بکات. ئەوان لەوە دەکەن کە کردویانە. ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە تۆ خۆت چی دەکەیت. ئازاد و شۆڕشگێڕ یان بێ ماف و زەلیل، کامیان هەڵ دەبژێریت؟ بوونی خۆت لە کامیاندا دەدۆزیتەوە؟ ئەتوانیت پەتلەمل بە هەلومەرجی یەکێکی تر بژیت یان ئەو مافە سروشتییە دەدەیتەوە بە خۆت کە سەربەست، ئازادو مرۆڤ بیت؟

ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە بۆ رۆژێک گیانی ئەو کوێرە گیانساخە بخاتە خۆیەوە، بەیانی هەر کەسێک لە ئێمە کە لە ماڵەکەی دێتە دەرەوە لە دەنکە خۆڵێکەوە بووە بە دڵۆپە ئاو و لافاوێک هەڵ دەستێت.

ئایا شۆڕش بە چی دەکرێت؟

١٦/٠٩/٢٠١٤

هەواڵنامەی کتێب

**ئەوەی مرۆڤ ملی لە پێناودا کەچ دەکات لە کیسی نەچێت، لەوێدا لە کیسی دەچێت کە ملی خۆی لە پێناودا کەچ دەکات.**

# شۆڕش بە مورالْ دەکرێت

## بەندیخانەیەک ناڕوخێت دیوارەکانی نەبینێت.

ئەقلْ بەکارهێنانی مێشکە لە ڕێگای مورالْەوە. مورالْ چۆن بێت ئەقڵیش بەو جۆرەیە. مورالێکی ئیسلامیی ئەقڵێکی ئیسلامییانە دروست دەکات و مورالێکی زانستیی ئەقڵیکی کراوە. مورالْی ئیسلامیی بۆ نمونە وایە کە مرۆڤ ئەلکحول ناخواتەوە، گۆشتی بەراز ناخوات، لە روانگەی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەرەوە ژیان دەفۆرمێنێت، نوێژ دەکات و رۆژو دەگرێت. مرۆڤێک کە مێشکی لە ڕێگای ئەم مورالْەوە بە کار دەهێنێت ئەقڵی وایە کە رەچاوی ئەو خاڵانە دەکات چونکە لە پرەنسیپەکانی ئاینەکەن. مرۆڤێک کە دەبێت بە کۆمۆنیست لە ڕێگای باوەڕی کۆمۆنیستییەوە بڕیاری مورالْ یان جۆری ئەقڵی خۆی دەدات. باوەڕی وایە کە دەبێت چینی کرێکار حوکم بکات. مێژووی کۆمەڵگا مێژووی ناکۆکیی و دژایەتیی چینایەتییە تا لە قۆناغی کۆمۆنیزمدا چین نامێنێت. کۆمۆنیستەکان باوەڕیان وا بوو کە مافی نەتەوەیی کورد رەوا بوو بە مەرجێک لە بەرژەوەندیی جوڵانەوەی کۆمۆنیستیی جیهانیی بووایە. جگە لە کرێکار هەموو توێژ و چینەکانی تری کۆمەڵگا بە چاوی رادەیەک لە رق و دوژمنایەتییەوە سەیر دەکرێت و مۆریان لێ دەدرێن.

## مورالْ و گەشەی ئەقلْ

مادام ئەقل بەندە بە مورالْەوە، کەواتە، گەشەکردنی ئەقلْ لە سەر پێشکەوتنی بونیادی مورالْ وەستاوە. هەتا بونیادی مورالْ

فراوانترو پڕتر بێت لەگەڵ خۆیدا ئەقڵ پێشتر دەخات. مورالێکی سادە ئەقڵێکی ساکار دروست دەکات. ئەمە هەر وەکو پێشکەوتنی بۆ نمونە تەلەفیزیۆن وایە کە لەگەڵ پێشکەوتنی بونیادی تەکنیکییدا هەتا هاتووە وێنەو دەنگی چاکتر بووە. بە پێچەوانەشەوە، مورالی نەگۆڕو داخراو بە سەر زانست و زانیارییدا، ئەقڵێکی بەندو نەکراوە دروست دەکات. تەماشای ئەم نمونەیە بکەن:

پیاوێک بە چەقۆیەکی کولەوە پەلاماری پادشایەک دەدات. ئەم پیاوە حوکمی کوشتنی بە سەردا ئەدەن. بەڵام مردن سزایەکی بەس نییە. دوای ئەوەی ئازار ئەدرێت بە شیشی سورەوەکراو، قوڕقوشمی تواوە، رۆنی داخ و هتد، ئنجا دەیبەستن بە چوار ئەسپەوە لەت لەتی بکەن. هەرچەندە جەلادەکان بە قامچی لە ئەسپەکان ئەدەن و دوو ئەسپی تریشیان بۆ زیاد دەکرێن، بەڵام ئەسپەکان رانەهاتبوون لەسەر ئەم راکێشانە پیاوەکە لەت و پەت بکەن. شایەتێک لەوێ دەگێڕێتەوە کە چەند ئافرەتێکیماڵی پادشا دەدەنە پڕمەی گریان. بەڵام بۆ پیاوەکە نا، بەڵکو بۆ ئەسپەکان. جەلادەکان لە کۆتاییدا ناچار دەبن کڕکڕاگەکانی پیاوەکە بە چەقۆ هەڵ بدڕن و جومگەکانی بشکێنن بۆ ئەوەی ئەسپەکان بتوانن دەست و قاچەکانی بپچڕێنن. ئەم ئاهەنگە چوار سەعات دەخایێنێت تا پیاوەکە دەمرێت.

ئایا ئەم روداوە لە کوێ رووی داوە؟ لە کام وڵات؟ کام قاڕە؟ پیاوەکە ناوی ریچارد دامینس بووە. شایەتەکە ڤۆڵتێری فەیلەسوف و وڵاتەکەش فەرەنسا. بەڵام روداوەکە ٢٦٣ ساڵ لەمەوبەر رۆژی ١٧٥٧/٠٣/٠٢ رووی داوە (٥). ئەم موراڵ و کولتوری

فەرەنسییەی ئێستا کە زۆر دورە لەو نمونەیەوە، لە ئەوێوە هاتووە.
دڕندەیی و سزادان لە چەرخی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا سەرچاوەی لە باوەڕی ئاییەنەوە دەگرت. لە تەوراتدا هاتووە کە ئەوەی خوێنی مرۆڤ دەڕێژێت خوێنی دەڕێژرێتەوە. لە ئاینیی جولەکەدا تۆڵەکردنەوە هەیە کە ژیان بە ژیان، دان بە دان و چاو بە چاو.
دڕندەیی لە چەرخی ناوەڕاستدا پەیوەندیی بە دوو بناغەوە هەبووە. یەکەم، سزای تاوانەکەو دووەم، ترساندنی خەڵک بۆ بەرگرتن لە دوبارە بوونەوەی تاوان. بۆیە لەبەر خاڵی دووەم لە پێش چاوی جەماوەر سزاکە جێبەجێ کراوەو بە ئەشکەنجەی درێژخایەندا رۆشتووە. لە سویدیش لە زەمەنی شاژن کریستینادا سەرکردەی راپەڕینی "مۆرۆن شارنە" یان ئاوا کوشت. تاجە ئاسنێکی داخیان دا کوتا بەسەریداو قۆڵ، قاچ و بڕبڕەی پشتیان شکاند (٦). ئەو تاوانانەی ئێستا لە وڵاتە دواکەوتووەکان دەکرێن وەکو قۆڵبرین لەسەر دزیی لە سعودییە، بەردەبارانی ژنان، هەڵواسینی مرۆڤ لە مەیدانەکان لە ئێران لە بابەتی ئەو پرەنسیپە موراڵێیانەی چەرخی ناوەڕاستی ئەوروپان.
ئەمڕۆ ئەقڵی تورکیی کە دان بە کوردو کوردستاندا نانێت، رێگا نادات کورد لە خاکی خۆیدا بە زمانی خۆی قسە بکات، گیرخۆری ئەتیک و موراڵێکی سەرەتاییە کە هەنگاوێکی ئەوتۆی نەناوە لە غەریزەی ئاژەڵیی رەت ببێت.

ئەوەی پێشکەوتووە لە ئەوروپا مێشکەکە نییە، موراڵەکەیە. ئەو پرەنسیپ، نۆرم و شێوازانەی کە ئێستا لە ئەوروپا بە کار دێن بۆ تێگەشتن لە دنیا زۆر جیاوازن لەو باوەڕ و پێوەرە ئاینییە نەگۆڕانەی کە لە سەردەمی ناوەڕاستدا بە کار دەهاتن بۆ تێگەشتن

له دنیاو سزای مرۆڤ. ئەم ئەقڵەی ئێستا سیمای ئەتیک و مورالێکی پێشکەوتووە. کەواتە گۆڕانکاریی بە گۆڕین و گەشەپێدانی ئەتیک و مورالْ دەکرێت، بە چەک ناکرێت، بەو هوشیارییە دەکرێت کە چەکەکەی پێ هەڵ دەگیرێت. ئێمە لە جەوهەردا چی بین لە کردەوەشدا ئەوە دەر دەخەین. کاتێک بە دەم باسی سەربەخۆیی دەکەین، هەر ئەوەندە دەتوانین سەربەخۆ بین کە ئەوەندە جەوهەری سەربەخۆییمان تیادا بێت. بە رستەیەکی دی، مرۆڤی سەربەخۆیی بین نەک مرۆڤی ژێردەستیی. ئایا ئێمە چین و کێین؟

هەواڵنامەی کتێب

**فەرقی بەینی قادریی و نەقشیی هێندەیە**
**سۆفی لە ورگی ئەدات منیش زەرگی پیا دەکەم.**

*مەلیک مەحمود*

# چیبوون، چۆنبوون و کێبوون

## چیت، ئاوایت، کێیت

### ئەو کەسەیت چونکە ئاوایت لەبەر ئەوەی ئەوەیت.

تۆ چیت؟ چیبوونت بڕیاری ئەوە دەدات چۆنیت. چۆنبوونیشیت دەست نیشانی ئەوە دەکات تۆ کێیت؟ بەردێک بهێنەرە بەر چاوت، بەردبوونی وا دەکات کە لە ئاودا نوقوم ببێت. تەختەیەک داربوونی وا دەکات سەر ئاو بکەوێت. کۆترێک مەلبوونی وا دەکات بفڕێت. ئیسێنس کە وشەیەکی لاتینییە بریتییە لەو خەسڵەتانەی کە لە شتێکدا وا دەکەن ئەو شتە ئەوە بێت کە هەیە، بۆ نمونە بەرد بەرد بێت. کەواتە ئێمە چین، چۆنین و کێین؟ چییە کوردبوونمان؟ بە چ رێگایەک دەتوانین کورد بین؟ کامانەن ئیسێنسەکانی کوردبوونمان کە سەرچاوە لە چیبوونمانەوە دەگرن؟

تۆ ئەو کاتە دەزانیت چیت کە بزانیت چۆنیت. چۆنبوونیشت ناسنامەت دەداتێت کە تۆ چ کەسێک یان چ گەلێکیت. بۆ نمونە لە کوبانی کوردان پیشانیان دا کە ئەوان ئاوان کە ئافرەتان و پیاوانیان شانبەشانی یەک بەرگرییەکی سەخت دەکەن لە خاک بەرامبەر بە داعش. ئەم چۆنبوونە دەری خست کە کورد لە کوبانی چییەو کێیە. کوردبوون بوو بە جێگای شانازیی بۆ هەموو کوردان. ئێمە ئەو کەسانەین کە لە رۆژئاوا شەڕی هەموو جیهانمان کەوتۆتە سەر شان. ئێمە جەوهەرێکی ترمان هەیە کە جیاوازە لە مورالّی مرۆڤ سەربڕین و وەحشتگەریی. بە پێچەوانەی رۆژئاواوەش پارتە

خۆبەستەکانی باشور چیبوونێکیان دروست کردووە کە بە بچوکترین هەڕەشەی دەرەوە گەلێک بەو جۆرەیە کە هەڵ دێت بۆ سەر سنور و نابەسترێت بە خاکەکەیەوە. گەلێک کە وەرەی بەرداوەو ئاوایە کە خۆی دەکات بە گرفت، بابەتی رەحم و مرۆڤایەتیی بۆ وڵاتان و گەلانی جیهان وەکو لە ساڵی (١٩٩١)دا بینیمان کە رۆژی هەزار منداڵ لە سەر سنور دەمردن. ئەم چۆنبوونە روخسارێکی دروست کرد بۆ گەلی باشور کە کێشەکەیان بوو بە کێشەی سواڵ و چادر. ئەمە لە کاتێکدا کە بە درێژایی مێژووییەک پارتەکانی لافی خەباتیان لێ دابوو. کەچی بۆ ئەوەی کورد پشتگیریی جیهانیی لە دەست بدات و بکەوێتەوە دەست دەستەڵاتی عێراق، لە رووی سیاسییەوە هێندە بێ خەسڵەت بوون بە ئیشارەتێکی ئەمەریکا رایان کردەوە بۆ لای سەددام حوسەین و بە رومەتیا نوسان. هێشتا گۆڕەکانی ئەنفال وشک نەبوو بوونەوە کە ساڵی ١٩٩٦ سوپای عێراقیشیان هێنایەوە سەر یەکتریی. بۆیە پرسی کورد لە باشوردا کارەکتەرێکی سیاسیی نەبووە. هۆی ئەم بێ خەسڵەتییەش جەوهەر یان چیبوونی گەلەکەیە کە پارتی خۆبەستی بە وڵاتانەوە لێ دروست بوون کە رێگان بۆ پاشکۆیی نەک بۆ سەربەخۆبوون وەکو دەبینرێن. گەلێک ئەمە جەوهەرەکەی بێت هەلیشی بۆ هەڵ بکەوێت هەر دەکەوێتەوە، ئیسێنسی ئەوەی نییە پێی بە پێوە بێت.

ئەمە لە کاتێکدا لە جەنگی جیهانیی دووەمدا ، کاتێک ئەڵمانیا چووە خاکی روسیاوە، نیشتیمان بانگ دەکات چیت کردووە بۆ مەیدانی جەنگ؟ لێشاوی خۆنوسین بۆ بەرگریی دەستی پێ کرد. گەلەکەی زوڵمی ستالینی خستە لاوە. کیژێک بە ناوی ئۆسکانە براکانی،

دایکی، باوکی و نیوەی خەڵکی گوندەکەی لە ئۆکرانیا لە زۆرداریی ستالیندا لە برسا مردبوون. خۆی بەوە رزگاری بوو بوو کە شەوانە تەرسی وڵاخی لە تەویلەی کۆڵخۆسەکان دزی بوو خواردبووی. هاوسەنگەرەکەی لە بەرەی جەنگدا ستایشی ستالین دەکات. ئۆسکانە پێی دەڵێت: "تۆ گەوجیت من باوکم مامۆستای مێژوو بوو، ستالین رۆژێک دێت بخرێتە ژێر پرسیارەوە لە سەر تاوانەکانی." کیژە هاوسەنگەرەکەی ئۆسکانە دەیەوێت خەبەر لە ئۆسکانە بدات کە لەوانەیە جاسوس بێت. بەڵام دەگێڕێتەوە کە فریا نەکەوت، ئۆسکانە دوای دوو رۆژ لە جەنگدا کوژراو هیچ کەسێکی نەمابوو هەواڵی کوژرانەکەی پێ را بگەیەنرێت (٢٦/٧). بەو ئاوایە هاوڵاتیان بەرگرییان دەکرد کە دایکێکی پارتیزان منداڵەکەی شۆڕ دەکاتەوە بۆ ناو ئاوەکە بخنکێت، بۆ ئەوەی ئەڵمانییەکان کە دەوری دەستە سی کەسییەکەی ئەمانیان گرتبوون نەیان دۆزنەوە. چونکە منداڵەکە لە برسا هەر گریاوەو دایکە پێشمەرگەکەش برسی شیری نەبووە تێری بکات. ژنێکی دی دەگێڕێتەوە کە مەیتی کوژراو وەکو هێڵی شەمەندەفەر ریز کرا بوو، دوو مانگی ویست هەتا هەموویان ناشتن (٢٨،٣٥/٧). ناتالیا ئیڤانۆڤنا دەگێڕێتەوە باوکی رۆژێک لە ئیش دێتەوە ماڵەوەو دەست دەکات بە گریان. دەڵێت جاران دڵم خۆش بوو کە چوار منداڵە گەورەکانم کچن و پێشتر شو دەکەن و دەڕۆنە ماڵی خۆیان. ئێستا چوار کوڕەکەمان بچوکن و خۆشم پیرم وەرم ناگرن بۆ جەنگ. کۆرس دەکرێتەوە بۆ سیستەریی. باوکیان ناتالیا کە پانزە ساڵ دەبێت لەگەڵ خوشکە چواردە ساڵەکەیدا دەبات بۆ کۆرسەکە. بە سوپا دەڵێت ئەمە هەموو شتێکمە کە بیبەخشم بۆ سەرکەوتن.

ناتالیا دەڵێت ئەوان ئەوسا ئاوا بیریان دەکردەوە. دوای ساڵێک خۆی و خوشکەکەی دەچنە بەرەی جەنگەوە (٦٩/٧). گالینا زاپۆلسکایا دەگێڕێتەوە کە ریزیان کردون و پێیان وتون جەنگێکی سەخت دەستی پێ کردووە. زۆر قورس دەکەوێت لە سەریان. ئەوەی دەیەوێت بڕواتەوە ماڵی خۆی هەڵە لە شوێنی خۆی بووەستێت، ئەوەی دەمێنێتەوە با هەنگاوێک بچێتە پێشەوە. گالینا دەڵێت بیست کچی موڵکیی بوون، هەر بیستیان هەنگاویان نا بۆ پێشەوەو مانەوە (٧٤/٧).

ئەلبینا گانتیموروڤا دەڵێت: "کاتێک جەنگ کۆتایی هات سێ ئاواتەخوازییم هەبوو. یەکەم، ئیتر بە سکەخشکێ نەڕۆم، سواری پاس ببم لە جیاتی ئەوە. دووەم، سەمونێکی درێژی سپی بکڕم و هەمووی بخۆم. سێیەم، لە جێگایەکی سپیدا، سەردۆشەکەکەی قرچەی بێت، تێر تێر بخەوم (٩٠/٧).

نازیژدا ئەنیسیمۆڤا دەڵێت: لە نۆزدە ساڵییدا مەدالیای ئازایەتییم وەر گرت. لە نۆزدە ساڵییدا سەرم سپی بوو. لە نۆزدە ساڵییدا گوللەیەک هەردو سییەکانی کون کردم و گوللەیەک بەر دوو بڕبڕەم کەوت و قاچەکانم لە کار کەوتن. وایان زانی کوژراوم. کە لە بەرەی جەنگ گەڕامەوە خوشکم گۆڕێکی پیشان دام ناشتبوویانم (٨٦/٧).

جیلینا کودینا دەڵێت ئەوان وایان دانابوو کە جەنگ بکەوێتە خاکی بێگانەوە. چونکە: "ئێمە وا فێر کرابووین کە یەک پەنجە لە خاکی خۆمان بەجێ نەهێڵێن بۆ دوژمن (٧٩/٧)."

گەلێک ئەمە جەوهەرەکەی بێت، بشکەوێت هەڵ دەستێتەوە، چونکە ئیسێنسی هەیە پێی راوەستاوبێت.

کورد لە باشوردا چییەو چۆنە؟ کامەیە سیاسییەکانی؟ لە سەر کام بنەمایانە وڵاتەکەیان دەبەن بە ڕێووە؟ کێ و چی تیادا هەڵ دەکەوێت؟ کامەیە وڵاتپارێزییەکەی؟ چۆن ژینگەکەی دەپارێزێت؟ زمانەکەی چۆن پێش دەخات؟ بە کام شێوەیە قوتابخانەو خەستەخانەکانی گەشە پێ دەدات؟ چۆن ئاستی ژیانی هاوڵاتیانی بەرز دەکاتەوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە چۆنبوونی کوردانی باشور پیشان دەدات کە جەوهەریان چییەو کێن؟

مێژووی شکستی کورد چیبوونێک یاخود جەوهەرێکی دروست کردووە کە ئەندامانی گەلەکە چۆنبوونێکیان هەبێت شەرم لە ئیسێنسەکانی یاخود خەسڵەتەکانی چیبوونەکەی بکەن و لێی هەڵ بێن. شکست هەر لە چەکدااندا ناوەستێت. گەل و ئەندامەکانی ئەو ئیسێنسانەش لە دەست دەدەن کە پێیان ئەوە بن کە سروشتیی هەبن. ئیسێنسەکانی باشوری کوردستان ئێستا لە خوار رادەی سروشتییەوەن. هەر لە مێرولەوە بیگرە هەتا گەلە گورگ لە کۆبونەوەی خۆیان هێزێکی گەورەتر پێک دەهێنن بۆ بەرژەوەندییان و پاراستنی زێدیان. کەچی چۆنبوونی گەلی باشور سەرگردەی لە خۆی دروست کردووە بۆ فرۆشتنی زێدەکەی و نەهامەتیی خۆی. هەڵهاتن لە رزگاریی و نکۆڵیکردن لە خۆ رێگای پارتەکانی دروست کردووە بۆ پاشکۆیی. مەیلی لە مرۆڤەکاندا دروست کردووە بۆ ئەوەی خۆیان بە پلە دوو دابنێن و کلکایەتیی گەلێکی دی بکەن. بەو جێگەیە رازی بن کە

داگیرکەرەکەیان بۆی داناون. بەو چاوە لە خۆیان تێ بگەن کە داگیرکەرەکانیان ئەمانی پێ دەبینن. ئایا بە چ ئامرازێک بەر لەم شکستە دەگیرێت؟ ئایا گەل و تاکەکانی چۆن ئیسێنسەکانی خۆیان راست بکەنەوەو گەشەیان پێ بدەن؟

لەو کاتەوە مرۆڤ چووە قۆناغی کۆمەڵگاوە ئیتر دەبوو ژیریی حوکم بدات بە سەریدا. نەدەبوو ئارەزوی لە هەر شتێک بوو بیکات. مرۆڤ بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا هەڵ بکات دەبوو کەسێکی کۆمەڵایەتیی بێت. دەستدرێژیی نەکاتە سەر کەس. راست و چەپی خۆی بزانێت و چاکەو خراپە لە یەکتریی جودا بکاتەوە. بەمە دەوترێت ئەتیک و موراڵ. بەم پێیە دووپێ لە ئاژەڵییەوە قاچی خستە خانەی مرۆڤبوونەوە. **دەتوانین بڵێین، مێژووی گەلان لە جەوهەردا رێگای جیاوازن بۆ مرۆڤبوون یان لادان لێی.** شانبەشانی گۆڕانی کۆمەڵگا ئەتیک و موراڵیش لە چونە پێشەوەدا بوون. هەر لە زانستیی چاکەو خراپەوە هەتا چۆنیەتیی رێکخستنی کۆمەڵگا ئەتیک و موراڵ دەگرێتەوە. کۆمەڵگا بە پێی کام پرەنسیپانە رێک بخرێت. کێ حوکم بکات؟ رەوایی حوکمکردن لە کوێدا کۆتایی دێت؟ دەستەڵات بۆچی هەبێت؟ ماف و ئەرکەکانی هاوڵاتیی کامانەن؟

هەڵوێست و چۆنیەتیی تێگەشتنی مرۆڤ و کۆمەڵگا لەو بابەتانە چۆنبوونی هەر یەکێک لە کەس و کۆمەڵ دەر دەخات. ئەم فەرەنسایەی ئەمڕۆ لە سەردەمی **ڤۆلتێردا** دەستەڵات مرۆڤی بەستووە بە ئەسپەوە لەتی بکات، کوشتاری ئاینیی تیادا کراوە. لە ئێستای فەرەنساشدا ۲۰۲۰ وڵات هەیە ژن بەردەباران دەکات هەتا

هەواڵنامەی کتێب

مردن. تورکیا شمشێری ساڵی (١٩١٥)ی هەڵ کێشاوەو بۆ کوشتاری کورد دەچێتە سوریاوە. ئیسلامییە توندڕەوەکان مرۆڤ سەر دەبڕن. ئەم جیاوازییانە جیاوازیی چۆنبوونیانن بە پێی نەخشەی ئەتیک و موراڵ. لە هەر سەردەمێکدا لغاوی موراڵ پچڕا وەحشەتگەریی مرۆڤ بەرەڵا دەبێت. کۆمەڵگا دەکەوێتەوە باری سەرەتایی بێ سنورەوە وەکو لە دوای روخانی رژێمی سەددامەوە لە عێراق رووی دا. ئایا بە چ شتێک گەلێک و کەسەکانی چیبوونی خۆیان بگۆڕن؟

ئەم بونیادی ئەتیک و موراڵەی ئەمڕۆ گەلی فەرنسا هەینی ٢٦٣ ساڵی بە سەردا تێ پەڕیووە لە سەردەمی ڤۆڵتێرەوە. ئایا پێویست دەکات ئێمەش سەدان ساڵ رابووەستین بۆ ئەوەی بگەینە ئاستی گەلە پێشکەوتووەکان؟

لە راستییدا ئەوان نەوەستاون پێشکەوتن و مرۆڤبوونیان لە ئاسمانەوە بۆ بێتە خوارەوە. خەباتێکی سەختی سیاسیی، زانستیی و کولتورییان کردووە هەتا گەشتونەتە ئەمڕۆ. پێشکەوتنی ئەوان ئەم هەموو تەکنیک، زانست و داهێنانەیان بۆ دنیا هەڵ داوەتەوە. بۆ ئێمە راوەستاوە لە سەر ئەوەی خۆمان بۆ ئەم هەموو دەستکەوتە بگۆڕین. لە ئێستادا بە تەنیشت ئەوانەوە بە ئەقڵی دوو سەد ساڵ لەمەوبەری ئەوان نەژین. ئەو لەمپەر، نەریت و باوەڕانە لە مێشکی خۆماندا نەهێڵین کە دنیامان پێ لە قاڵب دەدەن و بەرچاومان دەگرن وەکو خۆی نەیبینن، لە تاریکییدا بژین و چاومان بە روناکیی زانست بکزێتەوە. پێویستە ئامادە بین لە رێگای هەڵبژاردنی نۆرم، پرەنسیپ و ئایدیای زانستییەوە

چیبوونی خۆمان بگۆڕین. کوردبوون لە پێستێکدا نەوەستێت. بەردەوام کاژی کۆن فڕێ بدات. ئەوە ترسە کە دەستت دەچێتە یەکێکی دی کە لە سەر ئاینی تۆ نییە. ئازایەتیی ئەوەیە دەستت بچێتە خۆت، خۆت بگۆڕیت. تۆ خۆت خواریت کە یەکێکی دی راست نابینیت. ئێستا وەڵامی ئەوەمان دایەوە کە ئەم شۆڕشە بە چی دەکرێت. ئنجا دێینە سەر ئەو شوێنەی بپرسین: ئایا شۆڕشەکە چۆن دەکرێت؟

**مێژووی گەلان لە جەوهەردا رێگای جیاوازن بۆ مرۆڤبوون یان لادان لێی.**

هەواڵنامەی کتێب

# پڕۆژە و ڕێکخستن

## هیچ کەسێک بە لادان لە نەریتێکی کوردیی کوردبوون نادۆڕێنێت.

ئازایەتیی کوردانی کۆبانی و خۆنەگرتنی کوردانی باشور لەوەوە نەهاتوون کە ئەوان بە خوێن بە جەرگن و باشورییەکانیش بە خوێن ترسنۆک. جیاوازییەکە لێرەدا جیاوازیی خۆڕێکخستنە. لە سەر ئەوە راوەستاوە چیت و چۆن خۆت ڕێک دەخەیت، وەکو شێر یان وەکو مشک؟ ئیسێنسەکانی شێر دەتکەن بە شێر ئەوانەی مشکیش دەتکەن بە مشک؟ رۆژئاواییەکان خۆیان بۆ بەرگریی ڕێک خستبوو بەرگرییان کرد. باشورییەکانیش خۆیان بۆ هەڵهاتن ڕێک خستبوو هەڵ دەوەشان و رایان دەکرد. لێرەدا دەگەینە سەر ئەو ئەنجامەی کە بڵێین:

یەکەم، مرۆڤ لە ڕێگای هەڵبژاردنی پرەنسیپ، ئایدیا، تێگەشتن و ئەتیکەوە دەتوانێت جەوهەر یاخود چیبوونی خۆی بگۆڕێت. ئیتر ملکەچ نەبێت، شوانی نەبێت هەر کەسێک هات لێی بخوڕێت، بە ئەتیک و مورالّی نەگۆڕو کۆن بیر نەکاتەوەو بجوڵێت، بتوانێت مەڕ نەبێت. بە مورالێک هەڵسوکەوت بکات و هەڵوێست بگرێت کە سەردەمیی بێت، سەربەست بێت، چارەنوس و ئەقڵی لە دەستی خۆیدا بێت، توانای هەڵبژاردنی ئەو شتانەی هەبێت کە خۆی پێی راستن و باشن، بتوانێت بە خۆی بڵێت مرۆڤ.

دووەم، مرۆڤ دەتوانێت دابڕاو چی دەبێت با ببێت. بەڵام

هەواڵنامەی کتێب

چۆنبوونی لەگەڵ هاوڵاتیانیدا دێتە دی. تنۆکە ئاوەکان کۆ دەبنەوە روبار پێک دێنن. هاوڵاتیان چۆن دەستەڵات لە خۆیان دروست دەکەن؟ چۆن خاکەکەیان دەپارێزن؟ چۆن ژیانی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی رێک دەخەن؟ ژینگە چۆن دەپارێزن؟ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڕانی هاوڵاتیان ئۆتۆماتیکیی گۆڕانی کۆمەڵایەتییش دروست دەکات. چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیش نمونەی بەرنامەو پرۆژە پێکیان دەهێنن. ئەم پرۆژەو بەرنامانەش دەزگا، رێکخراو، سیستێم، سەرکردە، لێزان، زانیاریی و زانستیان دەوێن. وزەو توانای مرۆڤ لە ناو پرۆژەو چالاکییدا بەر دەگرێت و کاریگەرە. کەس لەماڵەوە نابێت بە ئەندازیارێکی باش. مرۆڤی گەورە ئامانج و ئیشەکانی گەورەن. ئەوانن کە مرۆڤەکە گەورە دەکەن نەک بە پێچەوانەوە. چۆن مرۆڤ لە ناو شەمەندەفەرێکدا بە خێرایی شەمەندەفەرەکە رێگا دەبڕێت، ئاواش مرۆڤ بە بەشداریی لە پرۆژەی گرنگدا گرنگیی و پێگەی پرۆژەکە وەر دەگرێت. دەبێت بە بەشێک لێی. ئەقڵ لە سەردا وەکو پارە وایە لە قوتودا. بە کار نەیەت بە سەریش دەچێت. ئەقڵ دەبێت بخرێتە بازاڕەوە. لە چالاکییدایە مرۆڤ توانای خۆی بە کار دێنێت، گوزارشت لە خۆی دەکات، هەست بە بوون و ئازادیی دەکات. زانست و زانیارییش دەبێت دەستەڵات و بەڕێوبەرایەتیی هەبن بیانخاتە بازاڕەوە. کاسبکارێک ناچێت کتێبەکانی ئادەم سمیسەکان بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی کاسبییەکەی باش بڕوات بەڕێووە. بەڵام دەستەڵاتێک کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئابوریناسێک بە کار دەهێنێت سودی دەبێت بۆ کاسبکاران بە بێ ئەوەی مەرج بێت کاسبکاران بزانن ئەو سودە لە کوێوە هاتووەو

بۆچی وایە. لە وڵاتێکدا کە زانست حوکم دەکات نەک جەهل، ئەوانەی زاناو لێزانن کەمینەن، بەڵام زۆرینە سود لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان دەبینن. کۆمەڵگا لە رێگای دەستەڵات و دەزگاکانەوە هێڵەکان دا دەڕێژێت و هاوڵاتیان لە سەری دەڕۆن. رێگای چاک بۆ مەنزڵی چاک، رێگای خراپ بۆ وێرانە. عەرەب وتەنی: "ئەگەر قەلەڕەش چاوساغی گەلێک بێت دەیانباتە سەر کەلاوە." چەند کەسێک دەرمانێک دروست دەکەن و ژمارەیەکی زۆر بە کاری دەهێنن بە بێ ئەوەی هیچ لە دەرمانەکە بزانن. فڕۆکە ژمارەیەک دروستی دەکەن و لێی دەزانن، بەڵام زۆربە کە هیچی لێ نازانن ئەوەندەیان بەسە بزانن تیایدا دابنیشن. پەروەردە و سیستێمی خوێندن لە وڵاتانی پێشکەوتودا ئەنجامی مێژوویەکن لە لێکۆڵینەوەو زانست. هاوڵاتی پێویست ناکات مێژووەکە بزانێت بەڵام پێویست دەکات ئاگادار بێت کە لە منداڵ نادرێت. هەڵگرتنی پرەنسیپی لە منداڵ نەدانەکەیە کە کەسەکە پێش دەخات نەک زانیارییەکە، نەخوێندەوارێکیش دەتوانێت وەری بگرێت و پێی هوشیار بێت.

گەلێک کە دەشکێت هەر چەک دا نانێت. ئەو پڕۆژەو بەرنامانەشی لە ناودا پەیدا نابن کە ئەندامەکانی توانای خۆیانیان تیا بەرهەم دەهێنن، خۆیان و گەلەکەیانی پێ پێش دەخەن. ئەمەش ئەوە دەر دەخات کە بە چ شێوەیەک گەلێکی ژێر دەست دەپوکێتەوەو لە ئاکامدا هەلومەرجی مرۆڤبوونی ئەندامەکانی لە دەست دەدات. ئەوانەی کە دەڵێن کورد تاقەتی چووە رێکخراو دروست بکات و چالاک بێت، کورد لە قەراخ دەریا جێگایان بۆ

دانەخراوە تێروتەسەل بێ گرفت و مەترسیی بحەوێنەوە. ئەوانە ئەوانەن کە هەڵگری شکستن.

لێرەدا دەر دەکەوێت کە کوردبوون نەگۆڕ نییە. هەر ئەوە نییە کە نەریت و دابی مێژوویی دایان ڕشتووە. بەڵکو شتێکە ئازاد بۆت هەیە بیخەیتە ژێر پرسیارەوە: ئایا بەم کوردبوونەی ئێستای خۆت و کۆمەڵگاکەت رازیت یان نا؟ تۆ دەتەوێت بە چ ئاوایەک مرۆڤ بیت؟
مرۆڤ دەتوانێت چیبوونی خۆی لە رێگای هەڵبژاردنی ئەتیک و موراڵەوە هەڵ بژێرێت. بەم هەڵبژاردنەش مرۆڤ بڕیار دەدات بە چ رێگایەکی کوردیی مرۆڤ بێت. هیچ کوردبوونێک رەها نییە پێوەرو بڕیاردەر بێت بۆ کوردبوونەکانی دی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ پارت و دەستەڵاتێک رەوایی ئەوەی نییە بڕیاری ئەوە بدات کە کوردبوون کامەیە. هیچ کەسێک بە لادان لە نەریتێکی کوردیی کوردبوون ناتۆرێنێت، بەڵکو رێگایەکی خۆی دەگرێت بۆی. چەند کورد هەبێت لە دنیادا ئەوەندەش رێگای کوردیی هەیە بۆ مرۆڤبوون.

کەسێک نەیەوێت سواڵی ماف بکات، دژی خۆبەدەستەوەدان بێت، کۆڵ نەدات، ئامادەی شۆڕش بێت، دەستی بچێتە خۆی موراڵ و ئیسێنسی خۆی بگۆڕێت، چالاک بێت لە پرۆژەو رێکخستندا، رێگا دەبێت کامە بێت؟

٢٠١٩/١١/١٧

# فەلسەفەی ٤ک

ئادەمیزاد لە چوار شێوە رێکەوتنی نەنوسراوە یان نوسراوەدا بەستراوە بە دنیاوە. یەکەم رێکەوتنی سروشتیی، دووەم رێکەوتنی کۆمەڵایەتیی، سێهەم رێکەوتنی سیاسیی و چوارەم، رێکەوتنی کات. مرۆڤ و کۆمەڵگا لە سەر رەگی ئەم پەیوەندییانە سروشتییانە بونیاد دەبن، خەسڵەت وەر دەگرن و فۆرمی ئاسایی خۆیان دەگرن. ژێردەستەکردنی گەل و مرۆڤ بچڕاندنی گەل و مرۆڤە لەو رەگە سروشتییانە. لێرەوە مرۆڤ و گەل بونیادو خەسڵەتی سروشتیی لە کیس دەدەن و دەکەونە رەوشی نائارامییەوە کە ئەو مەیلە دروست دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ ئاساییبوون. لە خوارەوە دەربارەی هەر چوار رێکەوتنەکان یاخود کۆنتراکتەکان دەدوێین:

## ١. کۆنتراکتی سروشتیی

مرۆڤ وەکو هەموو گیاندارو بێ گیانێک بەشێکە لە سروشت. سروشت و گەردون لە پێناوی مرۆڤدا دروست نەبوون. مرۆڤ بە دەستێکی تر دروست نەکراوەو لە قورێکی جودا نییە. دابڕاو نییە لە دەوروبەری. مرۆڤ بۆ ئەوە نایەتە جیهانەوە بۆ ئەوەی بەشێک بێت لە جیهان. بۆ ئەوە دێت پیایدا تێ پەڕ ببێت. ناسینی مرۆڤ و ئەو یاسایانەی بە گوێرەیان دەجوڵێتەوە سەرچاوە لە زانستی سروشتییەوە دەگرن.

کردگار بە گشتیی لە بوونەوەرەکاندا خۆی دەر دەخات. لە هەر بوونەوەرێکدا بە جۆرێک. هەموو بوونەوەرەکانیش هەر یەکەیان بە رێگای خۆی گوزارشت لە کردگار دەکات. هەر لە مرۆڤەوە

تا مێروله، له گژوگیاوه تا دارستان، له ئەرزەوە تا ئەستێره، له دەریاوه تا بیابان.

مرۆڤ وەكو بوونەوەرێكی ئاقڵ لە رێگای ئەو شتانەوە كە هەن گردگار دەناسێت. لەو دیوو دیواری بوونەوە زانینی مرۆڤ تەواو دەبێت. كردگار دەرفەتی نەداوە بە ئێمە لەوە زیاتر بیناسین. كاك ئەحمەدی شێخ لە بارەی پەروەردگارەوە دەڵێت بە ئەندازەو توانایەكی سنوردارەوە ناتوانین لە شتێكی بێ ئەندازەو بێ سنور تێ بگەین (٨٢/٨).

مرۆڤ پابەندە بەوەی كە نرخی هەموو گیانلەبەرێک و بوونەوەرێكی دی داربێت یان گیاندار را بگرێت و رێزی خۆی پیشان بدات. چونكە هەر بوونەوەرێكی تر وەكو مرۆڤ لە كردگار دەدەوێت و جۆرێكی سەربەستە بۆ خۆی.

## یەزدان

تێگەشتنی هەر كەسێک لە كردگار یەزدانی ئەو كەسەیە. هەر كەسەو یەزدانێكی خۆی هەیە. كردگار تاكە بەڵام یەزدان بە قەدەر ژمارەی هەموو كەسەكانە. كردگار سەربەست لە بوونی مرۆڤ هەیە. بەڵام مرۆڤ و یەزدانەكەی هاوهەبوونن، بەیەكەوە هەن یان نین. دۆزەخ و بەهەشت، سزاو پاداشت كردەی كردگار نین. بوونێكی دەرەكییان نییە لە گەردوندا. مرۆڤ لەگەڵ یەزدانەكەی خۆیدا دۆزەخ و بەهەشت بۆ خۆی دادەنێت یان دای نانێت. سیمای كردگار جوانییە. ژاكاندنی هەر شتێک بێڕێزییە بە كردگار. مرۆڤ و یەزدانەكەی پێویستە لەو سنورەدا بجوڵێنەوە

کە لەگەڵ جوانیی سروشتی کردگاردا دێتەوە. شەیتانیی لادانە لە جوانیی.

## باوەڕ

مرۆڤ مافی سروشتیی خۆیەتی بە چ ڕێگایەک پەیوەندیی دەکات بە کردگارەوە. کردگار ئاتاجی ئەوە نییە فەرمانی خۆی لە ڕێگای دروستکراوێکی خۆیەوە بە سەر دروستکراوێکی تری خۆیدا بسەلمێنێت. هەر کەسە ڕاستەوخۆ لە بەردەمی کردگاردا بەرپرسیارە. ئەوەی مرۆڤ بە ناوی کردگارەوە بە سەر مرۆڤەکانی تردا جێبەجێی دەکات فەرمانی مرۆڤ و یەزدانەکەی خۆیەتی.

مرۆڤ ئازادە چ باوەڕ یان ئاینێک هەڵ دەبژێرێت. هیچ دەستەڵاتێک و هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە ڕێگا لە باوەڕ یان ئاینی بگرێت. مرۆڤ بوونەوەرێکی سەربەستە. هەر کەسە پێوەری خۆیەتی بۆ ژیانی خۆی. پێوەری هیچ کەسێک لە بەردەمی پێوەری کەسێکی تردا ڕەد ناکرێتەوە. ئەرکی دەستەڵاتی سیاسییە کە:

١. مرۆڤ بپارێزێت لە هەموو شێوە دەستدرێژییەک بە هۆی هەبوون یان نەبوونی هەر باوەڕو ئاینێک یاخود هەڵبژاردنیانەوە.
٢. دەرفەت و ڕەوشی کۆمەڵایەتیی و کولتوریی خۆش بکات بۆ ئازادیی باوەڕو ئایین.

## نیشتیمان

ئەو خاکەیە کە گەلێک لەسەری دەژی. گەل و هەر ئەندامێکی کۆمەڵگا لە کۆنتراکتێکی نەنوسراوە یان نوسراوەی سروشتییدان

لەگەڵ ئەو خاکەدا کە لە سەری دەژین. ئەم کۆنتراکتە سروشتییە مافی سروشتیی و ئەرکی سروشتیی دروست دەکات کە دەبنە بناغەی کارەکتەرو کامەرانیی گەل و کەس. خاکی نیشتیمان مافی هەر هاوڵاتییەکە. هەموو هاوڵاتییەک ئازاد دەتوانێت لە هەر شوێنێکی نیشتیماندا بژی. دەرفەت دەڕەخسێت بۆ هەر کەسێک کە سود لە شوێنە گشتییەکان ببینێت، وەکو روبار، کێو، دارستان و دەشت و دەر. دەستەڵاتی سیاسیی و ئەندامانی کۆمەڵ ئەرکیانە کە ئەم ماڵە لە پیسیی و شێواندن بپارێزن. ئەم ئەرکە یەکێکە لە رێگاکانی خۆشەویستیی بۆ کردگار.

نیشتیمانی کورد "کوردستان" دابەش کراوە بەسەر چوار وڵاتدا، تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا. گەلی کوردستان لە هیچ کام لەم پارچانەدا دەستەڵاتی بەسەر خۆی و نیشتیمانەکەیدا ناشکێت. گەل و ئەندامەکانی ئەو ماف و ئەرکە سروشتییانەیان لێ سەندراونەتەوە کە لە پەیوەندییاندا بە خاک و نیشتیمانەوە دروست دەبن. گەلێکی ژێردەست لە خاکی خۆیدا وەکو دارێک هەڵ دەکەنرێت و ئەندامەکانی لە زێدی خۆیاندا نامۆ دەبن. لە ئێستادا دەستەڵاتی گەلی داگیرکەر بڕیار بە سەر گەلی کوردستان و خاکەکەیدا ئەدات. بۆیە گەلی کورد ئازاد نییەو نیشتیمانەکەی داگیر کراوە. خەبات بۆ سەربەخۆیی گەلی کوردستان و رزگاریی خاکی نیشتیمان، ئامانجی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلانی کوردستانە.

١. نەتەوەو ئەندامەکانی کۆمەڵ مافی سروشتیی و ئەرکی سەر شانیانە پارێزگاریی لە خاک و خۆیان بکەن دژی داگیرکەرو دەستدرێژیی دەرەوە.

٢. گەل یان نەتەوە داگیرکردنی خاکی و ژێردەستەکردنی خۆی بە هیچ شێوەیەک قبوڵ ناکات. حوکمی بێگانە دانی پیادا نانرێت.

## هاوڵاتی کوردستان

هاوڵاتی کوردستان ئەو کەسەیە کە:

١. لە بنەچەوە کوردە لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت.

٢. کورد نییەو لە بنەچەوە لە کوردستان جێگیر بووە.

٣. لە کوردستان نیشتەجێ بووەو بە گوێرەی یاسای پەیوەندیدار رەگەزنامەی کوردستانی وەرگرتووە.

## دانیشتوانی کوردستان

دانیشتوانی کوردستان بریتییە لە هاوڵاتیانی دانیشتووی کوردستان و ئەو کەسانەی کە بە هەر هۆیەکەوە بێت لە کوردستان دەژین و مۆڵەتی مانەوەیان هەیە.

## نەتەوە

نەتەوە تێگەشتن و رێکخستنێکی مورالییە نەک نەژادیی. نەتەوە لە سەر بناغەی خوێن و رەگەز دروست نابێت. نەتەوە رێکخستنێکی مورالیی سیاسییە کە بونیادەکەی بریتییە لە قەوارەی دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر خاکی نیشتیمان. ئیش، رۆڵ، ماف و ئەرکی هاوڵاتیی رێگان بۆ بەشداریی لەم رێکخستنەدا. نەتەوە لە سەر بناغەی هاوڵاتیبوونی کوردستان پێک دێت. هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەگرێتەوە کە لە بونیادی ئەو رێکخستنەدا بەشگرن بێ جیاوازیی رەگەزیی. زمانی رەسمیی نەتەوەی کوردستان

کوردییە. بەڵام هەر کەمایەتییەکی ترو شێوە زمانێکی تر مافێکی سروشتییە بەکار بێت.

مافی سروشتیی مافێکی رەهایە. یاسایەک گوزارشت لە مافی سروشتی بکات سەرەکییە. یاسایەکی لاوەکیی مافی سروشتیی بسڕێتەوە یاسای تاوانکارییە. لادانە لە رەوتی مرۆڤبوون. نمونەی مێژوویی تورکیای ئیتیحادو تورەقییە کە رۆژی ١٩٠٨/٠٧/٢٤ کۆدەتایان بە سەر سوڵتان عەبدولحەمیددا کرد. ئیتیحادییەکان نەخشەی جینۆسایدی ئەرمەن و توانەوەی کوردیان داڕشت و بە یاسا بەرنامەکەیان رێک خست.ساڵی ١٩١٥ ژمارەی ٧٠٠ هەزار کوردیان گواستەوە بۆ رۆژئاوای ئەنادۆڵ. لەم ژمارەیە نیوەیان لە رێگا مردن (١٥/١٩).

هەواڵنامەی کتێب

مافی سروشتیی جگە لەوانەی مافەکە دەیانگرێتەوە، لەبەر هۆکاری ئەتیک و راگرتنی سیستێمەکە، گرنگە هەموو لایەک بیپارێزن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بۆنمونە، مافی بەکارهێنانی زمانی دایک لە لایەن تورکمانەوە یان ئازادیی ئایین و باوەڕ لە لایەن یەزیدیی، جولەکە و مەسیحییەوە گرنگە بۆ کوردزمان و موسوڵمانیش. ئەمەش لە جەوهەردا نە لەبەر هۆکاری بەخشندەیی و پیاوەتیی، بەڵکو بە هۆکاری پرەنسیپی زانستیی لە پێناوی راگرتنی بینای کۆمەڵ و سیستێمەکەیدا. خراپبوونی ئەو مافە سروشتییانە وەکو نەخۆشکەوتنی ئۆرگانێکی لەش وایە. بێمافیی بەشێک لە کۆمەڵگا پرسیار دەخاتە بەردەم هەموو کۆمەڵگاکە. رێگرتن لە مرۆڤ یان کەمایەتییەک بۆ گوزارشتکردن لە ئایین یان زمانی دایک لە کۆمەڵگادا، رێگرتنە لە گەشەکردنی

سروشتییانەی ئەو مرۆڤ و کەمایەتییانە. ئەمەش ناساخکردنی بەشێکە لە گشت کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگایەکی نادروست لە کاتێکدا کە ئامانجی گشتیی پێشکەوتنێکی سروشتییە. دەتوانین بڵێین زەوتکردنی ماف یان بە گشتیی شێواندن، شکستی کۆمەڵە بە گشتیی. ئەرکی هەر ئەندامێکی کۆمەڵە کە هێڵی گشتیی پێشکەوتن شکست نەهێنێت. بۆیە ئازادیی ئاینیی جولەکەیەک یان ئازادیی بەکارهێنانی زمانی تورکمانێک لە کوردستاندا تەنها کێشەی جولەکەو تورکمان نین، بەڵکو کێشەی موسوڵمانێکی کوردزمانیشە. بەهەمان شێوە کە یەکسانیی ئافرەت و پیاو کێشەی پیاویشە زیاتر نەک بە تەنها هەر ئافرەت. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە یەکەم، پیاو دەستەڵاتی لە کۆمەڵگادا زیاترە، لەبەر ئەوە زیاتر بەرپرسیاریی دەکەوێتە سەرو توانای چارەسەریی زیاترە. دووەم، یەکسانیی ئافرەت و پیاو یان قبوڵکردنی مافی سروشتیی بە گشتیی، سەرچاوە لەوێوە ناگرێت کە خێرو بەزەیی بێت، بەڵکو سەرچاوە لە ئەتیک و مورالێکەوە دەگرێت کە دنیا لە سەر ئەو جۆرە پرەنسیپانە رێک بخرێت.

## خەسڵەتی نەتەوەیی

خەسڵەتی نەتەوەیی ئەو خەسڵەتانەن کە دەگەڕێنەوە بۆ جۆری رێکخستنی نەتەوە. ئەو خەسڵەتانەن کە سەرچاوە لەو پرەنسیپە بنچینەییانەوە دەگرن کە کۆمەڵگایان لە سەر رێک دەخرێن بێ جیاوازیی رەگەزو جیندەر. (بۆ نمونە هەر چوار کۆنتراکتە گشتییەکە کە دەبن بە سیمای گشتیی نەتەوەیی.) لە ناو ئەمەشدا بە دیاریکراویی یەکسانیی ئافرەت و پیاو، مافی کەس و پرسی

ژینگە. هەر یەک لە ئاشوریی، تورکمان و کورد یان یەزیدیی، مەسیحیی و ئیسلام بە جیاوازیی رەگەز یان ئایینییانەوە دەتوانن هەڵگەری ئەو کارەکتەرانە بن. کارەکتەری نەتەوەیی لە سەرو نەژاد، ئایین و باوەڕەوەیە. ئایین، نەژاد یان باوەڕ هیچ کام لەوانە پێگەی نەتەوەیی کەم یان زیاد ناکات. پێگەی نەتەوەیی بەندە بە خەسڵەتە نەتەوەییەکانەوە. بۆ نمونە، پێگەی کوردێکی موسڵمان لە کوردێکی جولەکە، مەسیحیی یان ئاشوریی یان عەرەب نەژادێک زیاتر نییە. چونکە نەتەوەییبوون لە سەرو باوەڕو نەژادەوەیە، بەندە بە هەڵگرتنی ئەو خەسڵەتانەوە کە رێکسختنی نەتەوایەتیی دروستیان دەکات. بە رستەیەکی تر، باوەڕ، نەژاد و جیندەر رێگرنین لە بەردەمی رۆڵی نەتەوەیی بینیندا. بۆ نمونە، هەر هاوڵاتییەکی کوردستان بێ گوێدانە باوەڕ، نەژادو جیندەر مافی ئەوەی هەیە ببێت بە سەرۆکی وڵات. ئەوەی کە دەبێتە پێوەر ئەوەیە کە خەنیمێکی لەو کەسە شیاوتر نەبێت بۆ ئەو ئەرکە.

## زەوی و موڵکایەتیی

زەوی هی ئێمە نییە، ئێمە هی زەوین. مرۆڤ کە دەمرێت ئەرز لەگەڵ خۆیدا نابات. خاک مرۆڤ دەباتەوە بۆ خۆی. موڵک بە مانای مافی بەکارهێنان دێت. ئەم مافەش مەرجدارە. دەبێت بەکارهێنانی ئەرز یان بەکارنەهێنانی زیان لە بەرژەوەندیی گشتیی و ژینگە نەدات. لە هەمان کاتدا رێز لەو بوونەوەرانە بگیرێت کە لە سەر ئەرز هەن. پێویستە باڵدارو گیاندارانی تر تیایدا شانبەشانی مرۆڤ هەست بە ئارامیی بکەن. دارویەردوی سروشتیی تێک نەدرێن. ئەرز لە خاشاک و پیسیی بپارێزرێت.

# ٢. كۆنتراكتی كۆمەڵایەتیی

ئەو تیۆرییەیە كە لای وایە مرۆڤ لە سەرەتادا لە ڕەوشێكی سروشتیی سەرەتاییدا، بەرەڵا و ئازاد بێ ڕێكخستنی كۆمەڵایەتیی، بێ یاسا و دامودەزگا، سەربەست لە دەستەڵاتێكی سەروو ژیاوە. كۆمەڵگا لە ڕێگای كۆنتراكتێكەوە دروست بووە كە مرۆڤەكانی ئەو بارە سەرەتاییە وازیان لە هەندێك ئازادیی خۆیان هێناوە بۆ ئەوەی لە جیاتی ئەوە سود لە دەستكەوتەكانی كۆمەڵگا وەر بگرن. بەم پێیە بنچینەی موراڵ، ماف و ئەركداریی لە كۆمەڵدا دەگەڕێتەوە بۆ كۆنتراكتی كۆمەڵگا.

تیۆریی كۆنتراكت دەگەڕێتەوە بۆ دەوری ئەنتیك و مێژووی ناوەڕاست. بەڵام تیۆریی كۆنتراكت لە كۆتایی ساڵانی (١٥٠٠)دا بە كێشێكی قورسترەوە دەركەوت. چونكە ئەو كاتە لە خەباتی سیاسییدا دژی دەستەڵاتی ڕەهای پادشا لە ئەوروپا بە كار دەهێنرا. هەڵگری ئەم بۆچوونە ئەو كەسانە بوون كە بەرامبەر دەستەڵاتی ڕەهای پادشا وەستان و مەرجیان دا دەنا بۆ دەستەڵات، بە شێوەیەك كە ئەگەر دەستەڵات گفتەكانی خۆی نەبردە سەر لا ببرێت (١٣/١٦). تیۆریی كۆنتراكت لەگەڵ گۆڕانی كۆمەڵایەتییدا تا هاتووە لە گۆڕاندا بووەو فەیلەسوفەكان بۆچوونی جیاوازیان هەبووە دەربارەی.

جان جاك ڕۆسۆ لای وابووە؛ "ئەو كەسانەی كە دەبێت گوێڕایەڵی یاسایەك بن پێویستە لە دانانی ئەو یاسایەشدا بەشدار بووبێتن. ڕێكەوتنێك بۆ ئەوەی بخوات دەبێت بۆ چاكەی هەموو بێت. لە

ڕێکەوتنێکی ملکەچییدا خەڵک ئازادیی خۆی دەبەخشێت بۆ هیچ. خەڵکێک بێ مەرج خۆی بخاتە ژێردەستی هەر دەستەڵاتێکەوە، هیچ نرخێک لەباتی وەرناگرێت." هەروەها ڕۆسۆ دەڵێت: "هەمیشە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوانی ئەوەدا کە جەماوەرێک ژێردەستە بکەیت، لەگەڵ ئەوەدا کە کۆمەڵگایەک ببەیت بەڕێووە (٢٦/١٠)."

---

**هەمیشە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوانی ئەوەدا کە جەماوەرێک ژێردەستە بکەیت، لەگەڵ ئەوەدا کە کۆمەڵگایەک ببەیت بەڕێووە.**

جان جاک ڕۆسۆ

---

# ٣. کۆنتراکتی سیاسیی

## هەموو دەستەڵاتێک دەبێت لەگەڵ ئەو گفتەدا لا بچێت کە نایباتە سەر

مرۆڤ بە دوو دەستەوە لە دایک دەبێت. کۆمەڵگاش بە دەستەڵاتی سیاسییەوە پێک دێت. کۆمەڵگا دەستەڵات لە خۆی دروست دەکات بۆ ئەوەی هێزی هەمووان لە رێگای دەستەڵاتەوە بۆ سودی گشتیی بە کار بهێنێت. دەستەڵات بە گشتیی دوو رۆڵی سەرەکیی هەیە:

یەکەم، دەستەڵات پارێزگاریی نیشتیمان، کۆمەڵگاو ئەندامەکانی لە دوژمنی دەرەوە دەکات. هەروەها هاوڵاتیان لە دەستدرێژیی ئەندامەکانی کۆمەڵگا خۆی بۆ سەر یەکتریی دەپارێزێت. دووەم، دەستەڵات کۆمەڵگاکەی و ئەندامەکانی بە باشترین شێوە دەبات بەڕێوەو بەرەو پێشکەوتنیان دەبات.

جیاوازیی رێکخستنی کۆمەڵایەتیی و پێشکەوتنی میللەتان هەر چۆنێک بێت هەموویان، بۆ ئەوەی میللەتێک لە کۆنتراکتێکدا خۆی رێک بخات، دوو خاڵی ناوکۆییان هەیە:

یەکەم، دەبێت دوو لایەن هەبێت بۆ پێکهێنانی کۆنتراکتێکی سیاسیی؛ لایەنی دەستەڵات و لایەنی خەڵک.

دووەم، بۆ ئەوەی رێکخستنێک پێی بوترێت کۆنتراکت پێویستە "مەرج" هەبێت. ئایا دەستەڵات داوا و ئەرکی چی دەخاتە سەر جەماوەر و جەماوەریش چ مەرجێک بەرامبەر ملدانەکانی خۆی

بۆ دەستەڵات دا دەنێت. ئایا ئەگەر دەستەڵاتێک ئەرکەکانی خۆی بەجێ نەهێنا جەماوەر چ هەنگاوێک بەرامبەر بە دەستەڵات دەنێت؟

تیۆریی کۆنتراکت بەرهەمی بیر و دەستکەوتیکی زیادە نییە کە خەڵکیی هەوڵ بدات بیخاتە سەری خۆیەوە یان هەبێت چاکە. سەرچاوەی ئایدیای کۆنتراکت سروشتییەو لە رێکخستن و بەڕێوەبەرایەتییدا پێویستییە. لەو کاتەوە کە مرۆڤ لەوە دەرچووە تاککوژ لە کەژ و هەردا خۆی بژێنێت و پێویستیی ژیان ژمارەیەکی کۆکردۆتەوە، کۆبوونەوەکە لە رێکەوتنێکی نەنوسراوەدا بووە. هەر کام لە ئەندامەکان لە لایەکەوە مافی هەبووەو لە لایەکی ترەوە ئەرکداریی کەوتۆتە سەر شان. لە ناو ئاژەڵ، باڵدار و زیندەوەریشدا ئەم کۆنتراکتە دەبینرێت کە چۆن بە کۆمەڵ لە پڕۆسێسێکی هاوبەشدا ژیان دەبەن بەڕێووەو خۆیان دەپارێزن. لەگەڵ زیاتر دابەشبوونی کار و گەورەبوونەوەی کۆمەڵانی مرۆڤدا ئەرکی پاراستن و بەڕێوەبردنی خەڵکەکانیش لە لایەن دەستەڵاتەوە لە گۆڕاندا بووە. بەڵام هەموو کاتێک ئەم ئەرکە تەریب بە بەرژەوەندیی کۆمەڵەکان نەڕۆشتووە. بۆیە ناکۆکیی و بەیەکادانی خەڵک و دەستەڵاتەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر مێژوویان پڕ کردۆتەوە. جۆن ستیوارد میل باس دەکات کە مرۆڤ لە سەرەتادا خۆی دەخستە دەستی دەستەڵاتی سەردارێکەوە بۆ ئەوەی لە مەترسیی دەرەوەو دەستدرێژیی ئەندامانی خودی کۆمەڵەکە بیپارێزێت. بەڵام هەندێک جار ئەم دەستەڵاتە بێ سنووورە خۆی دەبوو بە مەترسیی و خەڵکیی دەبووایە خۆی لە ئەمیش بپارێزێت. بۆیە مێژووی پێشکەوتنی سیاسیی مرۆڤ بەرەو ئەوە هات کە

خەڵک بێ حساب خۆی نەخاتە دەستی دەسەڵاتەوەو سنورێک بۆ دەسەڵاتی ئەم زۆردارەش دا بنێت. بەڵام ئەم سنوردانانەش هیچ گەرەنتییەکی تێدا نەبوو. ئەنجام پێشکەوتنی مرۆڤایەتیی رووی لەوە نا کە جەماوەر دەسەڵات لە دەستی تاکە کەس دەربهێنێت و بیخاتە دەستی خۆیەوە. بەم پێیە دیموکراتیی هاتە سەر کار کە جەماوەر بتوانێت ئازادانە نوێنەری خۆی هەڵ بژێرێت و بتوانێت لاشی ببات (٩).

جەوهەری تیوریی کۆنتراکت یان رێکەوتنی کۆمەڵایەتیی ئەوەیە کە بناغەیەکی دنیایی دا دەنێت بۆ رێکخستنی کۆمەڵگاو پێکهێنانی دەسەڵات. چونکە زۆربەی فەیلەسوفەکان باس لەوە دەکەن کە دەسەڵاتێک بۆ ئەوەی رەوایی سیاسیی هەبێت پێویستە لە ئەنجامی رێکەوتنی هاوڵاتیانەوە دروست ببێت. هەر کاتێکیش دەسەڵات متمانەی خەڵکی لە دەست دا بتوانرێت لا ببرێت. بە ئەمەش تیوریی "رێکەوتنی کۆمەڵایەتیی" خۆی لەوە جیا دەکاتەوە کە دەسەڵات پەیوەندیی بە یەزدانەوە هەبێت. ئەو کات پادشا بە پاڵپشتی کەنیسە خۆی بە نوێنەری خودا دا دەنا لە سەر زەوی. دەسەڵات و حوکم تێکەڵ بە ئایین و باوەڕ بوون.

گەلی کوردیش وەکو هەموو گەلێکی تر لە مێژوودا هەر کاتێک بۆی لوابێت بەردەوام دەسەڵاتی لە خۆی دروست کردووە. بنچینەی ئەم دەسەڵاتانە ئەو پرەنسیپە سروشتییە بووە کە دەسەڵات پارێزەرو بەڕێوبەر بێت. بەڵام سەرنەکەوتنی راپەڕین و شۆڕشەکانی کورد هەر لە ئەوەدا نەوەستایەوە کە کورد بێبەش بوو لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی، سەرکردەو

نیشتیمانپەروەران، پەیامی سەربەخۆیی و کولتوری رزگاریی خرانە چاڵەوە، بەڵکو بوو بە هۆی لادانی جوڵانەوەی نەتەوایەتییش لە سەر رێڕەوە سروشتییەکەی. مێژووی کورد توانرا لە هەندێک شوێن بخرێتە سەر هێڵێکی تر و بۆ مەبەستێکی تر. نمونە هەیە کە دوژمنانی کورد توانیان کێشەی سروشتیی کورد بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی خۆیان موتوربە بکەن. سەرێکی بێگانە لە کورد خۆی بخەنە سەر لەشی گەلی کورد. بەم پێیە گەلی کورد وەکو لەشێک لە هەندێک شوێندا توشی دەستەڵاتدارەکانی خۆی بووەو بە دەستییانەوە دەناڵێنێت. کێشەی کورد بە پێی سەردەم لە ژێر فۆرمی سیاسیی جیاوازدا، هەر لە ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆییەوە تا کۆمۆنیستیی و دیموکراتیی، لە لایەن وڵاتانی ناوچەو زلهێزەکانەوە تا ئەمڕۆ لە رێگای ژمارەیەک هێزی کوردییەوە بە کار هێنراوە. بەم پێیە بێگانە دەستی خستۆتە ناو ئەو هێزانەوەو ئەوانیش خۆیان بەستووە بە وڵاتە دەستتێخەرەکانەوە. لە ژێر ناوی کێشەی میللەتدا جوڵانەوەی ئەو هێزانە لە کرداردا سیاسەتی وڵاتانی دەستتێخەر بووەو مەبەستی ئەوانی هێناوەتە دی و بەسەر گەلی کوردستانیشدا بووە بە کارەساتی گەورە. ئەم رێکخراوە خۆبەستانە بەندی ئەو مێژووەن کە بەرهەمی هێناون، نە دەتوانن لێی دەربچن و نە دەشتوانن ئەرکێکی تر جگە لەوەی بۆی دروستبوون، ببینن.

لەو شوێنانەدا کە جوڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد خەسڵەتی سروشتیی خۆی لە دەست داوە، سەرئەنجام مێژووی کوردیش تەریب لەسەر رێڕەوێکی بێ کۆنتراکتیش رۆشتووە.

هەولێرنامەی کتێب

دەستەڵاتدارانی کورد خاوەنی حوکمی رەهان و جەماوەری کوردیش بە بێ مەرج خۆی خستۆتە دەستیانەوە. ئەم دەستەڵاتدارانەی کورد هەر کارەساتێکیان بە سەر کورددا هێنابێت نەبۆتە مایەی لێپرسینەوەو لابردنیان. جەماوەری کورد تا هاتووە ملکەچیی خۆی دوپات کردۆتەوە بۆیان. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو دەستەڵاتدارانە بۆ بەرژەوەندیی و دەستەڵاتی خۆیان، لە سەر حسابی میللەت بۆ دوژمنی کورد کار بکەن. نەک کۆمەڵگای کوردیان باش نەبردووە بەڕێوەو میللەتیان لە مەترسیی دەرەوە نەپارستووە، بەڵکو خۆیان بوونەتە داگیرکار و مەترسیدار بۆ ئێستا و داهاتووی گەلەکە. لە ژێر سایەی ئەم دەستەڵاتە ملکەچکەرەدا کەسی تاک تا هاتووە توانای داهێنانی لێ سەندراوەتەوە و دەرفەتی بەشداربوونی لە پێشخستنی خۆی و کۆمەڵەکەیدا لێ براوە. پێشکەوتنە دژوارەکە لەم مێژووە نزیکەدا گەشتۆتە ئەوەی کە دەستەڵاتدارێک هەموو بڕیارێکی لە دەستدا کۆبۆتەوەو جەماوەریش بەند بووە بە بڕیارەکانی ئەو دەستەڵاتدارەوە. بە شێوەیەک کە مرۆڤ ئێستا لە باشوری کوردستاندا شێوەی کۆیلەیماڵی خۆی وەرگرتووە، دەستەڵاتدار نەوەکانی خۆی کردووە بە میراتگر و جەماوەریش بە مەڕ. خەڵک و چارەنوسی میللەت بوون بە جێگای سوکایەتیی.

## کەس

هیچ کەسێک پێوەر نییە بۆ کەسێکی تر. هەر کەسە جۆرێتییەکە بۆ خۆی. هیچ جۆرێتییەک بە جۆرێتییەکی تر نا نرخێت. مەرج ناخرێتە سەر کەس کە بە شێوەیەکی تر هەبێت جیاواز لە سروشتی

خۆی. جیاوازیی و گرنگیی مرۆڤەکان راوەستاوە لەسەر جیاوازیی و گرنگیی رۆڵیان لە کۆمەڵدا.

کەسە جیاوازەکانن کۆمەڵگا پێک دەهێنن. رەوشی ئاسایی کۆمەڵگا ئەوەیە کە هەموو کارەکتەرە جیاوازەکان تیایدا شوێنی خۆیان هەبن، لە هاریکاریی و خۆڕێکخستنیاندا پێکڕا بونیادی کۆمەڵگا پێک بهێنن. کەس بەو سامان و پایەیەوە نانرخێت کە هەیەتی یان نییەتی. کەس بچوکراوەی نیشتیمانە. نرخی نیشتیمان بەندە بەو قورساییەوە کە دەدرێت بە ئەوانەی لە سەری دەژین و هەن. کۆمەڵگا تەماشای هەموو ئەندامێک و هەموو بوونەوەرێکی تر لە سەر خاکەکەی وەکو بەشێک لە خۆی دەکات و بێ بەریی نابێت لێیان.

هەوالنامەی پێشێ

## خێزان

دوای کەس یەکەم رێکخراوەی کۆمەڵگا خێزانە. خێزان لە ژن و مێرد دروست دەبێت. ژن و مێردایەتیی لە کۆنتراکتێکی نوسراوە یان نەنوسراوەدا پێک دێت. ژن یان پیاو موڵکی ئەوی تر نییە. ژنومێردیی رێکەوتنی دوو کەسە بۆ شێوە ژیانێکی هاوبەش کە ئەنجامەکەی پێکهێنانی خێزانە. ژن یان مێرد پێستی لەش نییە بۆ ئەوی تر. کاتێک هەلومەرجی رێکەوتنی هاوسەرگیرییەکە نەما هەر یەکێک لەوان مافی خۆیەتی کۆنتراکتە هەڵ بووەشێنێتەوە.

## منداڵ

منداڵ موڵکی دایکوباوک نییە. منداڵ دەبێت رێگایەک هەبێت لێوەی بێت بۆ دنیا. ئەویش رێگای دایکوباوکە. منداڵ بەرهەمی کۆمەڵگایە لە دایکوباوکەوە. بەرپرسیاری سروشتیی منداڵ

دایکوباوکن. بەڵام کاتێک منداڵ دایکوباوکی لە کیس دا، یان دایکوباوک نەیانتوانی هەلومەرجی دایکوباوکیی پڕ بکەنەوە، کۆمەڵگا لە رێگای دەزگای تایبەتییەوە بەرپرسیاریی منداڵ دەخاتە ئەستۆی خۆی.

## کۆمەڵگا

کۆمەڵگا ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییەیە کە لەگەڵ دروستکردنی دەستەڵاتدا لە خۆی، لەسەر ناوچەیەکی جوگرافیی پێک دێت. دەستەڵاتی سیاسیی وەکو مێشک و سیستێمی دەماری هەست لەگەڵ کۆمەڵگادا وەکو لەش بە هەردو لایان گشتێکی ئۆرگانی پێک دەهێنن. دەستەڵاتی سیاسیی لە رێگای دەزگا حکومیی و یاساکانەوە لەگەڵ هاوڵاتیاندا پەیوەندییەکی تەواوکەرانەو هاریکارانە دروست دەکەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حوکمکردن و بەڕێوبردنی کۆمەڵگا لە لایەن دەستەڵاتەوەو گوێڕایەڵیی هاوڵاتیی بۆ دەستەڵات لەسەر بناغەی رێکەوتن پێک دێن نەک فەرزکردن. ئەمەش کاتێک روو دەدات کە دەستەڵات لە گەل بێت و بۆ گەل بێت.

# ٤. کۆنتراکتی کات

## مرۆڤ لە یەک کاتدا هەم دەژی هەم دەمرێت

کات بەردەوامیی بوونە. کات و بوون لە یەکتریی دانابڕێن. کات لەگەڵ بووندا هەیەو لەگەڵ نەبووندا نییە. مادام گەردون هەیەو بەردەوامە، کاتێکی ڕەهاش بۆ هەموو گەردون هەیەو بەردەوامە. ئێمە لەم کاتە گەردونییە بە گوێرەی خۆمان کات دەپێوین. کات لە پێواندا خەسڵەتی ڕێژەیی وەر دەگرێت بە گوێرەی سیستێمی پێوانەکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کات ڕەهایە بەڵام پێوانی گوێرەییە.

وا باوە کە کات لە سەر هێڵێک دەڕوات بۆ پێشەوە. کاتێک کە ڕۆژ ئاوا دەبێت مرۆڤ وا تیایدا دەژی کە ڕۆژەکە ڕۆشت و تەواو بوو. بەڵام ئەگەر کات لە بوون جودا نەبێتەوە کە ڕۆژ ئاوا دەبێت ئەی کات دەچێت بۆ کوێ؟ ڕۆژ ئاوا دەبێت بەڵام کات ئاوا نابێت، لەگەڵ بووندا دەنوشتێتەوە. کات دەنوشتێتەوە. کات لە بوون نابێتەوە. کات خۆی فاکتەرێکی دابڕاو و سەربەخۆ نییە لە بوون یان کردگار. بوون چۆن بگۆڕێت کات لەگەڵیدا دەنوشتێتەوەو لە هەر شتێکدا عەمار دەبێت. کاتێک مرۆڤێک تەواو دەبێت تەمەنێکیش پێوەی دەچێتە چاڵەوە. کاتێک دارێکی کۆن دەبڕرێتەوە سەدساڵیش لەگەڵیدا دەبڕدرێتەوە. خەڵوزکەرێک هەر دارێک ناکات بە خەڵوز، بەڵکو سەد ساڵیش دەکات بە خەڵوز. لە شریتی کاتدا بەردەوامیی هەر بوونێک تۆمار دەبێت. مێژوو شریتێکی تەڵخ و درشتی بەردەوامیی بوونەوەرییەکە. گرنگە

مرۆڤ کاتیش بە هەر بوونێکەوە ببینێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تێگەشتن و هەستکردن بە دنیا لەوە فراوانترە کە تەنها بە ئۆرگانەکانی نمونەی مێشک، چاو، گوێ، دەست و لوت ئەنجام بدرێن، چاوێکی دەرونییشی دەوێت. دۆزینەوەی خەسڵەتەکانی کردگار دەمانگەیەنێتە پێگەیەکی دی. لە ئەوێشەوە بە شێوەیەکی دی پرسە گرنگەکانی وەکو ژیان، مردن، رق و خۆشەویستیی دەبینین و هەڵوێستمان بەرامبەریان دەگۆڕدرێت.

ئەو کەسەی کە بە هەشتا ساڵیی دەمرێت کە لە دایک دەبێت توانای عەماری هەشتا ساڵی تیادایە. لەو رۆژەوە کە لە دایک دەبێت هەموو شەورۆژێک ٢٤ سەعات دەچێتە عەماری تەمەنەکەیەوە. ئەم ٢٤ سەعاتە شریتی گۆڕانی ٢٤ سەعاتێتی. لە هەمان کاتدا هەموو شەوڕۆژێک ٢٤ سەعات لە ژیانی کەم دەبێتەوە. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە مرۆڤ لە یەک ساتدا هەم دەژی هەم دەمرێت. مردن و ژیان هەردوکیان یەک دەزوی کاتن درێژ دەبنەوە. ئەوەی ژیانە مردنیشە. ئێمە رۆژانە وامان دێتە بەر چاو کە هەر دەژین. بەڵام لە راستییدا ئێمە رۆژانە هەر ناژین، دەشمرین. رێگای ژیان رێگای مردنیشە. ئەو کاتەی هەشتا ساڵ دەژین، هەشتا ساڵیش دەمرین. کاتێک دڵمان دەوەستێت ئیتر نەدەژین نە دەمرین، تەواو دەبین. وەکو مرۆڤ لە کات دەر دەچین.
هەموو بوونێک وەکو زانای فیزیا نیوتن دەڵێت لە هەوڵی ئەوەدایە بەردەوام بێت لەو رەوشەدا کە تیایدایە. مرۆڤیش وەکو بوونەوەرێک دەیەوێت هەر لە ژیاندا بێت. نایەوێت تەواو ببێت. لە تەواوبوون دەتۆقێت. لێی هەڵ دێت. دژایەتیی دەکات. دنیایەکی

تریش دوای ئەم دنیایە بۆ خۆی دروست دەکات کە هەتاهەتایە هەر هەبێت.

ترس لە تەواوبوون بە قەدەر رقە لە مردن لە ناو ژیاندا. رق لە مردن لە ناو ژیاندا، سەرچاوەی نائارامییە. ترس لە مردن ترسە لە ژیانیش. مرۆڤ لە ترسی مردن ناوێرێت بژی. رقت لە مردن بێت ژیان ناتوانێت خۆش بێت.

خەم مەخۆ بە چرچەکانت، بە سپیبوونی موەکانت کە مردنیان پێوە دیارە. بە سنگێکی فراوانەوە وەریان بگرە! خۆشت بوێن! دنیا ئاوایە. مرۆڤیش هەر ئەوەندەیە. ترس و پەژارە مرۆڤ بۆ ئەو بوونەیان زیاد دەکات کە لەوە زیاتری تیادا نابێت. مردنت خۆش بوێت و بوێرە بژی! بە تورو سیرخواردن بەرەنگاری مەبەرەوە! هاوکێشەکە بە تۆ ناگۆڕدرێت. ئەم هەموو ئەستێرەیە بە تۆ راناگیرێن.

بیهێنەرە بەر چاوت جوتیارێک گەنم دەڕوێنێت. ئەم گەنمە گریمان ماوەی شەش مانگی دەوێت هەتا دەبێت بە دانەوێڵە. لە دەنکە گەنمەکان ورد ببەرەوە دەبینیت پێکهاتوون لە توێکڵ و ناوک. بەڵام ئەو کاتە نابینیت بە گەنمەکەوە کە بەردەوام تێی چووە هەتا پێ گەشتووە. ئایا بە بێ ئەو کاتە گەنمەکە دەیتوانی هەبێت؟ وەڵام دیارە نا. کەواتە پێویستە چاوێکی دەرونیمان بۆ بینینی کات هەبێت. تێگەشتن لە هەر شتێک گرنگە بە رەچاوکردنی کاتەوە بێت بۆ ئەوەی تێگەشتنەکە تەواو بێت.

وای دابنێ کە جوتیارەکە لە گەنمەکەی تێر نانت دەکات. نانێک دەخۆیت کە شەش مانگ کاتی پێوەیە، لەگەڵ نانەکەدا شەش مانگیش قوت دەدەیت. تۆ بە رواندن و چاودێریی خەڵەکەدا نەڕۆشتویت بەڵام وەکو جوتیارەکە تێر دەبیت. بە هەمان شێوە گەلانێک بە مێژوویەکی سەختداو بە ئیشێکی زۆر دەگەنە ئەنجامی زانستیی و سیاسیی پێشکەوتوو. ئێمە بەو مێژووەدا نەڕۆشتوین بەڵام بە بەرهەمهێنانی ئەنجامەکان دەتوانین مێژوویەک قوت بدەین، رێگاکەمان کورت بکەینەوە، وەکو ئەوان لە پێش بین. ئێمە هەر نابێت رێگای وڵاتان بە فڕۆکە کورت بکەینەوە، پێویستە رێگای هوشیارییەکەشی بگرین. هەموو بوونەوەرێک عەمارێک کاتی خۆی پێیە سروشتییە سەرف ببێت، نەپچڕێت، تەواو ببێت. باڵندەیەک بۆ شەش ساڵ هەڵهاتبێت دوای دوو ساڵ راو نەکرێت، چوار ساڵ شوێنی چۆڵ بێت. دارێک بۆ دوو سەد ساڵ روا بێت، دوای بیست ساڵ نەبڕدرێتەوە، سەدو هەشتا ساڵ لە شوێنەکەیدا نەوەستابێت. کاتی عەمار، ئەو کاتەی بۆ هەر شتێک لە ئێستا بە دوا دەتوانێت هەبێت گرنگە هەمیشە لە بەر چاو بێت.

---

**رۆژ ئاوا دەبێت، بەڵام کات ئاوا نابێت، بەجێ دەمێنێت.**

---

هەوڵنامەی کتێب

# پرەنسیپ و رێنمایی بۆ رێکخستنەوەی کۆمەڵگا

**١. گفتی راست لە کەسی راست!**
**ئەوانەی دەبنە سیاسیی و کاربەدەست پێویستە وڵاتپارێزو رابوردوپاکبن، بەشدار نەبووبێتن لە هیچ کردەوەیەکی تاڵانیی، وڵاتفرۆشیی و پیسخۆرییدا.**

**٢. ئەوەی خراپی کردووە ناتوانێت چاکی بکات.**

**٣. شکست بەندە بە بونیادی رێکخراو و مورالّی سەرکردەوە.**

**٤. راگرتنی سیاسەتی کوردیی لە سەر هێڵی سروشتیی پارێزەریی و بەڕێوبەریی کۆمەڵگا.**

**٥. سیاسەت پرەنسیپە!**
**بۆ ئەوەی هزرو مەزاجی "کەس" حوکم نەکات پێویستە مورالّ لە ناوەنددا بێت. بۆ ئەوەی مورالّێکیش رەوا بێت بکرێت بە ناوەند پێویستە سەرچاوەی لە سروشتیی مرۆڤ و راستیی کۆمەڵگاوە گرتبێت.**

**٦. نە سەپاندنی مۆدێل بە سەر پرسی کورددا نە لەقاڵبدانی بە هیچ ئایدۆلۆجییەکی خواستراو.**

**٧. پرسی کورد مافێکی رەهایە، خۆی پێوەرە، پێویستی بە پەسندکردنی هیچ هێزو ئایدیایەکی تر نییە.**

٨. ڕێکخستنەوەی گەلی کوردستان پشتبەست بە زانست و لە سەر بناغەی پاراستنی کیانی مرۆڤ لە کۆنتراکتێکی سیاسییدا.

٩. سەربەخۆیی بەڕێوبەریی و ئابوریی.
پشتبەستنی گوند، شارۆچکەو شارەکان بە خۆیان لە رووی ئابوریی و بەڕێوبەرییەوە. کۆتاییهێنان بە دەست بەسەرداگرتن و کۆکردنەوەی داهاتیان لە دەستی ژمارەیەک دەستەڵاتداردا.

١٠. دیاریکردنی سنوری کوردستان.

١١. خوێن ڕژانی پێشمەرگە تەنها لە پێناوی خاک و خەڵکدا رەوایە.

١٢. پاراستنی هەموو شوێنە گشتییەکان، دەزگاکانی دەوڵەت، موڵکی دەوڵەت، ژیان و موڵکی هاوڵاتیان لە دەستدرێژیی و تاڵانیی. فریاکەوتنی خێرا لە کاتی پەشێویی و کارەساتی کۆمەڵایەتییدا.

هەواڵنامەی گێتێر

١٣. پرەنسیپ و تیۆریی بۆ دادوەریی.
نەبوونی یەکسانیی ئابوریی و جیاوازیی موچە پێویستە بناغەیەکی سودمەندیی گشتیی هەبێت بۆ ئەوەی رەوا بێت.

١٤. پرەنسیپی نانی بێ منەت.
پێویستە مرۆڤ بە رەنجی شانی خۆی بژی و سەربەست بێت، سەر چاوەی ژیانی مایەی ئازادیی و سەربەرزیی بێت. ناچار نەکرێت، بە موچەو سودمەندیی سەرشۆڕو کۆیلە نەکرێت.

**١٥. دیدی جۆرێتیی بۆ دنیابینیی.**
**هیچ گەلێک بە پێوەری گەلێکی دی نانرخێت.**

١٦. کیانی کەس و میللەت.
کیانی مرۆڤ و گەلان قەوارەی رەهان شکاندنیان حەرامن.

١٧. یەکسانیی دوو جیاواز، ژن و پیاو.
ناسینی جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو، رەخساندنی هەلومەرجی گوزارشت لەخۆکردنی ئافرەتان لە هەموو بوارەکاندا بۆ ئەوەی ئافرەتانیش بە گوێرەی خۆیان رۆڵی خۆیان ببینن.

١٨. ئابوریی و بازاڕ.
پیادەکردنی سیستێمی "ئابوریی سروشتیی رێکخراو".

هەواڵنامەی ژن

١٩. چیاوازیی ئابوریی و یەکسانیی خزمەتگوزاریی.
جیاوازیی ئابوریی لە سنوری بەرژەوەندیی گشتییدا بەڵام خوێندن، چاودێریی تەندروستیی و خزمەتگوزارییەکانی تر بۆ هەژارو دەوڵەمەند وەکو یەک.

**٢٠. کشتوکاڵ و هەردە.**
**رێکخستنەوەی زەوی کشتوکاڵیی و هەردە (سەخەریی) بە پێی ئامانجی بەرهەمهێنان، ژینگە و سودی گشتیی.**

٢١. پرسی کرێکاران.
رێکخستنی کرێکاران و بازاڕیان هەروەها بەرز کردنەوەی ئاستی ژیانیان.

## لێکدانەوەی پرەنسیپ و ڕێنماییەکان:

# ١. گفتی راست لە کەسی راست

**ئەوانەی دەبنە سیاسیی و کاربەدەست پێویستە وڵاتپارێزو رابوردوپاکبن، بەشدار نەبووبێتن لە هیچ کردەوەیەکی تاڵانیی، وڵاتفرۆشیی و پیسخۆرییدا.**

پێویستە پلەی هوشیاریی جەماوەر بگاتە ئەو ئاستەی کە بەو جۆرە تەماشای دەستەڵاتداران و پارتەکان بکات کە ئایا کەسەکە یان ڕێکخراوەکە راستە بۆ ئەو لافانەی کە لێیان ئەدات؟ ئایا ئەوەی باسی فڕین دەکات کۆترە یان کیسەڵ؟

ئەوەی کە راستیی کەس یان ڕێکخراو دەر دەخات کردەوەو بونیادە. مەبەستیش لە بونیاد ئەوەیە ئایا بۆ نمونە تەلەفونێک هەیە تا چاوەڕێی ئەوە بکرێت قسەی پێ بکرێت؟ یان دارێک هەیە بۆ بەرگرتن، ئەندازیارێک بۆ نەخشەکێشان؟

زمان و گوزارشتی زانستیی سەرچاوە لە تاقیکردنەوەوە دەگرن. قسەیەک بە کردار پیشان نەدرێت یان مورالێک لە پشتییەوە نەوەستابێت، بەتاڵە. کێشەکە لە قسەدا تەواو نابێت. کەسانی ساویلکە هەن کە دەڵێن فلانە سەرکردە قسەی جوانی کرد. یان فلان نوسەر شیعری کوردایەتیی جوانی نوسیووە، رەخنەی باشی گرتووە. یەک لە سەر قسە نەکەوتووە، قسە هەیە. لە راستییدا کێشە لە خودی کەسەکە یان ڕێکخراوەکەدا تەواو دەبێت کە ئایا شیاوە بۆ ئەو لافانەی کە لێیان ئەدات یان نا؟ کاربەدەستانێک لە

تاقیکردنەوەدا دەرکەوتبێتن موڵکی گشتییان بردبێت بۆ خۆیان، دەستەڵاتیان بەکار هێنابێت بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی و نایاساییان کردبێت، هەر دەبێت کەسانێک لەگەڵیان بن کە ناچاربن یان خراپە لە ناو خۆیاندا هەبن.

بۆیە، یەکەم هەنگاوی راست بۆ هەر پڕۆژەیەکی راست بە کەس یان رێکخراوی راست دەست پێ دەکات. پێویستە بە پلەی یەکەم سەرنجمان لە سەر مورالّی کەس و بونیادی رێکخراو بێت نەک لەسەر قسە یان بەرنامە. کوردوتەنی قسە هەژارە هەموو کەس دەیکات. کەسێکی لەبلەبان دەتوانێت قسەی قەڵەو هەڵ ببژێرێت و راستیی خۆی تیایاندا بشارێتەوە. دەتوانێت شیعر بە دیوان دەر بکات، رۆمان یان مێژوو بهۆنێتەوە. بەڵام بۆ کەسانێک کە هەڵەیەک لە ناو خۆیاندا نەبێت، ئەوە مورالّی کەسەکانە کە ناوەڕۆک ئەدەن بە قسە. هەروەها ئەوە بونیادی رێکخراوە کە بەرنامە دەخاتە کارەوە. هۆی پیسخۆریی ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەستەڵاتداران یان پارتەکان قسە یان بەرنامەکانیان جوان نین. قسەو بەرنامەکانیان راستن بەڵام خۆیان هەڵەن. دزیش دەزانێت کە دزیی خراپە. بەڵام بە خەسڵەتی دزیی ناتوانێت دەست پاک بێت. ئازادیی مافێکی سروشتییە. هەموو کەسێک باسی دەکات. **بەڵام مرۆڤێک چیبوونی ژێردەستیی هەبێت بە کام ئیسێنس بتوانێت ئازادیی چۆنبوونی بێت؟** هەر وەکو چۆن ئەگەر سەد دۆلارت پێ بێت ناتوانیت شتێک بکڕیت بە دووسەد دۆلار، ئاواش ناتوانیت رەوشتێکت هەبێت کە مورالّەکەیت تیادا نەبێت. مرۆڤ ناتوانێت ببینێت بە بێ هەبوونی چاو. کۆمپیتەرێک نانوسێت ئەگەر پرۆگرامی نوسینی تیادا نەبێت. کەواتە، قسەکان ئاسانن. خۆشمان نەمانبن میللەتان کردویانن. روناکبیران هەمیشە قسەی فەیلەسوفەکانی جیهان دەهێننەوە. بەڵام گرنگییەکە لەوەدایە کە ئایا خۆیان هەتا چ رادەیەک چیبوونیان هەیە بۆ ئەو قسانە؟

ئەوەی بۆ ئێمە دەبێت جێگای سەرنج بێت ئەوەیە کە بە زمانێکی ساکار: ئایا پیاوی ئەو شتانەین کە دەیانڵێین؟ ئایا پارتێک بە ناوی دیموکراتییەوە، ئیسێنسەکان یاخود خەسڵەتەکانی هی دیموکراتیین؟ ئایا پارتێک کە دروشمی گۆڕان و چاکسازیی هەڵ دەکات، جەوهەرەکەی لە کوێوە هاتووەو کامەیە چۆنبوونەکەی؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە لە کردەوەکانیاندا دراونەتەوە. لە کرداردا چییان پیشان دابێت، لە جەوهەرو چیبووندا بۆ ئەوانەن. دەتوانین لە ئێستادا بڵێین:

پەک لە سەر هزرو بەرنامە نەکەوتووە. کێشەکە کەس و رێکخراوی لەبارن بۆ ئەوەی بە زمانی کردەوە ناوەڕۆک بدەن بە هەر پڕۆژەیەک. ئەوەی کە پێویستە ئیشی تیادا بکرێت و پەیدا بکرێت بونیادی ئەتیک و مۆراڵە بۆ ئەو پرەنسیپانەی کە پێویستە رەچاو بکرێن و بۆ ئەو خەونانەی کە خواستن ببن بە راستیی. کام پرەنسیپ و کوا پەروەردەکەی؟ کام خەون و چۆن بونیادە مۆراڵییەکەی دروست دەکەین؟

هەواڵنامەی کێتێر

**لۆجیک ئامرازیکی یاساییە**
**تێگەشتن رەچاوی دەکات بۆ**
**پاراستنی بیرکردنەوە لە هەڵە.**

**شێخ ئەحمەدی فایز**
**١٨٩٥**

# ٢. ئەوەی خراپی کردووە ناتوانێت چاکی بکات

**چارەسەری قەیرانی سیاسیی بە کەسان و لایەنی بەدەر لەوانە دەکرێت کە قەیرانەکەیان دروست کردووە. باوەڕێکی هەڵەیە ئەو پارت و دەستەڵاتدارانەی بەرپرسیارن لە قەیرانێک لە هەمان کاتدا ئامرازیش بن بۆ چارەسەریش.**

شێخ ئەحمەدی فایز ١٢٥ ساڵ لەمەوبەر دەڵێت: "**لۆجیک ئامرازیکی یاساییە تیگەشتن رەچاوی دەکات بۆ پاراستنی بیرکردنەوە لە هەڵە** (١٨/١١)." بەردێک کە نوقوم بووبێت مانای وایە سەر ئاو ناکەوێت. بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین لە هەڵە پێویستە چاوەڕوانی سەرئاوکەوتن لە بەرد نەکەین. هیچ چاوەڕوانییەک لە سەر ئەو تێگەشتنە هەڵەیە هەڵ نەچنین کە تیایدا بەرد سەر ئاو بکەوێت. کۆمەڵێک پارت پێکڕا سیستێمێکی دەستەڵاتدارییان دروست کردبێت کە قەیران بەرهەمی بێت هەڵەیە چاوەڕێی پێچەوانەکەیان لێ بکرێت کە لە هەمان کاتدا بۆ چارەسەریش بن. لێرەوە هاتووە بە پێی فایز ئەم لۆجیکە یان ئەم ئامرازە یاساییە کە دەڵێین: "ئەوەی خراپی کردووە ناتوانێت چاکی بکات."

بەکارهێنانی ئەم لۆجیکە بۆ دور کەوتنەوە لە هەڵە هەر بە قسە نابێت. بەڵکو دەبێت بە زمانی کردەوە پیشان بدرێت و لە ناو جەماوەردا بکرێت بە نۆرم. ئەمەش بۆ نمونە لە رێگای هەڵوێست و سیاسەتێکی لەو جۆرەوە بەدی دێت کە هیچ پێشنیارو پرۆژەیەکی چاکسازیی نەخرێتە بەر دەم هیچ دەستەڵاتێکی خراپکەرو بەشداریی نەکرێت لە هیچ پرۆژەیەکی لەم جۆرەدا. ئەمە لە کاتێکدا کە ئامانج چارەسەر بێت نەک سودی تایبەتیی.

هەروەها بەشداریی نەکرێت لەو هەڵبژاردنانەدا کە لە جەوهەردا بۆ رەواییدانە بە دەستەڵاتێکی نارەواو جەماوەر تەنها ملکەچیی خۆی تیایاندا تازە دەکاتەوە. تەنها کاتێک راستە بەشداریی بکرێت لە هەڵبژاردندا کە خودی سیستێمی هەڵبژاردنەکە جێگای متمانە بێت و سیستێمێکی راست بێت، تەکنیکی ئامادەکردنی بڕیاری زۆربە بێت، واتە دیموکراتییانە بێت. ئەمەش لە کۆمەڵگای نمونەی ئێستای باشوری کوردستاندا دورە.

ئەو رێکخراو و کەسانەی کە توانای ئەوەیان نییە رەچاوی لۆجیکێکی سیاسیی زانستییانە بکەن ناتوانن لە کردەوەدا چالاکوانێک پیشان بدەن جیاواز لەو کەس و رێکخراوانەی کە هەن. هێزێک ناتوانێت تەنها لەبەر ئەوەی کە هێزێکی ترە یان تازەیە بە هەمان ئەقڵ یارەکە بگۆڕێت. هیچ بەردێک بەوە سەر ئاو ناکەوێت کە لە سەری بنوسرێت تەختە. ئێمە بۆ گۆڕینی ئەو رەوشەی کە دەمانەوێت بگۆڕدرێت پێویستمان بە تواناو ئامرازی دیکەیە. ئەوەی کە هێزێکیش لەوی تر جودا دەکاتەوە پرەنسیپ، موراڵ و نۆرمە کە دەبێت بە زمانی کردەوە بدوێن. بۆیە لێرەدا گرنگە کە لە کاتی بیرکردنەوەو ئیشکردندا مرۆڤ لە پێشەوە خۆی لەگەڵ دوو خاڵدا ساخ بکاتەوە:

١. ئایا مەیدانی بیرلێکردنەوەو ئیش لە ناو سنوری خراپکەران و ئەو سیستێمی دەستەڵاتدارییەدایە کە ئەوان پێکیان هێناوە یان لە دەرەوەی ئەوانە؟ ئایا بۆ نمونە دەچینە ئەو هەڵبژاردنانەوە کە خراپکەران دەیهێننە کایەوە یان نا؟

٢. ئایا خراپکەران و دامودەزگاکانیان ئامرازێکی شیاون بۆ پارێزگاریی لە خاک و خەڵک هەروەها بۆ چارەسەریی و بەڕێوبردنی کۆمەڵگا؟

ئەوانەی کە وەڵامیان ئەرێنییە (پۆزەتیڤە) جیاوازیی جەوهەرییان نییە لەگەڵ پارتە خراپکەرەکاندا. ئەوانەش کە لایان وایە جۆرێکی جیاوازن لە پارتەکان دەبێت لە رێگای هەڵوێستی نەرێنییانەوە لەو دوو خاڵە جیاوازیی خۆیان یەکالا بکەنەوە. دەتوانین لێرەدا ئەم تێگەشتنە بە شێوەیەک بفۆرمێنن کە ببێتە لۆجیک بۆ بیرکردنەوەو ببێت بە پرەنسیپ بۆ کارکردن:

چارەسەر لە دەرەوەی خراپکەران و سیستێمی دەستەڵاتدارییانە. چارەسەریش بە ئامرازێکی سیاسیی لەو جۆرە دەکرێت کە یەکەم، تەواو جیاواز بێت لەوەی کە لە سیستێمی پیسخۆرییدا کارابووەو دووەم، ئامرازێکی دینامیکیی وا بێت کە بەردەوام بە گوێرەی گەیشتن بە ئامانجی پارێزگاریی و بەڕێوبەریی لە گۆڕان و خۆتەرخانکردندا بێت.

بە زمانێکی رونتر، پارت، دامودەزگا، سیستێمی بیرکردنەوەو شێواز تەواو جۆرێکی تر بن. جۆرێک کە لە گۆڕاندابن بۆ ئامانجی گەیشتن بە باشترین توانای پارێزگاریی لە خاک، خەڵک و هەروەها گونجاوترین ئامرازبن بۆ باشترین بەڕێوبەریی کۆمەڵگا. لە کاتێکی وادا بۆ نمونە، فەرماندەی سەربازیی کەسێکی لێهاتوو دەبێت کە بە پێوەرێکی بابەتیی لێهاتوویەکەی نرخابێت نەک کەسێک کە داردەستی دەستەڵاتێکی داگیرکار بێت. یان وەزیرێک کەسێک دەبێت کە یەکێکی تر نەبێت بتوانێت لەو زیاتر سود بگەیەنێت نەک کوڕی دەستەڵاتدارێک یان ماستاوچیی یاخود حیزبییەک بێت. شێوەی رێکخستنی رێکخراو و دەزگا لە گۆڕاندا دەبێت بۆ ئامانجی سیاسیی نەک بۆ راگرتنی دەستەڵاتی کەسان. ئازادیی بیرکردنەوەو زانست لە برەودا دەبێت نەک ئەقڵکەچیی و باوەڕ.

بە پێچەوانەی ئەم تێگەشتنەوە، ئامانج و رێڕەوی گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی "کۆمپانیای دەستەڵاتدار" مرۆڤ و دامودەزگاکان بە گوێرەی ئامانجی ئەو بەرژەوەندییانە رێک دەخەن و دەفۆرمێنن. رێکخستن و فۆرماندنێک کە تەواو جیاوازن لە رێکخستن و فۆرماندنێک کە بۆ ئامانجی پاراستنی خاکوخەڵک و بەڕێوبردنی گۆمەڵگا بن. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە کۆمپانیای دەستەڵاتدار رێڕەوی سروشتیی کۆمەڵگا دەگۆڕێت. هەموو شتەکان بە گوێرەی ئامانجی خۆی تێک ئەدات هەر لە ئابورییەوە تا چاودێریی تەندروستیی، پەروەردە، زمان، کولتورو ژینگە. بەرژوەندیی کۆمپانیای دەستەڵاتدار لە هەنگاوی یەکەمدا هەموو کایەکان کە بۆ ئامانجێکی دی هەبوون، تێک دەدات. ئنجا لە هەنگاوی دووەمدا بە پێوەری چەوتی خۆی راستیان دەکاتەوە. ئەم تێکدانە خۆی لە خۆیدا دەبێت بە سیستێم و رێکخستنێک کە ئەویش رەوتی راستی خۆی هەیەو هەڵە وەرناگرێت. بۆ نمونە، لەم رەوشەدا:

هەڵەیە پەروەردەو خوێندن پێش بکەون لە کاتێکدا ئامانجی دەستەڵاتی کۆمپانیا دروستکردنی قوتابخانەو زانکۆی تایبەت بێت بۆ پارەپەیداکردن. هەڵەیە دەستەڵات گرفتی بێ خانویی بۆ فەرمانبەران، کەمدەرامەتان چارەسەر بکات لە کاتێکدا پڕۆژەی خانودروستکردنەکانی خۆیان چاوەڕێی قازانجی خێراو زۆر بن. بێ کارەبایی و بێ ئاویی لەگەڵ ئەوەدا دێنەوە کە هاوڵاتیان لە تاو نەبوونی ئەو دووانە ببن بە کڕیاری خانوبەرەی دەستەڵاتداران. دەستەڵاتدارێک کە بیەوێت مرۆڤ بکات بە کۆیلە هەڵەیە هاوڵاتیان ئابورییەکی سەربەخۆیان هەبێت. دەستەڵاتدارێک کە دەستەڵاتەکەی سەرچاوەی پارەی حەرام بێت هەڵەیە حیزب و ئەندام پەروەردە بکات دەرفەت و جوامێریی ئەوەیان هەبن کە دەستەڵاتدار نەتوانێت سامان و پیاوەکانی بۆ نەوەکانی بە جێ

بهێڵێت.
دەستەڵاتێک کە هەموو نەزانیی کۆمەڵگا لە سەرەوە لای خۆی کۆ بکاتەوە، هەڵەیە رەخنەی لێ بگیرێت بۆچی گرنگیی بە زانیاریی و کەسانی بەتوانا نادات.

تێکەڵاوبوونی دەستەڵات و کۆمپانیا لوتکەی پیسخۆرییە. لەو لوتکەیەدا بۆری ئاو و زێرابیش تێکەڵاو دەبن. ئافاتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی دەکەونەوە. هاوڵاتیی دەبێت بە کڕیار یان رێبوار. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە دەستەڵاتی کۆمپانیا خۆی مەترسییە چ جای ئەوەی ئامرازی چارەسەر بێت. لە بەر ئەوە بۆ لۆجیکی بیرکردنەوەی فایزیی کە نەکەوینە هەڵەوە دەبێت لە پێشەوە جۆری کێشەکە دیاری بکەین. ئایا کێشەکە مەلە یان مەڕ؟ ئەگەر مەڕە ئەوا هەموو پێشنیار، پرۆژەو گفتوگۆیەک دەربارەی ئەوەی ئەم مەڕە چۆن بفڕێت قسەی بەتاڵە. چونکە مەڕ نافڕێت. بۆیە، ئەو پارت و کەسانەی پرۆژەی چارەسەریی بۆ دەستەڵاتی قەیراننەرەوە دەر دەکەن چی بکات، لە هەمان بازنەی دەستەڵاتەکەدان. سەرۆکی پەرلەمانی کارتۆنیی لا ببرێت یان بخرێتەوە جێگای خۆی، دەستور بنوسرێتەوە یان نەنوسرێتەوە، پەرلەمان سەرۆک هەڵ ببژێرێت یان خەڵک راستەخۆ دەنگی بۆ بدات، ئەمانە هیچ لە کێشەکە ناگۆڕن. دەستەڵاتی باڵا دەستەڵاتەکەی دەستەڵاتی پۆستەکەی نییە، دەستەڵاتی میلیشیاو نفوسی خۆیەتی.

کەواتە، کێشەکە هەڵبژاردن و هەڵوێستگرتنە. ئایا بەرەی خراپکار هەڵ دەبژێریت یان بەرەی چارەسەریی؟ ئەوانەی چاوەڕێی دەستەڵاتی "پارتە خۆبەستەکان" دەکەن چاکسازیی بکەن، رەخنە دەگرن بەڵام لە ناخدا سیستێمی پیسخۆرییان قبوڵە. چونکە

چارەسەر لە لایەکی ترە. ئەوانەی بەرەی چارەسەریی هەڵ دەبژێرن پێویستە بە دوو خاڵ دەست پێ بکەن:

یەکەم، دەبێت هیوایان بە تەواویی بەو پارت و دەستەڵاتدارانە نەبێت کە داهێنەری قەیرانن و تاقیکراونەتەوە.

دووەم، هەڵوێست لە پیسخۆریی بگرن بە هەر جۆرێک کە بلوێت. بیر لەوە بکەنەوە کە خۆیان چی بکەن نەک بیر بۆ دەستەڵات بکەنەوە ئەو چی بکات. چونکە:

گۆڕانکاریی بە موراڵ و رێکخراوی نوێ دەکرێت. باشوری کوردستان پێویستی بە رێکخراو و پرەنسیپی سیاسیی نوێ هەیە. رێکخراو کە ئامانجی نیشتیمانیی بونیادی بنێت نەک کارکردن بۆ وڵاتانی بێگانە. پرەنسیپ کە پشتبەست بێت بە زانست نەک بە باوەڕ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە: چارەسەر خۆڕێکخستنەوەی کۆمەڵگایە سەربەست لە خراپکاران لە رێکەوتنێکی سیاسییدا کە بەرژەوەندیی نیشتیمان و هاوڵاتیانی تیادا ناوەند بن.

هەولێرمەی کتێب

# ٣ . شکست بەندە بە بونیادی ڕێکخراو و مورالّی سەرکردەوە

شکستی کورد لە باشوردا سەرچاوە لە بونیادی پارتە "خۆبەستەکان یان دەستێخراوەکان"وە دەگرێت. قەیران ئەو دامودەزگایانە دەیانێنێنەوە کە ئەوان دروستیان دەکەن یاخود دەستیان بە سەردا دەگرن. بونیادی پارتەکانیش پرۆسەیەکی مێژوویی دروستی کردوون کە کارەکتەری خۆیان هەیە. پارتەکان و جوڵانەوە چەکدارییەکانیان بە گشتیی بە پارەو چەکی وڵاتان ڕێکخراون. دوو کارەکتەری سەرەکیی ئەم بونیادی پارتانەش بریتین لە:

یەکەم، هێزەکان دەستیاوێکن لە دەستی وڵاتی دەستێخەرداو بۆ مەبەستی ئەوان بە کار هاتوون.

(بۆ نمونە، ساڵی ١٩٦٦ جەلالیی چووە سەنگەری حکومەتی عێراقەوە. کاتێک حکومەتی عێراق لەگەڵ مەلایی ڕێکەوت و ئیشی بە جەلالیی نەما، ئیتر جەلالیی ساڵی ١٩٧٠هەڵ وەشایەوە. ساڵی ١٩٧٥ کاتێک حکومەتی عێراق لە جەزائیر لەگەڵ ئێران ڕێکەوت، ئیتر مەلایی ئاشبەتاڵی لێ کردو جوڵانەوەی چەکداریی ١٤ ساڵە کوژایەوە. ساڵی ١٩٩١ کاتێک هەموو دنیا لەسەر کورد هەستا، پارتەکانی کورد بە کۆمەڵ نێردران بۆ لای سەددام حسەین و پشتگیریی جیهانیی بۆ کورد کۆتایی پێ هات.)

دووەم، ئامانجی ڕۆڵ بینین بۆ بێگانە بۆتە هۆی نەمانی خەسڵەتی سیاسیی پارتە کوردییەکان. دەستەڵاتی کورد لە باشوردا نەک

پارێزگاریی لە خاک و خەڵک نەکردووەو باش کۆمەڵگای کوردستانی نەبردووە بەڕێووە، بەڵکو خۆی بووە بە گرفت و لەمپەر بۆ چارەسەر. تاوانەکانی هەڵەبجەو ئەنفال نمونەن کە کوردی باشور لە ناکۆکیی نێوان عێراق و ئێراندا لە رێگای پارتە دەستێخراوەکانەوە بووە بە قوربانیی.

ئەو قەیرانانەی کە ئەمڕۆ لە باشوردا هەن بەندن بە بونیادی پارتەکانەوە. هەروەکو چۆن مێو ترێ دەگرێت ئاواش هەتا ئەم بونیادانە هەبن ئەو دیاردانەش بەردەوام دەبن کە باس لە بوونی ئەوان دەکەن. ئەم بونیادی پارتانە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا بۆ ئەرکێک دروست بوون کە سەرچاوەیان لە بەرژەوەندیی کوردەوە نەگرتوون. ئەوەی "پارتە خۆبەستەکان بە وڵاتانەوە" دەیکەن، ئەڵقەن لە زنجیرەیەکی مێژوویدا. پارتەکان خۆیان ناتوانن لەم زنجیرەیە دەربچن. ئەقڵی زانستییش چاوەڕێی ئەوەیان لێ ناکات. چونکە هیچ شتێک ناتوانێت شتێکی تر بێت. ئەوانەی هیوا لە سەر پارتە دەستێخراوەکان هەڵ دەچنن سیاسەتێک پیادە بکەن جیاواز لەوەی کە تا ئێستا لێیان دەر کەوتووە، ئەوە ئەو کەسانەن کە خۆیان بە جۆرێک لە جۆرەکان کەسانێکن لەوان.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کێشەکە هەڵوێستگرتنە لە مێژوویەک و پارتەکانی کە سەرچاوەی شکست و قەیرانەکانن نەک هەڵوێستگرتن تەنها لە چەند پارتێک و سەرکردەکانی. کۆمەڵگای کوردستان ناتوانێت بە هۆکاری شکست، بەرهەمهێنەری قەیرانەکان و بەردەوامیدان بە هەمان هێڵی مێژوویی چارەسەریی بکات. بۆیە بۆ ئامانجی گۆڕانکاریی:

یەکەم، پێویستە کۆمەڵگا لە دەرەوەی بونیادی پارتە خۆبەستەکان پشتبەست بە خۆ لە رێکەوتنێکی سیاسیی نوێدا خۆی رێک بخاتەوە.

دووەم، پێویستە پشتبەستن بە میللەت و ئامانجی بەرژەوەندیی نیشتیمانیی بونیادی رێکخراو و دامودەزگاکان رێک بخەن. رێکخستنێک لە سەر پرەنسیپی زانستیی نەک باوەڕ، چ ئاینیی بێت باوەڕ چ دنیایی.

ئەو دوو پرەنسیپە دەبنە هۆی پەیدابوونی ستراتیج و شێوازی نوێ. جوڵانەوە بەرپاکردن بە چەک و پارەی وڵاتێکی تری داگیرکەری کوردستان هەر "بازرگانی جەنگ" دروست دەکات. گرنگ نییە کێ جوڵانەوەکە بەرپا دەکات من یان تۆ، مارکسیی/لینینیی یان ناشونالیست؟ هزر دەبێت بە بۆیاخ. بونیادە مادییەکەیە کە سروشتی جوڵانەوەکە دەست نیشان دەکات نەک لاف و گەزاف. "خۆبەستیی" دەبێت هێڵی سور بێت. ئەمە لۆجیکێکە کە دەمانپارێزێت لەوەی بۆ ئامانجێکی راست کەرەسەو ئامرازی هەڵە بە کار بهێنین.

بەستنەوەی رێکخراو و جوڵانەوەی چەکداریی بە وڵاتانەوە ئاسایی سنور بۆ هزرو هوشیاریش دا دەنێت. سەرئەنجام ئەم سنورە دەرگا لە سەر زانیاریی و زانست دا دەخات. ئەمەش دەبێتە هۆی حەشاردانی هەڵسوکەوت لە بوارێکی دواکەوتوودا کە تەنها توانایەکی دواکەوتووی کۆمەڵگا کارا دەکات و دەیکات بە پێشەنگ. ئەم پرۆسەیە سەرێکی دواکەوتوو بۆ لەشی گەلی کورد دروست دەکات کە دەبێت بە پێشەنگی نەهامەتیی. بۆ نمونە بە

درێژایی مێژووی جوڵانەوەی چەکداریی لە باشوردا ئاشکرایە کە سیاسەتێکی سەربەخۆ نەبووە. هەمیشە شەڕی کورد دژی حکومەتەکان بەشێک بووە لە ستراتیجی سیاسیی و سەربازیی وڵاتی دەستێخەر. ئاشبەتاڵەکان و تاوانەکانی وەکو هەڵەبجە، ئەنفال و شەنگال نمونەی ئاکامی ئەم نەبوونی سیاسەتی سەربەخۆییە بوون. تەنانەت ئەم حەشاردانەی کە دەستێخستنی وڵاتان یان خۆبەستنەوەی پارتەکان بە وڵاتانەوە دروستی دەکەن، بۆتە هۆی ئەوەی کە واتای خەباتیشیان دەست نیشان کردووە. خەبات ئەوەندە لە شەڕدا خۆی بینیوەتەوە کە شەڕ بووە بە ئامانج و شەهیدبوون بە رێگای ژیان. شەڕێک کە شەڕی وڵاتان بووە بە کورد، کوردستانی کردووە بە مەیدان و مایەی وێرانییەکی بێ ئاکام بۆ کورد خۆی. شەڕێک کە ناخرێتە ژێر پرسیارەوە ئەنجامەکەی چی بوو، لە پێناوی چیدا و بۆ بەرژەوەندیی کێ بوو؟ شەهیدبوونێک کە ئاسایی دەڕوات و هیچ سەرۆکێک یان بڕیادەرێک بەرپرسیار ناکات. سەدان یان هەزاران بە کوشت دراون لە شەڕی نێوان پارتەکانداو دوایی سەرکردەی پارتەکان لەگەڵ یەکتریی دانیشتوون بە بێ ئەوەی هیچ لە سەریان بکەوێت، بۆ نمونە لا ببرێن، بدرێن بە دادگا یان سزا بدرێن. بە درێژایی مێژوو جوڵانەوەی چەکداریی ئایدۆلۆجیی و ئامانجی گۆڕیووە بە بێ ئەوەی بڕیاردەر یان سەرۆک لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا بگۆڕدرێن. هەمان سەرکردە کوردایەتیی، ماوێتیی، مارکسیی لینینیی، سۆسیاڵ دیموکراتیی، کوردستانیی، سەرانسەریی یان هەر ئامانج و ستراتیجێک دەگۆڕێت بە بێ ئەوەی خۆی لەگەڵیدا جێگاکەی لەق ببێت. بە بێ ئەوەی بخرێتە ژێر پرسیارەوە ئەی

ئەو هەموو کەسەی لە پێناوی چیدا بە کوشت دا؟ پارتی خۆبەست و دەستێخراو بزاڤێکی بێ مەرج دروست دەکات. بزاڤێکی بێ مەرج کە مەرئەندام تیایدا هەر ملکەچیی لە سەرە بۆ دەستەڵات. ئایا بیرکردنەوەی چارەسەریی چییە لێرەدا؟

یەکەم، مرۆڤ پێویستە سەری خۆی لەو تورەکە رەشە دەر بهێنێت کە مێژوویەک کردویەتیە سەری. پێویستە بڕوای بەوە هەبێت کە لە دەرەوەی ئەو تورەکەیە دنیایەکی تر هەیە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش دەبێت "پرەنسیپ" بە کاربهێنێت. یەکەم پرەنسیپیش ئەوەیە کە مرۆڤ نیەتی ئەوە بهێنێت "پرەنسیپ" بە کار بهێنێت نەک باوەڕ. داوای ئامانج و ئامرازی دیارو راست بکات بۆ ئیش و پڕۆژە نەک کوێرانە خۆی بداتە دەست پارت یان سەرکردە بۆ کوێی دەبات بیبات.

سەردەرهێنان لە تورەکەی مێژوویی بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە کە مرۆڤ ئەو باوەڕە بخاتە ژێر پرسیارەوە کە: "هیچ شتێک بە بێ پشتگیریی دەرەوە ناکرێت." بۆ بە درۆخستنەوەی ئەم باوەڕەش باشترین بەڵگە لە هزرەوە نییە. بەڵکو لە تاقیکردنەوەوەیە. مێژووی جوڵانەوەی چەکداریی خۆبەست لەساڵی (١٩٦١)ەوە تا ئێستا ئەو باوەڕەی لە ناو خەڵکدا چەسپاندووە کە هیچ شتێک ناکرێت بە بێ یارمەتیی و پشتگیریی وڵاتێک. هەمیشەش ئەم مێژووە روناکبیرانێکی نەزانی دروست کردووە کە رەخنەی لە وڵاتانی وەکو یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، ئەمەریکا و بەریتانیا گرتووە کە بۆ کوردی نەکردووە بە هیچ. لە بەرامبەر بەم سواڵی رزگارییەدا لە باشترین حاڵەتدا روناکبیران ویستوویانە یان رایان

وا بووە کە جاشێتیی بۆ ئەو وڵاتانە بکەن بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا سەربەخۆیی وەکو پاداشت وەر بگرن. کاتێکیش کە وڵاتێکی دەستێخەری وەکو ئێران یان سوریا ئیشی پێیان نەماوەو ئاشبەتاڵیان پێ کردوون، پارتە دەستێخراوەکان و روناکبیرەکانیان وتویانە کە ناپاکیی یان فێڵیان لێ کراوە. بە کورتییەکەی ئەوەی ئەوان ناویان ناوە پشتگیریی مەترسیی یەکەم بووە. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم خۆبەستییە لە تاقیکردنەوەدا دەرکەوتووە کە ژەهرەکەیە بەڵام تا ئێستاش گەلی کورد هەر لەسەر هەمان رەوت دەڕوات. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە گەلی کورد لە جەوهەردا نەیتوانیووە لە سەر قاچی خۆی بووەستێت. هەمیشە چاوەڕێیە کە هێزێک بێت رزگاری بکات. ئەمەش لەگەڵ زانستدا نایەتەوە چونکە:

بەردێک ناتوانێت بۆ بەردێکی تر بجولێتەوە. هیچ گەلێک بۆ گەلێکی تر تێ ناکۆشێت. کەس ناتوانێت بۆ کەسێکی تر تێر ببێت. سیاسەتی هەموو نەتەوەیەک کارکردنە بۆ بەرژەوەندیی خۆی. هاوپەیمانیی دوو لایەن لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی هاوبەش دروست دەبێت. ئەمە ئەلفوبێی سیاسەتە. رەخنەگرتن لە وڵاتێک کە بۆ ئاوەڕوی لە کورد نەداوەتەوە وەکو ئەوە وایە بڵێیت بۆچی مەلێک بە باڵی مەلێکی تر نەفڕیووە. هەم ژیریی هەم تاقیکردنەوە دوپاتی ئەوە دەکەنەوە کە "خۆبەستیی" گەلێک ناگەیەنێت بە ئامانجی رزگاریی. بۆیە خۆبەستیی لە راستییدا بۆ سەربەخۆیی نییە، بۆ ژێردەستییە. تاقیکردنەوەی مێژوویی دەری خستووە کە زۆر جار کورد ویستویەتی داگیرکەرێک بگۆڕێتەوە بە داگیرکەرێکی تر نەک رزگار بێت. کورد لە داگیرکەرێک راپەڕیووە بەڵام بەو کولتورو ئەقڵانەی ژێردەستیی هەر

توانیویەتی ژێردەستە ببێتەوە. لە ژێردەستەی عوسمانییەوە بۆ ژێردەستەی ئینگلیزو عەرەب. لە ژێردەستەی عێراقەوە بۆ ژێردەستەی ئێران. تەنانەت لە ساڵی ١٩٩١ بە دواوە کە کورد کۆنترۆڵی دەستەڵاتی ناوەندی بە سەرەوە نەماوە، هەست دەکرێت کە شتێک کەمە. ئەو بۆشاییەی داگیرکەر بەجێی هێشتووە هەر لە ئارادا ماوە، کورد خۆی پڕی نەکردۆتەوە. لەم هەلەی کە هەڵ کەوتووە بونیادێکی سەربەخۆیی دەرنەکەوتووە. ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە کۆیلەیەک دەتوانێت را بپەڕێت. بەڵام کۆیلە هەرگیز ناتوانێت ئازاد ببێت. لێرەدا دەتوانین بڵێین:

"شۆڕش دەشێت پەنا بەرێت بۆ چەک. بەڵام شۆڕش خۆی چەکهەڵگرتن نییە. بۆ ئێستای ئێمە هەبوونی پرەنسیپەکانی سەربەستیی و پێکهێنانی بونیادی سەربەخۆییە. ئەمانەش ئەوانەن کە مرۆڤ و گەلێک لەسەر قاچی خۆیان پێی دەوەستن. شۆڕش بێ پرەنسیپ بۆ چەسپاندن، هەر بە وەحشەتگەریی دەشکێتەوە. زەبربەکارهێنان بۆ روخاندنی دەستەڵاتێکی بەسەرچووە کە لە بەردەمی خۆڕێکستنەوەی نوێدا بووەستێت. ئەم زەبرە لە ناچارییدا دەشێت بەکارهێنانی چەک بێت. ئەگەر هیچ رێگایەکی دی نەمابێت.

بۆیە، رزگاریی لە سەر بناغەی پشبەستن بەخۆ هەڵ دەچنرێت. ئەوەی کە میللەتێک یان کەسێک بە توانای خۆی پەیدای ناکات ئەوەیە کە یەکێکی تر بۆ خۆی بە دەستی دەهێنێت. خۆبەستیی بە وڵاتانەوە، سواڵی ماف و جاشێتیی بۆ پاداشت نەک بێ ئەنجامن بەڵکو رێگای نەهامەتیین.

هەولێرنامەی کتێب

دووەم، ئیشکردن لەسەر بناغەی "پشتبەستن بەخۆ" هەم وەکو کەس هەم وەکو گەل جۆرێکی تر لە ستراتیج، هەڵسوکەوت و بونیادی رێکخراوەیی دروست دەکات. توانا دەهێنێتە بوون بۆ ئەو شتانەی کە مرۆڤ یان گەلێک نە بە سواڵ نە بە پاداشت دەستی دەکەون.

---

**بەرامبەر بە عوسمانییەکان:**

**ئەوان بۆ خۆیانن و ئێمەش بۆ ئەوان.**

**شێخ سەعیدی حەفید**
**١٩٠٢**

---

# ٤. سیاسەتی سروشتیی

## راگرتنی سیاسەتی کوردیی لە سەر هێڵی پارێزەریی و بەڕێوبەریی

وەکو پێشتر باسمان لێ کرد، گەلی کوردیش وەکو هەموو گەلێکی تر لە مێژوودا هەر کاتێک بۆی لوابێت بەردەوام دەستەڵاتی لە خۆی دروست کردووە. بنچینەی ئەم دەستەڵاتانە ئەو پرەنسیپە سروشتییە بووە کە دەستەڵات یەکەم، کۆمەڵەکەی ببات بەڕێووەو دووەم، لە مەترسیی دەرەوە بیپارێزێت.

بەڵام سەرنەکەوتنی راپەڕین و شۆڕشەکانی کورد هەر لەوەدا نەوەستایەوە کە کورد بێبەش بوو لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی، سەرکردەو نیشتیمانپەروەران، پەیامی سەربەخۆیی و کولتوری رزگاریی خرانە چاڵەوە، بەڵکو بوو بە هۆی لادانی جوڵانەوەی نەتەوایەتییش لە سەر رێڕەوە سروشتییەکەی. مێژووی کورد توانرا لە هەندێک شوێن بخرێتە سەر هێڵێکی تر و بۆ مەبەستێکی تر. نمونە هەیە کە دوژمنانی کورد توانیان کێشەی سروشتیی کورد بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی خۆیان موتوربە بکەن. لە کورد خۆی سەرێکی بێگانە بخەنە سەر لەشی کورد. بەم پێیە کورد وەکو لەشێک لە هەندێک شوێندا توشی سەری خۆی بووەو بە دەستییەوە دەناڵێنێت.

گێڕانەوەی ئەم هێڵی مێژووە بۆ سەر ڕەوتی سروشتیی خۆی بریتییە لە چەسپاندنی ئەم خاڵانەی خوارەوە لە سەر هەموو ئاستەکان؛ کولتوریی، سیاسیی و یاسایی:

١. کوردستان وڵاتی کوردەو گەلی کورد خاوەنی مافی ڕەهای خۆیەتی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە خاکی خۆیدا.
٢. گەلی کوردستان خۆی نەبێت، هیچ وڵات، دەستەڵات و میللەتێکی تر مافی ئەوەی نییە بڕیار بە سەر گەلی کوردستان و چارەنوسیدا بدات.
٣. دەستەڵاتی هیچ میللەتێکی تر ڕەوایی حوکمکردنی نییە لە کوردستانداو دانی پیادا نانرێت.
٤. کورد یەک نەتەوەیەو کوردستان یەک نیشتیمانە.

هەواڵنامەی کتێب

**گەر مانعی هەقی میللەتی کورد ببن عەرەب**
**بێ شک نوێژەکانم بە کوردیی قەزا دەکەم.**

مەلیک مەحمود

# ٥. سیاسەت پرەنسیپە

**بۆ ئەوەی هزرو مەزاجی "سەرۆک" حوکم نەکات پێویستە مورالٚ لە ناوەنددا بێت. بۆ ئەوەی مورالێکیش رەوا بێت بکرێت بە ناوەند پێویستە سەرچاوەی لە سروشتیی مرۆڤ و بەرژەوەندیی کۆمەڵگاوە گرتبێت.**

لە شوێنێکدا ئارەزو دەوری هەبێت سیاسەت شوێنی نابێت. کێشەی یەکەم پیادەکردنی پرەنسیپە نەک کێ یان کام لایەن دەست بە سەر خەڵک و وڵاتدا بگرێت.

هەولێرەی کتێب

لە کۆمەڵگای کوردەواریی ئێستادا بە گشتیی کێشەی یەکەم ئەوەیە کە مرۆڤ سەر بە کام رێکخراو یان دەستەڵاتدارە. ئیتر رێکخراو چاک بکات یان خراپ ئەندام هەر لەگەڵە. بەرنامەو ئاڵای پارتەکان بە گشتیی تەنها بۆیاخن. ئەگەر ورد ببینەوە لە زۆربەی پارتە کوردییەکان دەبینین لە کردەوەدا لەگەڵ بەرنامەکانیان نایەنەوە. تەنانەت ناوەکانیان پێچەوانەی راستییانە. ئەمەش تەنها ئەوە ناگەیەنێت کە سەرۆکی ئەم پارتانە لەگەڵ خەڵکدا راست ناکەن و دەیانخەڵەتێنن. هیچ کەسێک ئەوەندە بێ ئەقڵ نییە درێژخایەن بخەڵە تێت. لە راستییدا خەڵکەکەش بە گشتیی دوای بەرنامەو ئاڵای پارتەکان نەکەوتوون. هەر یەکە بە هۆیەکی ترەوە بەرژەوەندیی بێت یان دەرونیی و کولتوریی لەگەڵ ئەو پارتەیەو ملکەچێتی. پێویستی بەوەیە کە سەر بە لایەنێک بێت. بۆیە کاتیک سیاسەتی پارتێک بە ئاراستەی سەدو هەشتا پلە وەر دەچەرخێت تاقە ئەندامێک نابینرێت هەڵوێست بگرێت لە پارتەکەی چونکە لای داوە. بە پێچەوانەوە، هەلە بۆ ئەندام کە بیسەلمێنێت بۆ سەرهێزەکەی کە بە هەموو شێوەیەک هەر لەگەڵە. ئاکامی ئەم

دیاردەیە لە باری سیاسەتدا ئەوەیە کە ئەنجامی کردەوەکانی پارت شتێکن جیاواز لەوەی کە لە بەرنامەو لافەکانی پارتدا باس دەکرێن. بەڵام دوبارە پەنجەی بۆ را دەکێشینەوە کە ئەم ئەنجامە جیاوازە هیچ گرنگ نییە لای ئەندام. چونکە ئەندام "لەگەڵبوون"ەکەی لا پلەی یەکەمە نەک بەرنامەو بە ئەنجام گەیاندنی. بۆیە پارت یان دەستەڵاتدار ئەندام و جەماوەر بە هەر قەڵبەیەکدا بدات لە سەری ناکەوێت. خەڵک بە گشتیی وای دانەناوە کە بەرنامەو ئەنجامی ئیش پێویستە مەرجدارو گرێدراوبن. بە رستەیەکی تر، ئەندام هیچ مەرجێکی لە سەر دەستەڵات و پارت نییە. چونکە لە بنەڕەتدا ئەندام لە پەیوەندییەکی ملکەچییدایە لەگەڵ دەستەڵاتدار. هەر فەرمانێک دەستەڵاتدار بیدات ئەندام ملکەچە، رەش یان سپی هەر دەخوات. ئەم بێ مافییەی جەماوەر رێگایەکە کە پارتێک پیایدا دەتوانێت خیانەتی نیشتیمانیی، زۆرداریی و تاڵانییش بکات بە بێ ئەوەی توشی شکست و فەوتان ببێت. بە پێچەوانەوە، زۆر جار خراپکار بە قەباعەتێک بەهێزتر دەبێت. لەم رەوشەدا کێشەی میللەت و سەرۆک لە یەکتریی جودا ناکرێنەوە. کێشەیەک ئەوەندە هەیە یان نییە کە لای سەرۆک هەبێت یان نەبێت. پرسی کورد کارەکتەرێکی بابەتیی سەربەخۆی نییە، سروشتەکەی بە گوێرەی هزرو بەرژەوەندیی سەرۆک و پارت دەگۆڕدرێت. هەم پارت هەم کۆمەڵگای ژێردەست گوزارشت لە کەسێتیی دەستەڵاتی باڵا دەکەن و ئەو وێنایان دەکات. ئەم بارەش سیستێمی بەڕێوبردن دەکوژێت و ئەقڵێکی بچوک دروست دەکات کە شکست بە گەل دەهێنێت. وردبوونەوەیەک لە بزوتنەوەی پارتە کوردییەکان دەری دەخات کە بزوتنەوەکان گوزارشتن لە کەسێتیی سەرۆکی بزوتنەوەکان نەک تێکۆشان بن بۆ جێبەجێکردنی ئامانج و پرەنسیپی سیاسیی. سەرۆک هەمیشە بە ئاسانیی لە هێڵی سیاسیی راستەوە دەتوانێت با بداتەوە بۆ چەپ بە بێ ئەوەی هیچ لە سەری بکەوێت. تەنانەت

سەرۆک توانیویەتی بڵاوە بە بزووتنەوەکەی بکات یان ڕێکخراوەکەی هەڵ بووەشێنێتەوە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە بنەڕەتدا ئەندام هەڵگری پرەنسیپ و مورالێکی سیاسیی نییە تا نەتوانێت لەگەڵ پێچەوانەی مورالەکەیدا بڕوات. ئەندام سەری بەتاڵی بۆ سەرۆک هەڵگرتووە. ئەو چۆنی بۆ پڕ بکاتەوە ئەم ئەوەیە. ئەمڕۆ چەپ سبەینێ ڕاست. ئەندام کە هیچی خۆی پێ نەبێت، لەگەڵ ئەمەدا زیاتر دەگونجێت. ئەندام بۆ ئەوە نییە چی دەکات لە پڕۆژەیەکی سیاسییدا. بەڵکو بۆ ئەوەیە چی پێ دەکرێت و چی لێ دەکرێت.

لە ڕەوشی مەڕمیللەتییدا ئەندام سەرۆک بۆ بچوکیی خۆی هەڵ دەبژێرێت. بچوکیی خۆیەتی کە گەورەیەک بۆ خۆی دروست دەکات. ئێمە ڕاهاتووین کە سەرنجمان لە سەر خراپەی دەستەڵات بێت. بەڵام خراپەی دەستەڵات باش ناڵێت دەربارەی گەلەکەشی. ئەوانەی خراپەی دەستەڵات دەشارنەوە، ئەوە ئەو خراپانە دا دەپۆشن کە لە خۆیاندا هەیەو لە دەستەڵات یان پارت دەر دەکەون. دەستەڵاتێکی خراپ لە هەمان کولتوری ئەو خەڵکەیە کە ڕایگرتووە.

لە کۆمەڵگایەکدا کە لە سەر بناغەی گەورەو بچوکیی دروست بووبێت نەک یەکسانیی، سەرکردە ئەو کەسەیە کە ملکەچیی هەمووان دەباتەوە نەک کەسێک بێت نوێنەری پرەنسیپی نیشتیمانیی. ئەو بەرانەی کە بەرانەکانی تر دەبەزێنێت مەڕمیللەتیش دەباتەوە با بە هەر ڕێگایەکی بەدیش بێت. چونکە لە جەوهەردا کێشەکە پرەنسیپی مورالیی نییە. بەڵکو گەورەیی زۆردارێکە کە هاولاتیان دەیانەوێت ڕەوایی پێ بدەن بە بچوکیی خۆیان. ئەوەی لەم پەیوەندییە دەمێنێتەوە کێشەی بابەتیی میللەتە کە ناتوانێت لەم پەیوەندییەدا بوونی هەبێت. هەر وەکو دروشم و

هزراندن بۆ بۆیاخکردن جێگا دەگرێت. ئەمە ئەو چیبوونەیە کە خەسڵەتی سیاسیی بە واتای پارێزەریی و بەڕێوبەریی لێ دروست نابێت. بە رستەیەکی تر، ئەو پەیوەندییە گەورەو بچوکییەی کە مەرمیللەت لەگەڵ دەستەڵاتەکیدا دروستی دەکات خەسڵەتی نییە بۆ سەربەخۆیی، دروستکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگایەکی شارستانیی. هەر ئەوەندەی تیادا دەبێت پرسی کورد خەون بێت نەک ویستی سیاسیی.

دەتوانین لێرەدا بڵێین: نیوەی ئەوەی کە روو دەدات لایەنی دووەم لێی بەرپرسیارە کە میللەتەکەیە. دەستەڵاتێکی خراپکار نیشانەیە بۆ خەڵکانێکی خراپیش. دەستەڵاتێکی پیسخۆر ئەوە دەکات کە کردویەتی، هیچ هۆیەک نییە خۆی بڕوخێنێت. بەڵام کۆمەڵگایەکی داگیرکراو هیچ هۆیەکی ئەقڵیی نییە قبوڵی دەستەڵاتێکی دژکار بکات. بۆیە بۆ بزوتنەوەی رزگاریی کێشەکە جەماوەرە نەک دەستەڵات، من و تۆین کە چی بکەین بۆ ئەوەی لە کۆنتراکتێکی نوێدا خۆمان رێک بخەینەوە؟

**هەبوونی پێوەر و رەچاوی پرەنسیپ.** لە جێگای لەگەڵبوونی پارت و کەس راست ئەوەیە کە خۆت ببەستیت بە پرەنسیپی موراڵییەوە. پرەنسیپ کێشەی یەکەمە نەک سەرۆک. بە پرەنسیپەکان پارت و سەرۆک بنرخێنیت نەک بە پێچەوانەوە ویستی ئەوان بڕیاری راست و هەڵە بدەن. کاتێک بە سەرکردەیەک یان پارتێک دەوترێت نەتەوەیی دەبێت ئەو سەرکردەیە یان ئەو پارتە پرەنسیپە نەتەوەییەکانی لە کرداردا رەچاو کردبن. ئەم سەرکردەیە یان ئەم پارتە کام هەڵوێست و کام ئیشی کردووە کە لە خزمەتی نەتەوەدا بووبێت تا بە کەسێکی نەتەوەیی بناسرێت؟ ناکرێت بە پارتێک بوترێت نەتەوەیی لەبەر ئەوەی بە سەر نەتەوەدا هەڵ دەدات و هەستی نەتەوەیی دەجوڵێنێت. پێویستە هەر یەکێک لە خۆی بپرسێت ئایا ئەو پارتە

یان ئەو سەرۆکەی دوای دەکەوێت کامە بوون کارو پڕۆژەکانی؟ ئایا کەس لە ڕێگای پارت یان بزووتنەوەیەکەوە دەیەوێت هەوڵ بدات بۆ کام ئامانج، بۆ نمونە یەکسانیی ئافرەت و پیاو، ژینگەپارێزیی، وڵاتپارێزیی، سۆشیالیستیی یان کوردایەتیی؟ ئایا جەماوەر دوای کام خەسڵەتەی سەرۆکێک کەوتووە؟ چی لە کەسێکدا دۆزیوەتەوە کەوا لایەنگرو هەوادارێتی؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە چۆنبوونی مرۆڤ دەر دەخات کە لە ڕێگایانەوە بەرەو ڕووی خۆی دەبێتەوە کە ئایا جەوهەری خۆی چییەو چیبوونەکەی کامەیە؟

هەواڵنامەی کتێب

**هەقی هیچ لایەنێک بۆ شکاندنی کیانی ئەوی دی، ناتوانێت لە ڕووی زانسییەوە لە هەقی ئەوانی تر کە کیانیان دەشکێت ڕەواتر بێت.**

# ٦. پەرێز لە قاڵب و مۆدێل

## نە سەپاندنی مۆدێل بە سەر پرسی کورددا نە لەقاڵبدانی بە هیچ ئایدۆلۆجییەکی خواستراو

هیچ مرۆڤێک بۆ ئەوە لە دایک نابێت زەلیل بێت. هیچ گەلێک بۆ ئەوە پێک نایەت گەلێکی تر حوکمی بکات. ئایدۆلۆجییەک گوزارشت لەم جۆرە سروشتانە نەکات ژاکێنەری مرۆڤ دەبێت و لەمپەر دەبێت لە بەردەمی ڕەوتی ئاسایی کۆمەڵگادا.

بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە بنەڕەتدا وزە لەو سەرچاوە سروشتییەوە دەگرێت کە گەلەکە دەیەوێت خۆی حوکمی خۆی بکات. بەڵام ئایدۆلۆجییەک کە لە سروشتی کورد خۆیەوە بۆ ئەو وزە سروشتییە دەرهاتبێت بوونی نییە. پارتەکان بە درێژایی مێژوو ئایدۆلۆجییان لە دەرەوە هێناوە و گەلەکەیان لە خوارەوە پێ لە قاڵب داوە. ئەمەش لەوە دەچێت باڵی مەلێک بقرتێنیت و بڵێیت دوو باڵی تری بۆ دروست دەکەم چاکتر بفڕێت. لە ژێر باری ئەم نەزانییەدا گەلی کورد هەم خوێنی لەبەر ڕۆشتووە هەم هیچ کاتێک بە ئامانجێک نەگەشتووە. پارتەکان بە گوێرەی سەردەم ئایدۆلۆجیی و هزریان گۆڕیووە. هەموو جارێک وەکو مەلا نەسرەدین دەنوک و قاچی لەقلەقەکەیان بڕیوەتەوە بۆ ئەوەی بە حسابی خۆیان لە تەیر بچێت.

بە گشتیی پارتەکان بە ناوی شۆڕش، پرۆلیتاریاو بەرژەوەندیی گەلەوە لە سروشتی مرۆڤ و ڕاستیی کۆمەڵگا شتێکی تریان دروست کردووە. پارتەکان نەک سروشتی مرۆڤیان بە بناغە وەرنەگرتووە، بەڵکو بە ئاسانیی تەنانەت خوێنی مرۆڤیشیان

حەڵاڵ کردووە لەبەر ئەوەی لەگەڵ قاڵبەکەی ئەواندا نەهاتۆتەوە. ئنجا وەکو مەلیک مەحمود ساڵی ١٩٢٢ وتویەتی، دەستەڵاتێک کە مرۆڤەکەی کوشت ئیتر چی تیادا دەمێنێتەوە. پارتەکان راستیی میللەتیان بە فکرێک لە قاڵب داوە کە لە ئایدۆلۆجییەکی باوەوە هێناویانە. مارکسیزم بە حساب فەلسەفەی چینی کرێکارە. بەڵام ئایا ئەو چینی کرێکارەی مارکسیزم باسی کردووە لە کوردستان هەبووە؟

(ساڵانی هەشتاکان نوسەرانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی مارکسیی/لینینیی دەیانویست بیسەلمێنن کە کرێکار ئەوەندە لە کوردستاندا هەیە کە ئەمان بتوانن پێی ببن بە مارکسیی/لینینیی. ئەمان فەلسەفەکەیان هەبوو بەڵام چینەکەیان نەبوو. نەشیان دەویست لە شانوشەوکەتی مارکسێتیی باو بێنە خوارەوە. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێرانیش کورد بوون و هەر لە کوردستانیش هەبوون. بەڵام بۆ ئەوەی لەگەڵ فەلسەفەی مارکسییدا بێنەوە رێکخراوەکەیان کردبوو بە ئێرانیی و دوو سێ کەسی فارسیشیان هێنابووە سەرکردایەتییەوە. خەباتی پرۆلیتارییەکەشیان بۆ کارگەکانی تاران و ئێران شەڕی نێوان خۆیان و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو. ئەمەش ئەوەی پیشان ئەدا کە کێشەی یەکەم باوەڕەکە بوو نەک راستیی، لە قاڵبدان بوو نەک تێگەشتن، شێواندن بوو نەک بەڕێوبردن، ئەقڵکوێریی بوو نەک ئازادیی و لە ئەنجامیشدا وەحشەتگەریی بوو نەک شارستانیی.)

بیرکردنەوەی راست ئەوەیە کە: راستییەک هەیە ئایدۆلۆجییەکی پێویستە پێستی لەشی ئەو راستییە بێت. ئایدۆلۆجیی بۆ ئەوەی زانستیی بێت پێویستە لەو کۆمەڵگایەوە هەڵ قوڵابێت کە دەبرێت بەڕێووە. ئایدۆلۆجییەک کە رێگایەک بێت بۆ تێگەشتن و تیۆریی رێڕەوی سروشتیی کۆمەڵگاکەو گەشەی مرۆڤەکانی بێت. ئایدۆلۆجییەک لە گەلێکی ترەوە خواسترابێت تەنها بۆ ئیفلیجکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگاکە دەبێت. ئەمەش لەبەر هۆیەکی ساکار:

هیچ کەسێک ناتوانێت بچێتە پێستی یەکێکی ترەوە. کەس بە مێشکی خۆی نەبێت بە مێشکی کەسێکی تر ناڕوات بەڕێوە. ئایدۆلۆجییەک کە لە کۆمەڵگایەکەوە هەڵ قوڵا بێت کۆمەڵگایەکی تری پێ دەشێوێت نەک دەبرێت بە ڕێوە. ژمارەیەک لە خوێندەواران لێکچوون دەدۆزنەوە لە نێوانی کۆمەڵگای کوردو کۆمەڵگایەکی تردا بۆ ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بن ئەو ئایدۆلۆجییەی لە کۆمەڵگایەکی تردا کارا بووە بهێنرێت بۆ کۆمەڵگای کوردیش یان ئەو جوڵانەوە کۆمەڵایەتییانەی کە لە وڵاتێکی تر روو دەدەن لای ئێمەش روو بدەن. بەڵام راستە ئەوەی ئەو ژورەی پڕ کردۆتەوە هەوایە. ئەمەی ئەم ژورەشی پڕ کردۆتەوە هەر هەوایە. بەڵام هەوای ئەم ژورە هەوای ئەو ژورەی تر نییە.

دەبێت لێرە قەیرانی ئەقڵ و زانین بێت کە پێویست بەوە بکات ئێرە ئەقڵ و زانین لە کۆمەڵگایەکی تر بخوازیت. بەڵام گواستنەوەی هەر ئەقڵ و زانینێک بە هەمان ئەقڵ و زانیاریی دەکرێت کە دەگوێزرێنەوە. کۆمەڵگایەک دەبێت خۆی ئەو ئەقڵ و زانینانەی هەبن کە وەریان دەگرێت بۆ ئەوەی گونجاوبن. ئنجا کە خۆشی ئەو دوانەی هەبن چ پێویست دەکات هەمان شت وەر بگرێتەوە؟ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەقڵ و زانین وەرناگیرێن. وەکو گواستنەوەی کاڵایەک نین. ئێمە توانیومانە تەلەفیزیۆن و کۆکاکۆلا بهێنینە وڵاتەکەمانەوە. بەڵام بە بێ ئەو ئەقڵەی کە بەرهەمی هێناون و چارسەری پاشماوەکانیشیان دەکات. بۆیە ئەو ئایدۆلۆجیی و بیرۆکانەی کە وەر دەگیرێن دەبێت لێرە بێ ئەقڵییەک و نەزانییەک هەبن بۆ پێشوازییان. لە راستییدا ئەو ئایدۆلۆجیی و بیرۆکانەی بابەتی دیموکراتیی، مارکسیزم و ئیسلامی سیاسیی هەر چاویلکەی رەنگاوڕەنگ بوون و بەرچاویان گرتووین دنیاکەمان وەکو خۆی نەبینین. هەرگیز گوزارشتیان لە راستیی ئێمە نەکردووە. بە هەر ئایدۆلۆجییەک ئەقڵ گرێ درابێت، سەر

کرابێت بە هەر تورەکەیەدا، ئەنجامەکە ئەقڵ کوێریی بووە، بێ بەشبوون بووە لە ئەقڵی ئازادو زانینی سروشتیی.

کورد هەر ژێردەستی ئەوە نەبووە کە لولەی تفەنگی سەربازی لە سەر سەر بووە. بەڵکو ڕێگای لێ گیراوە کە ئەقڵی خۆی بە کار بهێنێت بۆ تێگەشتن و بەڕێوەچونی خۆشی. زمانی لێ قەدەغە کراوەو بە سەریا سەپاوە بە جۆرێکی ناسروشتیی بیر بکاتەوە. لەو چوار شێوە کۆنتراکتە دابڕاوە کە بوون و ژیان دەبەستن بە دنیاوە. چوار کۆنتراکت کە مرۆڤ و کۆمەڵگا وەکو دارێک را دەگرن و گەشەی پێ دەدەن. لە پەیوەندیی بەو چوار شێوە کۆنتراکتەوە کە وەکو رەگ وان، چیبوون، چۆنبوون و کێبوون سروشتیانە بونیاد دەبن. ئەو خەسڵەتانەی کە سەرچاوە لە ئازادییەوە دەگرن خەسڵەتێکن کە مرۆڤ و گەل دەبێت هەیانبن بۆ مرۆڤبوون. ژمارەیەک شکستیان لەو پاساوەدا دەر دەکەوێت کە گوایە باوی سەربەخۆیی نەماوە، ئێستا دنیا بەرەو ئەوە دەڕوات کە سنورەکان هەڵ بگیرێن. ئەمانە کە خۆیان سنوریان نییە هەڵی بگرن، حسابی خۆیان وەکو ئەوانە دەکەن کە سنور هەڵ دەگرن. هەڵگرانی شکست خۆیان لە کوردبوون دەدزنەوە دەچن مرۆڤ بن. بێ زمان، بێ خاک و وڵات، هیچی خۆیان پێ نییە، وەکو باڵندەیەکی ئاوەڕوتکراو دەیانەوێت وەکو گەلانی ئازاد بفڕن. بەڵام بە بێ خۆبوون کە کوردبوونە، کەسی ژێردەستەی بێ ماف و شێوێنراو ناگات بە مرۆڤبوون.

کورد بە گشتیی لە ڕێگای ئیسلامەوە ئەقڵکەچی عوسمانییەکان و دواتر لە ڕێگای کۆمۆنیزمەوە ئەقڵکەچی گەلانی داگیرکەر بووە. خەباتی رزگاریی و بەرەنگاربوونەوەی ژێردەستیی لە رووی ژیریی و ئایدۆلۆجییەوە نەیتوانیووەو ناتوانێت بەرەوڕوی ئەم راستییە نەبێتەوە. عەبدوڵا ئۆجەلان و هەڤاڵەکانی کاتی خۆی

بەرامبەر بە ئەوە وەستانەوە کە خوێنەوارانی کورد لە بەرگی کۆمۆنیزمدا خۆیان لە کوردبوون دەشاردەوە. ئیسمائیل بێشکچیش کە خۆی تورکە، ئەم رەخنەیەی لە کوردانی چەپ و کۆمۆنیست دەگرت و کوردستانی بە کۆلۆنی لە قەڵەم دەدا. لە تورکیادا هیچ دەرفەتێک نەمابوو لە بەردەمی کورددا کە کورد بتوانێت خۆی بێت. هەموو رێگاکان بۆ ئەوە بوون کە کورد تیایاندا کورد نەبێت. ئەمەش نکۆڵییکردنە لە سروشتی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو. دەوڵەتێک بە ئەقڵێکی سەرەتاییەوە توانیویەتی تاوانێکی وا گەورە بکات. گەلێکیش ناچار بووە ئەم ژێردەستییە قبوڵ بکات کە هەموو بەهاکانی تیادا لە دەست بدات. جیهانێکیش توانیویەتی لەم غەدرە بێ دەنگ ببێت و گوێی خۆی لێ کەڕ بکات.

گەلێک کە ئازاد نەبێت، نەتوانێت بە ئەقڵی خۆی لە راستیی خۆی ئایدۆلۆجییەک بۆ خۆی رێک بخات، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە بە ئایدۆلۆجییەکی داگیرکار گوزارشت لە ژێردەستیی خۆی بکات. ئەو ئایدۆلۆجییانەی کە باڵهاوێژبوون، لە بابەتی ئیسلام و کۆمۆنیزم، بۆ کورد بەگشتیی ئایدۆلۆجیی ژێردەستەکردنی بوون. کورد کە بەرهەمی مێژوویەکە لە ژێر دەستیی، پێویستە پێش ئەوەی چەک بەرامبەر بە دوژمنەکەی هەڵ بگرێت یەخەی مێژووەکەی خۆی بگرێت. غیرەتی هەڵکێشانی پرسیاری لە رابوردوی خۆی هەبێت. مێژوویەک کە داگیرکەرەکانی لە خاڵی ژێرکەوتنەوە بۆیان خستوتە سەر سکە، بۆیان داناوە بە چ شێوەیەک بیر بکاتەوە یان بیر نەکاتەوە.

لە ژێردەستییدا گەلێک بەهاکانی لە ناو دەبرێن، بونیادی مورالّی کە پێی را دەوەستێت، ناسنامەو کەرامەتی ئەداتێ، دەڕوخێنرێن. ئەو دەرفەتەی لێ زەوت دەکرێت کە لە خۆیەوەو بە پێی سروشتی خۆی گەشە بکات. پێوەرو پرەنسیپی بۆ تێگەشتن و نرخاندن تێک

دەچێت. سیستێمی سروشتیی بیرکردنەوەو لۆجیکی دەژاکێت. ڕاست و چەپ، باش و خراپ تێکەڵاو دەکات.

داگیرکردن و ژێردەستیی زۆر لەوە قوڵترن کە ئاسایی دەبینرێن. ئایا کەسانێک کە سوپایان بۆ داگیرکەری نیشتیمانەکەی خۆیان دروست کردبێت بە کام پێوەر دەبنە پیاوانی گەورەی ئەو نیشتیمانە لەبەر ئەوەی کتێبیان بۆ دەر کردبێت؟ داگیرکردن هەر خاک لە میللەتێک زەوت ناکات، تەنها زمان و هاتوچۆ قەدەغە ناکات، بەڵکو ئەو پێوەرانەشت لێ زەوت دەکات کە ڕاست و هەڵەیان پێ لە یەکتریی جیا دەکەیتەوە. چ گەلێکی سەربەخۆ پەیکەری بۆ کەسێک کردووە کە جاشی لەشکری داگیرکەری نیشتیمانەکەی بووبێت کورد نەبێت؟

هەواڵنامەی کتێب

**گەلێک نەتوانێت لە ڕاستیی خۆی**
**ئایدۆلۆجییەک بۆ خۆی ڕێک بخات،**
**دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە بە ئایدۆلۆجییەکی**
**داگیرکار گوزارشت لە ژێردەستیی خۆی بکات.**

# ٧. ڕەهایی و پێوەر

**پرسی کورد مافێکی ڕەهایە، خۆی پێوەرە. پێویستی بە پەسندکردنی هیچ هێزو ئایدیایەکی تر نییە.**

ئایدۆلۆجییە جیاوازەکان هەر یەکەیان بە گوێرەی خۆی تێڕوانینی هەبووەو هەیە لەسەر کێشەی کورد وەکو میللەتێکی داگیرکراو. بەڵام هەموویان لەو خاڵەدا کۆ دەبنەوە کە پرسی کورد دەکەن بە کێشەیەکی گوێرەیی نەک ڕەها. واتە، کێشەی کورد بەندە بە کێشەیەکی سەرەکیی ترەوە، خۆی لە خۆیدا بەس نییە. دەبێت پرسی کورد لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا بێتەوە کە بۆ ئایدۆلۆجییەکە ستراتیجە. بۆ نمونە کۆمۆنیزم کاتێک پرسی کوردی لا ڕەوا بوو کە جوڵانەوەی کوردیی بکەوتایەتە بەرەی کۆمۆنیزمەوە. ئەگینا جوڵانەوەیەکی کۆنەپەرستانە بوو ئەگەر دژی دەوڵەتێک بووایە کە لە بەرەی یەکێتی سۆڤییەتدا بووایە. بەم پێیە کوردێک لە ناو ئەم جۆرە پارتەدا لە ڕێگای پارتەکەیەوە ڕای هەیە دەربارەی پرسی کورد نەک خۆی هەڵگری پرسەکە بێت. بۆیە لێرەدا ئەو خاڵە ڕون دەبێتەوە کە نوێنەرایەتیکردنی پرسی کورد شتێکەو هەبوونی هەڵوێست و ڕا دەربارەی شتێکی ترە. ئەو کوردانەی لە کوردبوونی خۆیان هەڵ دێن نوێنەری پرسی کورد نین، ڕایان هەیە دەربارەی. ئایا بیرکردنەوەی ڕاست کامەیە؟

١. هەڵەیە مۆدێل بە سەر پرسی کورددا بسەپێنرێت و لە قاڵبی هیچ باوەڕێک بدرێت. پرسی کورد پێویستی بە پەسندکردنی هیچ

هێزو ئایدۆلۆجییەک نییە. بەوە نارەوا نابێت چونکە لایەنێک تەمغەی حلێبیی (ئۆکەی) لێ نادات. ئێمە ئەگەر بەو جۆرە بیر بکەینەوە مانای وایە لە کێشە ڕەواکەی خۆمان بە گومانین. مانای وایە پێویستمان بە ئەوەیە کە ببین بە بەشێک لە ئایدۆلۆجییەک یان لایەنێک کە بە ڕەوای دەزانین بۆ ئەوەی ڕەواییمان بەر بکەوێت.

بەڵام لە ڕاستییدا مافی گەلێک کە بیەوێت لە سەر خاکی خۆی سەربەست بژی مافیکی ڕەهایە. نە دودڵیی دەوێت نە ڕاستە ئاڵۆز بکرێت. پرسی کورد خۆی لە خۆیدا پێوەرە. بە پێچەوانەوە، دژایەتییکردنی مافی سروشتیی مرۆڤ و گەلان، ناپەسەندیی و وەحشەتگەریی هەڵوێستگران دەگەیەنێت. گومان و پرسیار دەخاتە سەر هەر ئایدۆلۆجییەک کە ئەو هەقەی تەواو نەدیبێت. ئەمە شتێکە کە هەر لایەک کە لافی شارستانیی لێ بدات دەبێت خۆی لێ بپارێزێت. بۆ هەر عەرەبێک، تورکێک یان فارسێکی ئەقڵ ساخ گرنگە بۆ تێگەشتن لە هەر دەسەڵات و ڕێکخراوێکیان کە لافی بەڕێوبەریی وڵات لێ دەدات، تەماشای ئەوە بکات چۆن پرسی گەلانی ترو خودی مرۆڤ دەبینێت. چونکە ئەوەی بۆ گەلێکی دی دڕندە بێت ناتوانێت بۆ گەلی خۆشی فریشتە بێت. ئەمەش لەبەر هۆیەکی ساکار: مرۆڤ ناتوانێت لە پشت چاویلکەیەکی سورەوە بەشێک لە شتەکان سپی ببینێت. بۆ نمونە:

(کاتی خۆی هەندێک کورد دەیان وت سەددام بۆ عەرەب خۆی باشە. دوایی بۆیان دەرکەوت کە ڕژێمی سەددام بۆ عەرەبەکانیش لەو خراپەیەی کوردی پێ بوو. تەماشای نمونەی دەستەڵاتی ئێستای تورکیا بکەن. پێش ئەوەی ڕۆژی نۆی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٩ هێرش بکاتە سەر خۆرئاوا لە "ڕەئس ئەلعەین"ەوە، ئۆردوگان و ئاکەپە دەستوری تورکیایان لە دەنگدانێکی گشتییدا

رۆژی ٢٠١٧/٠٤/١٦ که به ڕێژەی ٥١٪ سەرکەوت، به ئاراستەی دیکتاتۆرییدا گۆڕی بوو. بەڕێوبەرایەتیی پەرلەمانییان گۆڕی بۆ سەرکۆماریی و پۆستی سەرۆکوەزیران لابرا (١٧). پێشتر بۆ نمونه ڕۆژنامەی "ژورنالیست"ی سویدیی ڕۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٩ بڵاوی کردەوه که ١٩١ ڕۆژنامەنوس له تورکیادا بەند بوون. ئەمه جگه له ژمارەیەک خراپەکاریی دی (١٨).)

٢. زانست بریتییه له ناسینی سروشتی دنیای ماددیی و جوڵانەوه تیایدا. ٤ک زانست دەکات به سەرچاوەی خۆی. ئەمەش ئەوه دەگەیەنێت که ٤ک بۆ گوزارشتکردنه له پرسی کوردو نوێنەرایەتیکردنی. ئایدۆلۆجیی خواستراو ناتوانێت ئەو ئەرکانه ببینێت. چونکه یەکەم، له پەیوەندیی به جیهانێکی ماددیی تردا هەڵ قوڵاوەو دووەم، گوزارشت لەو جیهانه ماددییەی خۆی دەکات که تیایدا هەڵقوڵاوەو نوێنەرێتی.بۆیه دەتوانێت ڕا و هەڵوێستی بەرامبەر به پرسێکی دی هەبێت نەک گوزارشتی لێ بکات. دیاره ئەم ڕاو هەڵوێستەش له گۆشەی خۆیەوه ئاراسته وەر دەگرن. زانست دەبێت سەرچاوه له بوونه مادییەکەوه بگرێت. ئایدۆلۆجیی دەبێت خۆی ڕاست بکاتەوه به گوێرەی سروشتیی ڕاستییەکان نەک بوونه ماددییەکه بۆ هزرو باوەڕ دا بتاشرێت.

٣. نه کوردستان و گەلانی، نه ئەو وڵاتانەی که کوردستانیان داگیرکردووه، له بارێکی ئارام و ئاساییدان. بۆیه ڕزگاریی کوردو سەربەخۆبوونی کوردستان چەند کێشەی گەلی کورده، ئەوەندەش کێشەی گەلانی ئەو وڵاتانەیه که کوردستانیان ژێردەسته کردووه. گەلانی داگیرکەر ناتوانن له لایەکەوه پێش بکەون و له لایەکی ترەوه گەلێکی تر ژێردەسته بکەن. ئەو کەسەی یەکێکی تری

دابێت بە زەویدا خۆشی بە پێوە نییە. دەستەڵاتێکی داگیرکەر بە هەمان ئەقڵ کە گەلێکی تری پێ دەچەوسێنێتەوە، گەلەکەی خۆشی خراپ دەبات بەڕێوەوە. پێشکەوتنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بە شێوەیەکی دینامیکیی گەشە ئەدات بە جوڵانەوەی شارستانیی وڵاتانی داگیرکەریش و لەگەڵیدا یەک دەگرێتەوە. گەلانی داگیرکەر ناتوانن بچن بۆ پێشەوە ئەگەر سەربەخۆیی گەلانی داگیرکراو رێگایەکی ئەم پێشکەوتنەیان نەبێت. بۆیە شکستی گەلی ژێردەستە بە قازانجی هێزی خراپکاری گەلی داگیرکەر دەشکێتەوە. لەم روانگەیەوە گرنگە کەناڵی پەیوەندیی بدۆزرێتەوە لەگەڵ کەسان و رێکخراوە پێشکەوتوەکانی گەلانی وڵاتی داگیرکەردا کە رزگاریی گەلان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لایان ستراتیجە.

٤. هاوڵاتی کوردستان پێویستە یەک دڵ بێت بۆ مافی سروشتیی سەربەخۆیی لە بەرامبەر بە خۆی و گەلانی وڵاتانی داگیرکەردا. ئەم یەک دڵییەش هەم بە رۆح هەم بە هۆشیاریی و زانست لە کردەوەشدا دەر ببڕێت. چونکە رزگاریی گەلانی کوردستان ئازادیی گەلانی وڵاتانی داگیرکەریشە لە دواکەوتوویی و وەحشەتگەریی.

هەواڵنامەی کێپر

# ٨. ڕێکخستنەوەی گەلی کوردستان

### ڕێکخستنەوەی گەلی کوردستان پشتبەست بە زانست و لە سەر بناغەی پاراستنی کیانی مرۆڤ لە کۆنتراکتێکی سیاسییدا

خاڵە سەرەکییەکانی ئەم کۆنتراکتە بریتین لەم بەندانەی خوارەوە:

١. ئەرکی دەستەڵاتی سیاسیی پاراستنی خەڵکەکەی و بەڕێوبردنێتی بە باشترین شێوەی توانا. هەر دەستەڵاتێک لەم پرەنسیپە لای دا ڕەوایی سیاسیی نامێنێت. ئەم دەستەڵاتە ئیتر بۆ ئەوە نابێت بەرپرسیاریی جەماوەر یان بەرپرسیاریی ئەندامەکانی پێ بسپێردرێت، بۆ ئەوە دەبێت بخرێتە ژێر لێپرسینەوەوە.

٢. هەر دەستەڵاتێک ڕەوایی حوکمی نەمابێت و لا نەچێت بە دەستەڵاتێکی لادەرو یاخی لە هەق و یاسای سروشتیی دادەنرێت. لەم کاتەدا:

یەکەم، گەل هەموو هەقێکی لە دەستدایە بۆ لابردنی دەستەڵاتی ناڕەوا.
دووەم، ئەرکێکی نیشتیمانیی هەر هاوڵاتییەکە قبوڵی دەستەڵاتی ناڕەوا نەکات.
سێیەم، بۆ گەل هەموو ڕێگاو دەستیاوێک کە لەباتییان نەبن ڕەوایە بگرێنە بەر بۆ لابردنی دەستەڵاتی ناڕەوا.

(مەبەست لە دەستیاوی بێ لەباتیی ئەوەیە بۆ نمونە، تا دەنگدان بتوانێت دەستەڵاتی ناڕەوا لا بەرێت پێویست بە خۆپیشاندان

ناکات. ئەگەر دەنگدان هیچی پێ نەکرا پەنا دەبرێت بۆ فشار و ناڕەزایی. فشار سەری نەگرت ڕاپەڕین و زەبر. واتە، هەتا زەبر ڕێگایەک هەبێت لەباتی شیاو نییە بەکارهێنانی.)

٣. دەستەڵاتی سیستێم لە جیاتی دەستەڵاتی تاکە کەس. کۆمەڵگاو چارەنوسی مرۆڤ نادرێنە دەست هزرو ئارەزوی سەرۆکێک ئەو بیفۆرمێنێت. کێشەی میللەت دەبێت مسۆگەر پارێزراوبێت. نابێت لە دەستی "کەس"دا بێت بکەوێتە مەترسییەوە. سەرۆک کاتییەو پابەندە بەو ڕێنماییانەوە کە لێکۆڵینەوەی زانستیی بەردەوام دەیانخاتە ڕوو.
٤ک خۆی دەپارێزێت لە باوەڕ، هەڵوێستێک ناگرێت و کردەوەیەک ناکات چونکە باوەڕ ئاوا پێویست دەکات. لە جیاتی باوەڕ زانست دەکات بە سەرچاوەی تێگەشتن، داڕشتنی پرەنسیپ و ڕێنمایی کە لەوانەیە پێچەوانەی باوەڕ بن. بەڕێوبردنی کۆمەڵگا سیستێمێکی داڕێژراوی زانستییانەی دەوێت. دروستیی و نادروستیی هەر هەڵوێست و بڕیارێک بەندە بە پشتبەستن بە زانستەوە. هەموو هزرو تیۆرییەک بەردەوام جێگای گومان، پیاچونەوەو گۆڕینە.

لەم سیستێمە سیاسییەدا دەستەڵاتی مرۆڤەکە، سەرۆکی وڵات بێت یان فەرمانبەر، دەستەڵاتی پۆستەکە دەبێت نەک دەستەڵاتی خودی کەسەکە. تاکە کەس بۆی نابێت دەستەڵات لەگەڵ خۆیدا بەرێتە دەرەوەی ئیشەکەی. ئەم دەستەڵاتە لە یاسا و ڕێنمایی حقوقییدا دیاری دەکرێت. تاکەکان لە سیستێمەکەدا یاسا پیادە دەکەن نەک هەوەس و بەرژەوەندیی خۆیان. دەستەڵاتدار لە دەرەوەی ئیش

حاکمی وڵات بێت یان کەناس وەکو یەک لە بەردەمی یاسادا حسابیان بۆ دەکرێت.

٤. ڕێکخستنی خەڵکی کوردستان لە یەکێتییەکی ئۆرگانییدا.
**مەبەست لە ڕێکخستنی ئۆرگانیی ئەوەیە کە هەموو پێکهاتەکانی گەل یان کۆمەڵگا بە هاوڵاتیان، توێژو چینەکانییەوە لە یەکێتییەکی تەواوکەرییدا گشتێک دروست دەکەن. سەرجەمی چالاکیی ئەم گشتە ئامانج و ڕێڕەوی گەلەکە دیاری دەکات، وەکو چۆن ئۆرگانی دڵ بە کۆی بەشەکانی لە یەکێتیی و هاریکارییدا ئامانجەکەی گەڕانی خوێنە لە لەشدا.**

ڕێکخستنی کۆمەڵگای کوردستان لە یەکێتییەکی ئۆرگانییدا کە تیایدا یەکەم، چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە هاریکارییدا بن نەک لە دژایەتیی یەکتریدا وەکو کۆمۆنیزم دەیبینێت. دووەم، ئەندامانی کۆمەڵ باوەڕی خۆیان بە ڕێگای گونجاو دەدەن بە کەسانی سیاسیی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. دەسەڵاتی باوەڕپێکراو هێزی ئەم یەکێتییە ئۆرگانییە کە گەلەکە دەگرێتەوە، بە کار دەهێنێت بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئەندامەکانی لە کوردستان و جیهاندا. ئەم ڕێکخستنە ئۆرگانییە لە سەر بناغەی یەکسانیی و سەربەستیی ئەندامەکانی دەبێت، بە شێوەیەک کە هەموو یەکێک بێ جیاوازیی لەگەڵکردن هەلی بەشداربوونی لە دەستەڵاتداو توانای سیاسیی بۆ بڕەخسێت، بەم پێیە کۆمەڵ بتوانێت لێهاتوویی ئەندامەکانی بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەو کەسەکانی بەکار بهێنێت.

(لە کۆمۆنیزمدا بە پێچەوانەی ئەم تێگەشتنە ئۆرگانییەوە، یەکێتی سروشتیی گەل شەق دەکرێت بە سەر دوو بەرەی دژ بە یەکدا، سەرمایەداریی و

کرێکاریی. لە جیاتی ئەم یەکێتییە یەکێتی چینی کرێکارانی جیهان بە دەر لە گەلەکانیان پێک دێت. بەم پێیە سیاسەتی پارتی کۆمۆنیزم لە وڵاتێکدا سەرچاوە لە سیاسەتی کۆمۆنیستیی جیهانییەوە دەگرێت نەک لە هەلومەرجی ئەو وڵاتەوە یان لە نەتەوەوە. ئەم دیاردەیە وای کردبوو کە کاتی خۆی بە کۆمۆنیستەکانیان دەوت لە روسیا باران ببارێت کۆمۆنیستەکان لێرە چەتر هەڵ دەدەن. کۆمۆنیزم وەکو ئیسلام رەنگی زۆری دایەوە لە ناو کۆمەڵگای کوردەوارییدا. تا رادەیەک بوو بە ئایینی خوێندەواران و ئایدۆلۆجیی زۆربەی پارتەکان. لە ئەدەب و هونەردا رەنگی دایەوەو بوو بە پێوەر بۆ نرخاندن و هەڵسەنگاندن. یەک ڕەنگیی و قبوڵنەکردنی رای جیاواز تا ئەو رادەیەی کە ئەگەر دوو پارتی کۆمۆنیست لە وڵاتێکدا هەبن یەکێکیان لادەرە. هەرچەندە لە کوردستان چینی کرێکاران بەو واتایە نەبووە کە مارکس باسی دەکات، بەڵام باوەڕەکەی ئەو ئەقڵەی دروست کردبوو کە چەپەکان دژی ئایین و هەموو زانیارییەکی دەرەوەی کۆمۆنیزم بن. بە چاوی رق و دوژمنەوە تەماشای حاجی، مەلا، شێخ، خاوەنکار بکەن، جوتیار بە هەلپەرست و مامۆستاو پزیشک بە بۆرجوازیی بچوک بزانن. کۆمۆنیزم روخا لێ ئەو ئەقڵەی کە کۆمۆنیزم بوو بە قالبی درێژتر لە روخانی کۆمۆنیزم بەردەوام دەبێت.

چەوسانەوە بە گوێرەی مارکسیزم ئەو کاتە کۆتایی دێت کە چینی کرێکار دێنە سەر حوکم، دیکتاتۆریی کرێکاران دا دەمەزرێت و خاوەنداریی تایبەت نامێنێت. هەرەوەزیی جێگای سەربەستیی کەس دەگرێتەوە. ئایین لا دەبرێت، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەبن بە موڵکی گشتیی. کۆمەڵگای چینایەتیی لە ناو دەچێت و جیاوازیی ئابوریی دروست نابێت. هاوڵاتیان بە هەرەوەز کار دەکەن، وەکو یەک دەخۆن و دەژین. دەتوانین بە رستەیەک بڵێین: بەهەشتی کۆمۆنیزم بە پێچەوانەی بەهەشتی ئیسلامەوە، لە سەر ئەرز دەبێت.)

## ٥. دانانی سنورێکی سوری سیاسیی و کولتوریی رەها بۆ خۆبەستنی رێکخراوی کوردستانیی بە وڵاتانی داگیرکەر و بێگانەوە.

٤ک بەرژەوەندیی کوردستان و گەلی کوردستانی لای ستراتیج و ئامانجە، خۆبەستنی هەر پارتێک لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بە هەر وڵاتێکی دەستێخەرەوە بە لادانی نەتەوایەتیی لە قەڵەم دەدات. لەم کاتەدا هێزو کەسانی خۆبەست هەڵوێستیان لێ دەگیرێن و هاریکاریی و پشتگیرییان لێ ناکرێن. دیارە گرنگە کە خۆبەستنەوە بە وڵاتانەوە جودا بکرێتەوە لە رێکەوتن لەگەڵ وڵاتاندا. لە باری دووەمدا رێکەوتن دەبێت یەکەم، لە سەر بناغەی بەرژەوەندیی هەردوو لا بێت، دووەم، بەرژەوەندییەکە دیار بێت و رێکەوتنەکە تەواو رێک خرابێت، سێیەم، هەر دوو لایەنی رێکەوتوو هاوسەنگ بن ئەگەر نا دەبێت زامن هەبێت بۆ پڕ کردنەوەی کەم هێزیی لایەنی لاوازی رێکەوتنەکە.

٦. هیچ کەسێک و هیچ دەستەڵاتێک مافی ئەوەی نییە بڕیار بدات یەکێکی تر چۆن بیر بکاتەوە یان چۆن هەبێت لە ژیاندا، بە بێ جیاوازیی نەژادو رەگەز.

هەر مرۆڤەو هەر بوونەوەرێکی دی جۆرێتییەکە بۆ خۆی. هیچ جۆرێتییەک بە هیچ بیانویەک ناتوانێت ببێت بە پێوەر بۆ جۆرێتییەکانی دی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە:

١. هیچ بوونەوەرێک مرۆڤ، سەگ، مەل یان مێرولە بێت کەمتر نییە لەوی تر. هەر جۆرێتییەک یەکسانە بە ژمارە یەک. ٢. هەر بوونەوەرێک پێوەرە بۆ خۆی. ئەو نرخەی کە بوونەوەرێکی وەکو مرۆڤ بۆ بوونەوەرێکی دی دابنێت پێوەری مرۆڤ خۆیەتی بۆ ئەو ناخوات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەڵسوکەوتکردنی مرۆڤ لەگەڵ بوونەوەرەکانی تردا بە

شێوەیەک کە نرخیان کەمتر بێت لە مرۆڤ پێچەوانەی پرەنسیپی زانستە و لادانە لە رێکەوتنی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا. ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە هیچ مرۆڤێک هۆمۆ، ناتەواو یان بە هەر جۆرێکی دی بێت، بە پێوەری یەکێکی دی کەمتر نانرخێت. هەر کەسەو وەکو جۆرێتییەک تەماشا دەکرێت. ئەمەش دەمانباتە سەر ئەوەی کە بڵێین:

لۆجیکی فایزیی لێرەدا ئەوەیە کە بۆ دورکەوتنەوە لە هەڵە ئەوە بابەت نییە بۆ نمونە ئافرەتان، ئایین جوداکان، هۆمۆکان، نێرەموکەکان و نەژادەکانی دی مافەکانیان کامانە بن، لە کوێدا سنوری مافەکانیان کۆتاییان بێن؟ بەڵکو بابەت ئەوەیە کە هیچ کەس و لایەنێک هەقی ئەوەی نییە مافی سروشتیی بۆ کەسێکی دی دیاری بکات. لە بەر ئەوەی ماف بۆیە سروشتییە چونکە لە کولتورو دابی کۆمەڵگاوە نەهاتووە یان دەستەڵات دروستیان ناکات. هۆمۆیەک دەتوانرێت سزا بدرێت لە سەر ئەوەی لە جادە خێرا ئۆتومبیلی لێ خوڕیەوە. بەڵام ناتوانرێت سزا بدرێت یان جیاواز تەماشا بکرێت لە سەر ئەوەی کە هۆمۆیە. هیچ لایەن و هیچ کەسێک ناتوانێت مافی سروشتیی بدات. بۆیە رەواش نییە بسەنرێتەوە. بەڵام دەوەشێتەوە خراپکارانە زەوت بکرێت.

هیچ ئایین و ئایدۆلۆجییەک هەقی زەوتکردنی مافی سروشتیی نییە. هیچ مورالێک بە هیچ بەڵگەکاریی و پاساوێک ناتوانێت رەوایی بدات بە داماڵینی مافی سروشتیی لە هیچ بوونەوەرێک مەگەر مورالێک کە مورالی بێ مورالیی بێت. بێ مورالییەک کە سنوری مافە سروشتییەکان بشکێنێت، سیمای کردگار بشێوێنێت،

ڕەوایی بدات بە کوشتارو دڕندە بێت. لێرەوە بۆ ستراتیجی سیاسیی گرنگە ئەنجامێک بگرین:

مافە سروشتییەکان بنچینەی مۆراڵن. لە سەر ئەستێرەکەمان ئەرز، دەوڵەتان و کەسان لە جیهاندا پێویستە ئەو داواکارییەیان لە سەر بن کە ئاستی مافی سروشتیی لە سەر هەموو رادەکان رابگرن. ئەمەش بە لایەنی کەمەوە دوو خاڵ دەگرێتەوە:

١. هەر کەس و دەوڵەتێک بۆ ئەوەی لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکرێت پێویستە خاوەنی مۆراڵێک بێت کە مافە سروشتییەکانی رەچاو کردبن. چ لە سەر رادەی گەلان و کەس چ لە سەر رادەی ژینگە کە سروشت نەشێوێنرێت، دەستدرێژیی نەکرێتە سەر ئەو بوونەوەرانەی کە تیایدا دەژین و لەگەڵ ئێمە هاوسەفەرن لە ژیاندا.

٢. مافی سروشتیی سەرەکییە هیچ مافێکی لاوەکیی نایسڕێتەوە.

(مافی سروشتیی لە نموونەی رووداوەکەی "لاش ڤیلکس"دا دەر دەکەوێت. لاش ڤیلکسی سویدیی رۆژی ٢٠٠٥/٠٩/٣٠ چەند کاریکاتێرێکی لە سەر پێغەمبەری ئیسلام لە رۆژنامەی "یلاندە پۆست"ی دانمارکییدا بڵاو کردەوە. رۆژی ٢٠٠٥/٠١/٢١ یانزە سەفیری وڵاتانی ئیسلامیی داوایان کرد لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی دانیمارک کۆببنەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لە سەر ئەو کاریکاتێرانە بکەن. بەڵام سەرۆکوەزیرانی دانیمارک داواکەیانی وەر نەگرت (١٢). سەرۆکوەزیران لای وابوو کە دانیشتن لەگەڵ سەفیرەکان ئەوە دەگەیەنێت کە شتێک هەیە بۆ گفتوگۆ لەسەرکردن. بەڵام شتی وا نییە. ئازادیی بیروڕا یەکێکە لە کۆڵەکەکانی دیموکراتیی و لە دەستووردا پارێزراوە. لە وڵاتانی ئیسلامیی جیهانەوە شەپۆلێکی درێژیی ناڕەزایی و پەلامار دەستی پێ کرد. بەڵام سەرەڕای زیانیی ماددیی هیچی لە هەڵوێستی وڵاتانی

سکەندەناڤی و ئەوروپیی نەگۆڕی. سیاسەت پرەنسیپە. ئەوەی سەرگردەکانی کورد نیانە.)

سەربەستیی هەر ئەوە نییە کە لە ژێر حوکمی پێوەری یەکێکی تردا نەبیت، بەڵکو ئەوەشە کە خۆت نەکەیت بە پێوەر بۆ نرخاندن و هەڵسەنگاندنی بوونەوەرێکی تر، رێگا نەدەیت بە خۆت یەکێکی تر بە پێی ویست و ئەقڵی تۆ هەبێت و بژی، سنور بۆ خۆت دابنێیت. خۆت رزگار بکەیت لەو ئارەزوە سەرەتاییەی کە دەست بە سەر یەکێکی تردا دەگرێت. ئەم رێگایەی دواییان لە یەکەم گرنگترە بۆ ئەم جۆرە گەلانەی ئێمە. چونکە ئەو کەسەی سەربەستیی لێ زەوت دەکرێت ئەو رەفتارەی تیادا تەمغە دەبێت کە ئەویش سەربەستیی لە یەکێکی لاوازتر لە خۆی زەوت بکات. بۆیە بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە زنجیرەیی نەڕوات و بقرتێت، دەبێت مرۆڤ بە سەر حەزیدا زاڵ ببێت، دژی ئارەزوی نێگەتیڤی خۆی لە پێناوی دنیایەکی باشتردا هەنگاو بنێت. ئەم هەڵوێستەش موراڵ و دیسپلینی دەوێت. موراڵێکی پتەوی دەوێت کە مرۆڤ بە پێی بەهاو رەوشتی خۆی بجوڵێتەوە، نەک کاردانەوەی کردەوەو دابی بەرامبەرەکەی دیاری بکات ئەمیش چی بکات و چۆن بکات؟ دیسپلینێکی پتەو کە بەرگریی لە موراڵ بکات و نەیەڵێت زیان بهێنێت. بۆ نمونە کاتێک تیرۆریستەکان رۆژی ٢٠١٥/١١/١٣ لە پاریس ١٣٠ کەسی موڵکییان کوشت، فەرەنسییەکان دەنگی ئەوەیان لێ بەرز بۆوە کە کوشتارەکە نەبێتە هۆی ئەوەی موراڵیان زیان بهێنێت، کوشتارەکە نەبێتە هۆی دروستبوونی کاردانەوەی هەڵە بەرامبەر بە موسوڵمانان و بێگانە بە گشتیی. لە فەرەنسا ئەو ساڵە ژمارەی کوژراو گەشتە ٢٣٠ کەس (١٣).

رۆژئاوای کوردستان نمونەیەکی تری ئەم بابەتەیە. ئەگەر شەڕڤانان موراڵێکی خۆیان و دیسپلینیان نەبووایە، مەترسیی ئەوە دروست دەبوو کە ئەوانیش تۆڵە زاڵ ببێت بە سەریانداو وەکو داعشەکان دوژمنەکانی خۆیان سەر ببڕیایە، ئافرەتەکانیشیان لاقە بکردنایەو بیانفرۆشتنایە. لێ ئەوان لەم جەنگەشدا سەر کەوتن. ئەو دڕندەییەی کە داعشەکان و تورکەکان کردیان بەرامبەر بە کورد، کوردانی رۆژئاوا توانیان بە هۆی موراڵێکی بەرزو دیسپلینەوە، هەمان شت نەکەنەوە بەرامبەر بە ئەوان. بە رستەیەکی دی، نزمیی ئاستی موراڵی ئیسلامییە توندڕەوەکان نەیتوانی موراڵی کوردانی رۆژئاوا لە کاردانەوەی خۆیدا دا ببەزێنێت.

هەواڵنامەی کتێب

---

**هەر کەس و دەوڵەتێک بۆ ئەوەی لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکرێت، پێویستە خاوەنی موراڵێک بێت کە مافە سروشتییەکانی رەچاو کردبن.**

---

# ٩. سەربەخۆیی بەڕێوبەریی و ئابوریی

**پشتبەستنی گوند، شارۆچکەو شارەکان بە خۆیان لە رووی ئابوریی و بەڕێوبەرییەوە. کۆتاییهێنان بە دەست بەسەرداگرتن و کۆکردنەوەی داهاتیان لە دەستی ژمارەیەک دەستەڵاتداردا.**

دەستەڵاتی داگیرکار لە سەرەوە تا خوارەوە دەست دەگرێت بەسەر هەموو ماف و بەرپرسیارییەکی هاوڵاتیدا لە کۆمەڵگادا. هەموو بڕیارێک دەکەوێتە دەست تاکە دەستەڵاتدارێکەوە. لە دامەزراندنی فەڕاش، پاسەوان، مجەوەری مزگەوتی گوندێکەوە تا وەزیرێک لە پایتەختدا خۆی و حیزبەکەی بڕیاری لە سەر دەدەن.

هەموو لایەک لە گوندەوە تا پەرلەمان و وەزیرەکان گوزارشت دەبن لە کارەکتەری تاکە کەسانێک. دەستەڵاتدار بە هێزی "هەموو هاوڵاتیان" سواری ملی هەر هاوڵاتییەک دەبێت. ئەمەش وا دەکات کە دەزگاکان توانای بڕیاردانیان نەبن. زۆر جار هاوڵاتی دەست پڕ لە عەریزە لە دەزگاکاندا دەهێنرێت و دەبرێت بە بێ ئەوەی بگاتە ئەنجام. بە گشتیی تەنها ئەو کارانە ئاسان رایی دەکرێن کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی دەستەڵاتدارەکان خۆیانەوە هەن.

ئەم داگیرکارییە حوکم بە شێوەیەک رێک دەخات کە هەموو کۆمەڵگا هەر لەش بێت و بە سەری بچوکی ژمارەیەک دەستەڵاتداری بازرگان ئیش بکات. سەرچاوەی بژێوی هاوڵاتیان لە لای دەستەڵاتی داگیرکار کۆ دەبێتەوە. بە شێوەیەک ئەوەی دەستەڵات نەیدات هاوڵاتی نەیبێت بیخوات. ئەوەی دەستەڵاتی

داگیرکار رێگای پێ نەدات هاوڵاتی نەتوانێت بیکات. کام رێکخستن؟ کامەیە پرەنسیپەکانی؟

سەربەخۆیی ئابوریی و بەڕێوبەریی بناغەی رزگاربوونی میللەتە لە دەستەڵاتی داگیرکار. لە رێگای رزگاریی ئابورییەوە هاوڵاتی دەپارێزرێت لە ناچاریی لە پێناوی ژیاندا. هەروەها لەم رێگایەوە هاوڵاتی توانای بە سەر ژیان و بەڕێوبردنی خۆیدا دەشکێت. ئەمەش دەبێتە رەخسانی ئازادیی هەڵبژاردن و بیرکردنەوە. بە ئەمەش مرۆڤ گوزارشت لە خۆی دەکات، گەشە دەکات و پێش دەکەوێت. بە بێ ئابورییەکی سەربەخۆو ئیشی بێ منەت مەحاڵە ئازادیی بیرکردنەوەو سەربەستیی بەرقەرار ببن. کەواتە تێکۆشان بۆ رزگاریی، سەربەستیی کۆمەڵگاو ئازادیی مرۆڤ، هەوڵدانە لە پێش هەموو شتێکدا بۆ رێکخستنی کۆمەڵگا لە سەر ئەو پرەنسیپانەی کە کۆمەڵگا ئابورییەکی سەربەخۆو مرۆڤ بژێویێکی بێ منەتی هەبێت. ئەمە رەوشێکی ئاساییە کە مرۆڤ و کۆمەڵگا تیایدا بژی. چونکە لە بنەڕەتدا دەستەڵاتی سیاسیی بۆ ئەوەیە کە کاروباری کۆمەڵگاو هاوڵاتیان ببات بەڕیووە نەک ژێردەستەیان بکات. ئەوەی کە ئەرکی راگرتن، پاراستن و دامەزراندنەوەی ئەم رەوشە ئاساییەشی لە سەر شانە هاوڵاتییە نەک دەستەڵاتی خراپکار. بەڵام لە ژێر سایەی دەستەڵاتی حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و دەستەڵاتی داگیرکاری کوردییدا هەرگیز کۆمەڵگای کوردستان سەربەخۆیی نەدیووە. کاتێک کە دەوڵەتی عوسمانیی روخاوە کورد داگیرکەری لە عوسمانییەوە گۆڕیووە بە ئینگلیزو عێراق. ژێردەستیی بە جۆرێک رەگی داکوتیووە کە بە گشتیی جەماوەر چاوەڕێی هێزێکی دادوەر دەکات

بێت ئەم رزگار بکات یان ببیات بە ڕێووە. یان چاوی لەوەیە کە شوانێکی باشی هەبێت. وەکو کەسایەتیش مرۆڤێک دروست بووە کە هەمیشە چاوەڕێی ئەوەیە کە ئایا دەستەڵات چی لەم دەکات یان چی بۆ دادەنێت.

پرەنسیپ ئەوەیە کە مرۆڤ لە کۆمەڵگادا بتوانێت لەسەر قاچی خۆی بووەستێت و بە پێی سروشتی خۆی گەشە بکات. ناچار نەکرێت و ویژدانی خۆی نەفرۆشێت. بۆ گەیشتن بە ئەم مەبەستانە رێنمایی ٤ک لەم خاڵانەدا کۆ دەبێتەوە:

١. هەموو یەکەیەکی رێکخستن لە گوندەوە تا شار پشت بە خۆی دەبەستێت، لە سەر بناغەی ئابورییەکی سەربەخۆ بونیاد دەنرێت. ئەمە بەو واتایە دێت کە هەر یەکەیەکی ئابوریی و بەڕێوبەریی لە پرەنسیپدا بەرپرسیارە لە داهات و خەرجیی خۆی. ٢. هەر یەکەیەکی رێکخستن رێژەیەک باج لە داهات دەدات بە خەزێنەی گشتیی. ئەو داهاتی باجەی کە لە لای "دەستەڵاتی گشتیی" کۆ دەبێتەوە لەگەڵ داهاتی تری نیشتیمانییدا دەچێتە "خەزێنەی گشتیی"یەوە. دەستەڵاتی گشتیی ئەم داهاتە گشتییە بە پێی سیاسەتی گشتیی داڕێژراو بەکار دەهێنێت. ٣. هێزی گشتیی بۆ هەمووە بێ جیاوازیی. ئەو توانا ئابوریی و بەڕێوبەرییەی کە هەموو یەکەکانی رێکخستن پێکڕا پێکی دەهێنن بە بێ جیاوازیی بۆ هەموو هاوڵاتییەکە و لە هەموو شوێنێکدا بە گوێرەی پێویستی کەس، شوێن و بەرژەوەندیی گشتیی بە کار دێن. بە شێوەیەک کە ئاستێکی دیاریکراوی دەرامەت، پەروەردەو خزمەتگوزاریی لە سەرانسەری وڵاتدا را بگیرێت. هەروەها

هەولنامەی کتێب

دەرفەتی بەشداریی لە پرۆسەی سیاسیی و شارەزاییدا بۆ هاوڵاتیان وەکو یەک برەخسێت. سیاسەتی گشتیی هەموو یەکەیەکی ڕێکخستن بگرێتەوە.

سیاسەتی گشتیی لە ڕێگای وەزارەتەکان یان دەزگا گشتییەکانەوە پیادە دەکرێت کە لە یاساو ڕێنماییەکاندا گوزارشتی لێ دەکرێت. بۆ نمونە، سیاسەتی گشتیی پەروەردە لە ڕێگای قوتابخانەوە، سیاسەتی گشتیی دڵنیایی کۆمەڵایەتیی لە ڕێگای دەزگای کۆمەڵایەتییەوە یان سیاسەتی کشتوکاڵیی و ژینگە لە ڕێگای دەزگاو وەزارەتی پەیوەندیدارەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**پرەنسیپە مرۆڤ بتوانێت لە سەر قاچی خۆی بووەستێت و بە پێی سروشتی خۆی گەشە بکات.**

# ١٠. دیاریکردنی سنوری کوردستان بناغەی ئاشتییە لە عێراقدا

لە سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ئینگلیزەکان و عێراق لە گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ کورد نەیان دەویست دان بە خاکی کوردستاندا بنێن. کوردیان وەکو کەمایەتییەکی بێ خاک و میوان لە نیشتیمانی خۆیدا حساب دەکرد. زۆر جار لە مێژوودا دەبینرێت کە ویستراوە کورد لە خاکەکەی دا ببڕن. لە مێژووی سەردەمدا لە باشوری کوردستان دوبارە هەمان سیاسەت پیادە کرایەوە. دەستەڵاتی پارتە کوردییەکان لە دروستکردنەوەی عێراقدا لە کردەوەدا وازیان لە نیووەی خاکی باشور هێناو بە ناوی "ناوچە دابڕاوەکان" یان "ناوچە ناکۆکیی لەسەرەکان" ناوی دەبەن. لە دوای ئەم وازهێنانە بە قسەی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەی کە خۆیان دروستیان کرد، لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لە سەر ماددەی ١٤٠ ڕێک کەوتون. ماوەی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیەش ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/٣١ تەواو بوو. لە کردەوەدا ئەم ماددەیە نەک چارەسەری گرفتەکە ناکات، بەڵکو خۆی ئاڵۆزییەکی دییە.

لە ڕاستییدا بابەتەکە بە جۆرێکی ترە لەوەی کە ناوچە دا بڕابێت لە کوردستان. ڕاستییەکە ئەوەیە کە پارتەکان بە تایبەت یەکێتی و پارتی ئەو ناوچانەیان درایە دەست کە هەتا ڕۆژی ٢٠٠٣/٠٣/١٩ لە ژێر دەستەڵاتی ئەواندا بوو. ئەو ناوچانەش سلێمانی، هەولێرو دهۆکی دەگرتەوە. ئیتر هیچ ڕێکەوتنێک لە سەر بناغەی نەتەوەیی

و کوردستان لەگەڵ عێراق و ئەمەریکا کە ئەو کات داگیرکەری عێراق بوو، نەکراوە. لە دەستوری عێراقیشدا نە کورد وەکو نەتەوە نە خاکەکەی وەکو نیشتیمانی دانی پیادا نراوە. ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئەگەر هەر شارێک بیەوێت لە رێگای دەنگدانی هاوڵاتیانیەوە هەرێم لەگەڵ شارێک یان شارانی دیدا دروست بکات. ئەمەش مافێکە بۆ هەموو عێراق نەک تەنها بۆ کورد. ئایا ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی ناوچەی حکومەتی هەرێمن و دەستەڵاتی پارتە کوردییەکان ناویان دەبەن بە ناوچە دابڕاوەکان دەیانەوێت دەنگ بدەن بۆ ئەوەی بچنە سەر هەرێمی کوردستان؟ ئایا ئەم مافە دەستورییە دەیانگرێتەوە؟ لەو راستییانەی سەرەوە بۆمان دەر دەکەوێت کە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر بناغەیەکی نەتەوایەتیی بونیاد نەنراوە. حکومەتی دەستەڵاتی پارتە کوردییەکانە لە سەر بەشێک لە خاکی کوردستان. ئەم حکومەتەش هۆکاریی سیاسیی دوای روخانی رژێمی سەددام حسەین دروستی کرد. نە بناغەی مافی هەیە نە یاسا. دەستکەوتی جەنگە بۆ ژمارەیەک دەستەڵاتدار و سودمەندەکانیان. بۆیە نە خەسڵەتی سیاسیی هەیە نە بوونیادێکی نەتەوایەتیی.
٢. ماددەی ١٤٠ گوزارشت و رەتوشی وازهێنانە لە نیوەی خاکی باشور. ئەم ماددەیە کە لە کردەوەدا جێبەجێکردنی خەیاڵییە، ماوەی جێبەجێکردنەکەی، وەکو پێشتر پەنجەمان بۆ را کێشا، تەواو بووە.
٣. ٤ک ئەو ناوچانە ناو دەبات بە "ناوچەوازلێهێنراوەکان" نەک "ناوچە دابڕاوەکان" یان "ناکۆکیی لەسەرەکان". چونکە ئەو ناوچانە لافاو نەیبردون، دەستەڵاتی پارتەکان لە رێکەوتنیاندا

لەگەڵ عێراقدا بە ئاگاوە وازیان لەو ناوچانەی باشور هێناون.

٤. خاکی نیشتیمان شێروخەتی لە سەر ناکرێت، بۆ دۆڕاندن نابێت. لەبەر ئەوە ئەمە پرەنسیپێکی هەڵەو رەدکراوەیە کە ساخکردنەوەی خاکی نیشتیمان بخرێتە شانسی دەنگدانەوە.

٥. تێگەشتن و سیاسەتی چارەسەرەیی پێویستە لە دەرەوەی ئەو بازنەیە بێت کە دەستەڵاتی هەرێم پرسی کوردی لە عێراقدا تێ خستووە. پرسەکە دەبێت سەربەست لەوەی کە ئەوان دروستیان کردووە، سەرچاوە لە بناغەیەکی زانستییەوە بگرێت.

## تێگەشتن و هەڵوێستی ٤ک

لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا قەڵەمڕەوی عوسمانیی روخا. ئینگلیزەکان هەر لە ساڵی (١٩١٤)ەوە پەیوەندییان لەگەڵ شەریفی مەکە حسێن بن عەلی کردبوو کە ئەگەر دژی عوسمانییەکان رابپەڕێت ئەوان هەموو وڵاتی عەرەبی بۆ دەکەن بە دەوڵەتێک. هەروەها فەرەنساو بەریتانیا بەیانیان کرد ئەوان پشتگیریی رزگاریی گەلان دەکەن و یارمەتییان دەدەن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیان. بەڵام ئەو گفت و پەیمانانە چەکی سیاسیی و پڕوپاگەندە بوون. لە رێکەوتنی سایکس بیکۆدا ساڵی ١٩١٦ بە نهێنیی خاکی عەرەبیان لەت لەت کردبوو بۆ ژمارەیەک وڵات و بە سەر خۆیاندا دابەشیان کردبوون. کوردستانی ژێر دەستی عوسمانیی لەتێکی خرایە سەر ئەو وڵاتەی کە ناو نرا عێراق. لەو کاتەوە کورد لە عێراقدا کرا بە ژێر دەستەی دەستەڵاتە عەرەبییەکانی عێراق. ئینگلیزەکان ئەو کەسانەیان لە عێراقدا کرد بە حوکمدار کە ئەو مافانەی بە خۆیان رەوا دەبینی بۆ کوردیان بە

ڕەوا نەبینن. جگە لە ئەمە لە ناو کورد خۆشیدا ژمارەیەک هەڵپەرست و ناپاکی دروست کرد کە دژی سەربەخۆیی کورد کار بکەن و بنوسن. هەمیشە لە کەسانی پیاوچاکیان داوەو پشتگیریی کەسانی خراپیان کردووە لە عێراق و کوردستاندا کە دەستەڵات بگرنە دەست. ئینگلیزەکان لە دوای خۆشیان هەلومەرج و هۆکاری ئاژاوەوە شەڕیان بەجێ هێشت لەم عێراقە تازەیەدا. ئەم ژێردەستییەی کورد بوو بە کەرەسە بۆ ناکۆکیی و شەڕ لە نێوانی کوردو حکومەتەکانی عێراقدا. جگە لە ناکۆکیی نێوان شیعەو سوننە ناکۆکیی نێوان کوردو عەرەبیش بووە بە هۆکاریی نەهامەتیی بۆ گەلانی عێراق. گەلانی عێراق چەند بە چەک و خوێن دژی بێگانەو داگیرکەری عێراق جەنگابن بەڵام لە رووی سیاسییەوە نەگەشتونەتە ئەو ئاستەی کە بنەماکانی ناکۆکیی و نەهامەتیی نەهێڵن. ئەمەش بە پێچەوانەی ئەوروپاوە کە لە دوای جەنگەکانیانەوە هۆکاری ناکۆکیی و جەنگی نێوانیان نەهێشت و ڕێگایان ڕاکێشا بۆ ئەم یەکێتییە ئەوروپییەی ئێستایان.

بۆیە دیاریکردنی سنوری کوردستان لە کورد زیاتر بۆ عەرەب گرنگە. چونکە ئەو کاتە هەردوو گەل زیاتر پێکەوە تەبا دەبن و ڕێگا لە دەستتێخستنی وڵاتان دەگرن بۆ نانەوەی ناکۆکیی و شەڕ. جگە لەمەش کوردو عەرەب زیاتر لە یەکتر نزیک دەبنەوەو دەتوانن وەکو سامانی مرۆڤیی لەیەک بڕوانن، سیاسەتی ئابوریی و ئاسایشی هاوبەشیان هەبن. وەکو کاتی خۆی مەلیک مەحمود وتویەتی: "ئێمە بە دراوسێتیی دەتوانین برابین نەک بە ژێردەستیی."

بۆیە سەرکردەی پارتە کوردییەکان کە وازیان لە نیوەی خاکی

باشور هێناوه خزمەتیان بە عەرەبیش نەکردووە. بەڵکو ڕێگایان داوە برینەکان سارێژ نەبن و هەلومەرجی ناکۆکیی و شەڕ لە عێراقدا هەر بەردەوام بێت. ئەو ناکۆکیی و ئاژاوەیەی کە بازرگانی جەنگی پێ سودمەند دەبێت و لە سەر گەلانی عێراق زۆر دەکەون.

**دیاریکردنی سنوری کوردستان لە کورد زیاتر بۆ عەرەب گرنگە.**

سەوالأەی کتێب

# ١١. پێشمەرگەو خاک و خەڵک

## خوێن ڕشتنی پێشمەرگە تەنها لە پێناوی خاک و خەڵکدا ڕەوایە

ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەو هێزە ئاسایشییەکان لە سەر بناغەی پرەنسیپی وڵاتپارێزیی و مرۆڤایەتیی. پاراستنیان لە یاریکردن بە ژیانیان و سوکایەتیکردن پێیان بە جۆرێک کە لە ڕێگای موچەوە نەکرێن بە کۆیلەی بەر دەرگا، نەپاڕێنەوە بۆ نان و بە کوشت نەچن بۆ گیرفانی دەستەڵاتداران.

پێشمەرگە پێویستە لە ماف و ئەرکی خۆی بە ئاگا بێت، بەرپرسیار بێت بەرامبەر بە ڕۆڵی خۆی، چەک بۆ دەستەڵاتداری بازرگان هەڵ نەگرێت، دژی بەکارهێنانی پێشمەرگە بێت بۆ بەرژەوەندیی بێگانە، کەسانی مورالبەرز بەرپرس و سەرکردەی بن، لولەی تفەنگ نەکاتە میللەت و هەمیشە لە بەرەی خەڵکدا بێت. هێزە ئاسایشییەکان و پۆلیس پارێزەری کۆمەڵگا، هاوڵاتیی و مافەکانی مرۆڤ بن. ڕێنمایی و یاسا بناسن و پیادەیان بکەن، سەر بە کەسان نەبن.

پێشمەرگە بە هێزی کەرامەت و مورال بەرگریی لە خاک و خەڵک دەکات. شکاندن و سەرشۆڕکردنیان گەورەترین گورزە لە هێزی بەرگریی نیشتیمانی بدرێت.

هەڵدان بە سەر پیشمەرگەدا و پاداشتدانەوەی کەسوکاریان رەوایی نادەن بە شەهیدبوون. پێویستە سەرچاوەی تایبەت هەبێت بۆ رەواییدان بە پرسی جەنگ و چاودێرییکردنی.

ئایا پێشمەرگە لە پێناوی چیدا بە کوشت دەچن؟ سەرکردەکانیان چۆنی دەسەلمێنن کە ئەوان نوێنەری باوەڕپێکراوی ئەو پرەنسیپانەن کە رەوایە پێشمەرگە لە پێناویاندا گیانی بەخت بکات؟ بە چ هەقێک دەستەڵات پێشمەرگە دەنێرێت بۆ جەنگ؟

## نۆرم و ئەرکی پێشمەرگە

مرۆڤ بۆ ئەوەی نرخی خۆی بزانێت پێویستە لە پێگەی خۆی بە ئاگابێت. مرۆڤ لە چوار شێوە کۆنتراکتدا (رێکەوتن) بەستراوە بە دنیاوە. یەکەم، مرۆڤ ئەرکێتی کە رێزی خۆی بگرێت وەکو بەشێک لە سروشت کە تیایدا دروست بووەو دەژی. دووەم، مرۆڤ بەرامبەر بە کۆمەڵگا کە ئەندامێکە تیایدا، قەرزارباره کە شتێک نەکات بە زیانی خۆی و کۆمەڵگاکەی تەواو ببێت. سێیەم، مرۆڤ بەرامبەر بە خێزان و کەسوکار بەرپرسیارە کە یارمەتیدەر بێت، کارێک نەکات ببێتە مایەی زیان و ئازار بۆیان. چوارەم، بایۆلۆجی هەر کەسێک داگیراوەتەوە بە تەمەنێک. بەرپرسیاریی هەر کەسێکە کە تەمەنەکەی بباتە سەر، تیا نەچێت پێش ئەوەی بمرێت. ئەم خاڵانە پێویستە ئیشیان بۆ بکرێن ببن بە نۆرم. پێشمەرگە ئەو ژیانە بەخت دەکات کە ماوەتەوە بەردەوام بێت. چ شتێک دەهێنێت ئەم پڕۆسە سروشتییە بشکێنێت؟

به پێی ئەو پێوەرانەی سەرەوە پێشمەرگە ئازاد نییە لەوەی کە بێ حساب گیانی خۆی بەخت بکات. خۆبەکوشتدان بێ حساب یان بە بێ مەرج پێشمەرگە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەمە بێ ئاگایی پێشمەرگەو کۆمەڵگا نەبێت چۆن مرۆڤێک دەبێت بێ هۆکارێکی رەوا خۆی بە کوشت بدات؟ پێشمەرگە پێویستە بە شێوەیەک پەروەردە ببێت کە دڵنیا بێت بۆ چ مەبەستێک دەچێتە جەنگەوە. پێشمەرگە دەبێت مافی ئەوەی هەبێت کە هۆکارێکی راست و قبوڵکراوی هەبێت بۆ خۆبەختکردنی. پێشمەرگە پێویستە هەڵگری مورالێک بێت کە ئەگەر هۆیەکی رون و رەوا نەبێت بۆی نەبێت خۆی بدات بە کوشت.

## سەرچاوەی رەواییدان بە جەنگ

لە مێژووی کورددا دەستەڵاتی داگیرکەر بە گوێرەی بەرژەوەندیی خۆی پەنای بردووە بۆ فتواو ئیسلام. دەستەڵات رووی داوە فتوای مەلای بە کار هێناوە بۆ بەرژەوەندیی دەستەڵات بۆ لێدانی کورد. لە مێژووی سەردەمیشدا شەڕی نێوان کۆمەڵەو دیموکراتی ئێران، شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی جۆرەها بۆیاخی ئایدۆلۆجیی لێ دراوە. لە هەمان کاتدا جوڵانەوەی چەکداریی کورد لە ئاکام و راستییدا پیشانی داوە کە خوێنی پێشمەرگە بۆ بەرژەوەندیی وڵاتان و بازرگانانی جەنگ رێژراوە نەک کوردستان. هیچ شەڕێکی ناوخۆیی بۆ چەسپاندنی هیچ پرەنسیپێک نەبووە. بەڵکو بۆ دەستگرتن بووە بە سەر مەیدانی پێشمەرگایەتییدا بۆ بازرگانیی پێوەی.

هەواڵنامەی کتێب

مەلیک مەحمود ساڵی ١٩٢٣ هەڵوێستی ئەوە بووە کە پێشمەرگە بۆ بەرژەوەندیی دەستەڵاتدارو بە هەوانتە بە کوشت نادرێت. وەکو پێشتر باس کرا، لە سەر ئەو پرەنسیپە رۆشتووە کە پێشمەرگە تەنها لە پێناوی میللەتدا رەوایە خوێنی بڕژێت (١٥٢/٤). بە پێی ئەم پرەنسیپە رەدی کردەوە لە پێناوی پارەو موڵکدا چەک هەڵ بگرێت بۆ ئینگلیزو عێراق شەڕی دژی تورکیان بۆ بکات بە بێ ئەوەی ئەوان دان بە مافی کورددا بنێن.

ئەمڕۆ پێشمەرگەو هەموو لایەنەکانی بەرەی گەل قەرزاربارن بەوەی کە دەبێت داوای کۆنتراکتێکی سیاسیی بکەن بەرامبەر بە لایەنی دەستەڵات بۆ ئەوەی زامنی پێشمەرگە بکات نەبێت بە کاڵای بازرگانیی. بۆ ئەم مەبەستەش بە لایەنی کەمەوە دەبێت دوو خاڵی سەرەکیی مەرجی پێشمەرگە و گەل بن بۆ ئەوەی کە پێشمەرگە پێشمەرگەبێت نەک کەرەسەی بازاڕی خوێن:

یەکەم، ئەو ئامانجانە رون و رەوا لە بەر چاوبن کە پێشمەرگە لە پێناویاندا دەچێتە جەنگەوە.

(لە شەڕی گرتنەوەی موسڵدا دەستەڵات و میدیاکان بە گشتیی وایان دەر دەخست کە ئەو ناوچانەی پێشمەرگە دەیانگرێتەوە لە دەست داعش دەخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئەمەش درۆیەک بوو لەگەڵ خەڵک دەکرا.)

دووەم، سەرکردەو دەستەڵاتدارەکان پێویستە نوێنەری باوەڕپێکراوی ئەو پرەنسیپ و سیاسەتانە بن کە پێشمەرگە لە پێناویاندا دەبن بە پێشمەرگە.

(بۆ نمونە ئەگەر پێشمەرگە لە پێناوی خاک و گەلدا خۆی بە کوشت دەدات، ئایا بڕیاردەرو ئەو بەرپرسانەی گوڵ دەخەنە سەر تەرم و گۆڕی شەهیدان دەست پاک، وڵاتپارێزن و بۆ خاک و بەرژەوەندیی گەل خەبات دەکەن؟ ئەگەر نا پێشمەرگە لە پێشدا پێویستە ئەمەیان یەکلایی بکاتەوە.)

پێشمەرگەیەک لە پێناوی خاک و بەرژەوەندیی گەلدا خۆی بەکوشت بدات بە هیچ شێوەیەک نابێت قبوڵی بکات دەستەڵاتداری پیسخۆرو بازرگان بڕیاری بە سەردا بدات. دەبێت کەسانێک نوێنەری بن کە لە ئاستی قوربانییەکەی ئەودا بن. قازی محەمەد ساڵی ١٩٤٧ پێش لە سێدارەدانی دەنوسێت: "پێم وا نییە هەقی خودا نەبێت، هەقی ترم لە سەر بێت" هەروەها قازی دەڵێت: "خودایە تۆ خۆت شاهیدی کە من لە خزمەت بەو میللەتدا خۆم نەبوارد (١٤)." قازی ئەو پرەنسیپانەی دڵسۆزیی و دەستپاکیی بەجێ هێشتووە کە ئەگەر نەبرابن بۆ پێشەوە نابێت مەرج لە سەر دەستەڵاتداران لەوە کەمتر بێت. ئەرکی سەرشانی پێشمەرگە، کەسوکاری شەهیدان و هەموو ئەندامانی وڵاتپارێزی گەل ئەوەیە کە بە لایەنی کەمەوە ئەو مەرجە سیاسییەی مەلیک مەحمودو هەروەها مەرجەکانی دڵسۆزیی و دەستپاکیی قازی محەمەدیان لە سەر دەستەڵات هەبن. دەستەڵاتێک ئەو مەرجانەی تیادا نەبێت ئەرکی هاوڵاتییە قبوڵی نەبێت.

بەخشینی گیان کە لە سەر کۆمەڵگاو کەسوکار قورس دەکەوێت، ناکرێت هەروا بە هەوانتە سەیر بکرێت. وێنە گەورەکردن، پیاهەڵدان، یادکردنەوەو پاداشتدان بە کەسوکاری شەهیدان زۆر دورن لە ڕەواییدان بە شەهیدبوونی پێشمەرگەوە. ئەمە تەنها مەڕمیللەتە کە ئاوا بە ئاسانیی بۆ مەیدانی قەسابیی دەبرێت. ئەرکی

سەرەکیی هەموو لایەکی وڵاتپارێزە کە بە توندیی ئەم پرسە وەر بگرێت. کاتێک کە پێشمەرگە هیچ هەڵوێستێکی تر لە جەماوەرەوە نەبینێت وای لێک دەداتەوە کە خۆبەکوشتدانەکەی لە جێی خۆیەتی. بۆیە لە پلەی یەکەمدا ئەندامانی وڵاتپارێزی گەل بەرپرسیارن لە بەکوشتدانی سەربازانی گەل بە خۆڕایی. ئەگینا دەستەڵاتی بازرگان دەستەڵات و پارەی لە لا ئامانجە. خوێن و نەوتی لە لا وەکو یەکن. مەترسیی یەکەم دوژمن نییە. مەترسیی یەکەم ئەوەیە کە یەکەم، پێشمەرگە لە پێناوی خاکداو بۆ بەرژەوەندیی گەل بە کوشت نەچێت و دووەم، ئەو کەسانە سەرکردەو بڕیاردەری بن کە کەسانی دەستپاک و وڵاتپارێز نەبن.

## دڵنیایی کۆمەڵایەتیی پێشمەرگە

پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە لە پێناوی خاک و میللەتدا ئامادەیە گیانی خۆی دابنێت. کۆمەڵگا لە بەرامبەر بەم قوربانییەی پێشمەرگەدا قەرزارباره بە ئەوەی دڵنیایی کۆمەڵایەتیی بۆ تەرخان بکات بە بێ ئەوەی جیاکاریی بکات لە ئایین، نەژادو باوەڕدا. لەم روانگەیەوە ٤ک رێنمایی ئەم خاڵانە بە لایەنی کەمەوە دەکات:

یەکەم، رزگارکردنی پێشمەرگە لەو سوکایەتییەی پێی دەکرێت بە ناوی حیمایە یان فەوجی تایبەتی دەستەڵاتدارانەوە.

(ئەمڕۆ پێشمەرگە بە پارەی میللەت وەکو کۆیلە لە لایەن دەستەڵاتدارانی هەرێمەوە بە کار دەهێنرێن. هەر کەسێک پلەو پۆستی هەبێت ژمارەیەک بەناو پێشمەرگەشی وەکو دەستکەوت دراوەتێ بۆ لەبەردەرگاوەستان، بازاڕکردن، ئوتومبیل لێخوڕین و خزمەتکاریی یان وەکو ئەندامانی پەڕلەمان پارەکەیان وەر بگرن و پێشمەرگەکان خۆیان بوونیان نەبن.)

دووەم، بەرزکردنەوەی پەروەردەو هوشیاریی پێشمەرگە کە ئەرک و مافی خۆیان بناسن و رێزیان هەبێت بۆ خۆیان و ئەرکەکانیان.

سێیەم، راگرتنی ئابوریی، ئاسایش و پێویستییەکانی خێزانی پێشمەرگە لە ئاستێکی شیاودا لە رێگای دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانەوە. لە رێگای خزمەتگوزاریی تایبەتەوە رەوشی ماڵە شەهید لە هەموو رویەکەوە دابین بکرێت.

٣١/٠٨/٢٠١٥

هەواڵنامەی کتێب

# ١٢. پاراستنی شوێنە گشتییەکان

**پاراستنی هەموو شوێنە گشتییەکان، دەزگاکانی دەوڵەت، موڵکی دەوڵەت، ژیان و موڵکی هاوڵاتیان لە دەستدرێژیی و تاڵانیی. فریاکەوتنی خێرا لە کاتی پەشێویی و کارەساتی کۆمەڵایەتییدا.**

لە رابوردودا دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١، کاتێک کە دەستەڵاتی حکومەتی عێراق لە کوردستاندا نەما، پارتە کوردییەکان کەوتنە تاڵانکردنی کوردستان. لەوانە هەرچی مەکینە، ئامێر، سەیارەو چوارتایەی گەورەو بچوک هەبوو هەموویان کردن بە ئێرانداو فرۆشتیانن. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە شەپۆلی تاڵانکردنی دەزگا حکومییەکان دەست پێ بکات. هەر لە تەلی مسی کارەباوە بیگرە تا ئامێری ناو خەستەخانەکان. ئەم شەپۆلی تاڵانییە ناوبرا بە "ئەودیوکردن" واتە کردنی دزراوەکان بەو دیوو سنوردا بۆ ئێران. دزو تاڵانچییەکانیش ناونران: "هتک" واتە، هێزی تاڵانیی کوردستان. پارتەکان بۆ راپەڕاندنی ئەم تاڵانییە بەرپرسی باڵایان چووە ئێرانەوە. بە کورتییەکەی هەرچی وڵاتی پێ ئاوەدان دەکرایەوە کردیان بەودیوداو هەرچیش وڵاتی پێ وێران دەکرێت هێنایانە ئەم دیووەوە. ئەم کارەی پارتەکان کارێکی گەورەی خراپی کردە سەر مورالّی هاوڵاتیانی باشور. چەندەها ئوتومبیلی هاوڵاتیانیش دەدزران و دەکران بە ئەو دیودا. ئەودیوکردن بناغەی دانا بۆ تاڵانیی دووەم. دوای لێدانی رژێمی سەددام حسەین و گرتنی بەغداد لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو

هەواڵنامەی کتێب

هاوپەیمانەکانییەوە، هێرشی "هتک" ئەم جارەیان دەستی پێ کردەوە بۆ سەر بەغداد. لێشاوی تاڵان لە بەغدادەوە هات بەرەو کوردستان. چەندەها کەسی موڵکیی هەر لە ئوتومبیلەکانیاندا کوژران. ژمارەیەک لە بەرپرسەکانی پارتەکان پشکی شێریان هەبوو لەم تاڵانییەشدا.

ئەم دوو تاقیکردنەوەیە وایان کردووە کە ڕێتێچوونی ئەوە هەبێت هەر کاتێک دەستەڵات نەما کۆمەڵگا بکەوێتەوە ڕەوشی هەڵوەشان و شاڵاوی تاڵانیی دەست پێ بکاتەوە. ئەم بێ مۆراڵیی و کێویی ڕەوتە هەر لەو ڕوداوانەدا تەواو نەبوون. لەگەڵ نەمانی پەشێویی و ئاساییبوونەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتییدا، شێوەی تاڵانییەکەش گۆڕا. دەستەڵاتدارانی تاڵانکار بە بێ هیچ سڵەمینێکەوە لە یاسا، ویژدان و نەریتی هەزار ساڵە، بەردەوامییان دا بە تاڵانیی و داگیرکاریی. کۆمپانیاو دەستەڵات تێکەڵاو بوون. دامودەزگا حکومییەکان کە ئاسایی کاری خۆیان دەکرد دەستیان بە سەردا گیرا. لە حاڵەتی ئاساییدا کۆمپانیاو گەشەکردنی کۆمپانیا لەگەڵ خۆیاندا ئابوریی دەبوژێننەوە، تەکنیک پێش دەخەن، شارەزاو پسپۆڕ دروست دەکەن و زانست گەشە پێ دەدەن. بەڵام لە کوردستان کۆمپانیاکان کە بە پارەی دزیی و تاڵانیی دروست بوون و کاریان بە بێ یاسایی و بێ مۆراڵیی دەڕوات، لەگەڵ پەلهاویشتنی خۆیاندا پیسخۆریی، نەزانیی و نەهامەتییان بە سەر کۆمەڵگای کوردا هەڵ ڕشت.

٤ک ڕێنمایی ئەم هەنگاوانە دەکات:

١. ئیشکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ویژدان و مۆراڵی

هاوڵاتیان.
٢. ڕێگاگرتن لە خواردنی پارەو موڵکی حەرام.

٣. ئیشکردن بۆ دوبارەنەبوونەوەی تاقیکردنەوە کۆنەکانی سەردەمی دوای ڕاپەڕین و تالآنیی دوای ساڵی (٢٠٠٣)ی ڕوخانی ڕژێمی بەعس.
٤. گێڕانەوەی موڵکی گشتیی و پیاداچونەوەی نابەجێییەکان.

**پێم وانییە هەقی خودا نەبێت،**
**هەقی ترم لەسەربێت.**

پێشەوا قازی محەمەد
١٩٤٧

هەواڵنامەی دیبێر

# ١٣. دادوەریی

**نەبوونی یەکسانیی ئابوریی و جیاوازیی موچە پێویستە بناغەیەکی سودمەندیی گشتیی هەبێت بۆ ئەوەی رەوا بێت.**

یەکێک لەو دیاردانەی کە بێدادیی لە کۆمەڵگایەکدا پیشان دەدات سودمەندکردنی ژمارەیەکە بێ هۆکاری زانستیی بۆ مەبەستی تایبەتی دەستەڵات. لە هەمان کاتدا لەمپەر دروستکردن و رێگرییە لە هاوڵاتیانێکی تر کە توانای خۆیان بە کاربهێنن بۆ سودی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان. مانای بێ دادیی لێرەدا دەتوانرێت بەم شێوەیە بهۆنرێتەوە:
"لایەنێکی بێدادیی ئەوەیە کە ژمارەیەک ناهەقییان لەگەڵ دەکرێت و کەسانێکی تریش بێ بناغەیەکی رەوا دەبن بە خاوەن دەستکەوت."

**٤ک بۆ سیاسەتی دادوەریی سێ پرەنسیپ دەکات بە بناغە:**
١. لە کۆمەڵگایەکی ئاساییدا هیچ هاوڵاتییەک رێگریی لێ ناکرێت توانای خۆی بە کار بهێنێت و ئەنجام دەرفەتی گەشەکردنی نافەوتێنرێت.
کەواتە، رێگایەک بۆ تێکۆشان بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد لابردنی لەمپەرە لە بەردەمی هاوڵاتییدا بۆ بەکارهێنانی توانای خۆی و گەشەکردنی بە گوێرەی سروشتی خۆی.

٢. لە بنەڕەتدا مرۆڤ یەکسانن بەڵام لە رووی بایۆلۆجییەوە جیاوازن. جیاوازیی بایۆلۆجییش جیاوازیی مرۆڤ لە باری تواناوە دەخاتەوە. ئەم جیاوازییەش دەبێتە هۆی نایەکسانیی ئابوریی. بۆ نمونە دەستەڵات و دەستکەوتی دوکتۆرێک زۆرتر

دەبێت لە هی کەناسێک. نایەکسانیی ئابوورییش ئەگەر بەری بۆ بەرەڵا بکرێت دەبێتە هۆی جیاوازییەکی ناماقوڵی چینایەتیی و چەوسانەوە کە لە ئاکامدا بە دژواریی کۆمەڵایەتییش دەشکێتەوە. بۆیە پێویستە نایەکسانیی ئابووریی بە پێی پرەنسیپی مورالّی ئابووریی رێک بخرێت. بناغەی ئەم رێکخستنەش دەگێڕینەوە بۆ ئەم تیۆرییەی خوارەوە کە ئیلهامی لە فەیلەسوفی ئەمەریکیی "جۆن رۆلس"ەوە وەرگرتووە:

"لە کۆمەڵگایەکی ئاساییدا هەر دەستکەوت و موچەیەکی زیاد کاتێک رەوایە کە ئەگەر ئەو زیادانە نەبن ئەوا ئەو چالاکییانەی کە بەرهەمەکان دەخەنەوە، زیان دەهێنن. یان کاتێک دەستکەوت و موچەی زیاد رەوان بۆ کەسێک یان بۆ پۆستێک کە بسەلمێت ئەو دەستکەوت و زیادەموچەیە سودی زیاتر دەبەخشێت بە چالاکییەکە و بۆ هاوکارەکانی تریش باشتر دەشکێتەوە." بۆ نمونە، رێستورانتێک موچەیەکی زۆرو چەند دەستکەوتێک دەدات بە ئاشپەزێکی زیرەک و دیار. چێشتی ئەم ئاشپەزە دەبێتە هۆی زیادبوونی کڕیارو سەرئەنجام سەرگرتنی چالاکییە ئابوورییەکە سودی دەبێت بۆ چەند لایەنێکی تری پەیوەندیداریش. ئەم زیادە دەستکەوتە هاندەرە ئەوە دەگەیەنێت کە: نەبوونی یەکسانیی ئابووریی و جیاوازیی موچە پێویستە بناغەیەکی سودمەندیی گشتیی هەبێت بۆ ئەوەی رەوا بێت. ئەم جیاوازییەش لەبەر ئەوە نییە کە یەکێک هەقی ئەو توانایەی بدرێتی کە جیای دەکاتەوە لە کەسێکی تر. بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە چالاکییەکە باش ناڕوات بەڕێووە ئەگەر وا نەکرێت. جیاوازییەکە بۆ نمونە بۆ ئەوەیە کە کۆمپانیایەک یان دەستگایەکی حکومەت بتوانێت لە بازاڕی کراوەدا کەسێکی بە تواناو گونجاو پەیدا بکات بۆ ئەوەی ئەم کەسە چالاکییەکە ببات بەڕێوەو پێشی بخات. ئەم پێشکەوتنەش

بە سودی گشتیی بشکێتەوە. لەم بارەدا دەتوانرێت موچەی زۆر وەکو یەکێک لە تێچووەکانی پڕۆژەکە سەیر بکرێت.

بە پێچەوانەی ئەم تیۆرییەوە لە ئێستای باشوری کوردستاندا دەبینین بەرپرسەکان و پەرلەمانتارەکان مانگانە پارەیەکی زۆریان تێ دەچێت لە هەبوونی پاسەوان، نەسریە، موچە، ئوتومبیل و سەفەر بە بێ ئەوەی سودێکیان هەبێت بۆ کۆمەڵ. لێرەوە دەر دەکەوێت ئەوەی ئەوان دەیبەن بۆ خۆیان هیچ پاساوێکی ئابوریی و سیاسیی نییە جگە لەوە نەبێت کە دەستکەوتی داگیرکاریی و پشکی تاڵانییانە.

٣. ئیش کارکەر هەڵ ببژێرێت. لە کۆمەڵگایەکی ئاساییدا ئیش دەرفەتی هەیە شیاوترین کەس هەڵ ببژێرێت. پۆست دەستی دەگاتە گونجاوترین کەس لە کۆمەڵدا.

لە کۆمەڵگایەکی بێ کۆنتراکتی وەکو ئێستای باشوری کوردستاندا پۆست و ئیش وەکو دەستکەوت و شێوەیەکی تاڵانیی دەدرێن بە بنباڵەکان. پۆستگر یان ئیشپێدراو مەرجی ملکەچیی بۆ سەرباڵەکەی لە سەرە نەک تا چ رادەیەک بەرهەم و پێشکەوتن بە پڕۆژە یان چالاکییەک دەبەخشێت. وەزارەتەکان زیاتر بۆ وەزیری سودمەند هەن. وەزیر جگە لە موچەو قاچوقوچی تر ژمارەیەک کۆیلەشی بە ناوی حیمایەوە دەدرێتێ. چەندەها کەس بە پلەی وەزیریی و بن وەزیریی خانەنشین کراون بە بێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی ئەقلیی هەبێت جگە لە پیسخۆریی. بەو پۆست و سودمەندییەی سەرباڵ و بنباڵەکانیان نەک هاوڵاتیی و میللەت گەشە ناکەن و پێش ناکەون، بەڵکو تەنانەت مرۆڤ زەلیل و کۆمەڵگا توشی نەهامەتی دەکەن. نمونەکانی ناهەمواریش لە گشت کایەکاندا ناسراون لای هەموو لایەک بە دەستەڵاتدارانەوە.

لە ژێر دەستەڵاتی پیسخۆردا کەس بۆ ئیش هەڵ نابژێردرێت. ئیش دەدرێت بەو کەسەی کە یەکێکی لە پشتە. پۆستێکی وەکو بەڕێوبەر، وەزیر یان کورسی پەڕلەمان گونجاوترین کەسی بۆ نادۆزرێتەوە. بەڵکو پۆستەکە وەکو دەستکەوت بۆ نمونە دەدرێت بە بنباڵێک کە ملکەچ بێت یان نەوە یاخود کەسوکاری سەرباڵ بێت.
کاتێک کە کەسانی بەتواناو بە پرەنسیپ رێگایان لێ دەگیرێت رۆڵی خۆیان ببینن ئیتر دەرفەتی گەشەکردنیان نامێنێت. جگە لە ئەمەش کۆمەڵگا بێ بەش دەبێت لەو سودانەی کە ئەو کەسانە دەتوانن پێی بگەیەنن. ئەم دیاردەیەش هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، زانیاریی، کۆمەلایەتیی، کولتوریی، زمان و ئابوریی. بۆ نمونە ئەرکی سیاسەت ئەوەیە کە هەلومەرج ئامادە بکات بۆ هاوڵاتیان کە بتوانن سەر بکەون لە پرۆژە ئابورییەکانیاندا. سەرئەنجامی ئەمەش هەم دەبێتە هۆی پەیدابوونی هەلی کارو هەم دەبێتە هۆی بوژانەوەی ئابوریی بە گشتیی. کارگەیەکی بەرهەمهێنانی رۆنی گوڵە بەڕۆژە دەبێتە هاندانی روانندنی گوڵەبەڕۆژە، ئیشی گواستنەوە پەیدا دەبێت، ریکلام، کڕین و فرۆشتن و لایەنی تر. بۆیە دەتوانین بڵێین کەسانی پیسخۆر لە حوکمدا هەر ئەوانە نین کە دەبنە خاوەنی دەستکەوتی بێ بناغە، بەڵکو ئەوانەشن کە رێگا لە گەشەکردنی کۆمەڵگاش دەگرن.

کاتێک کە رێگای گەیشتن بە سەرچاوەی بژێو و دەرفەت، ماوستاوچێتیی و ئەقڵکەچیی بێت بۆ ژمارەیەک دەستەڵاتداری خراپکار، ئیتر تواناو زانیاریی هیچ رۆڵێکیان نامێنێت. ئەمەش وا دەکات کە لاوەکان هۆکاری سەرەکییان بۆ خوێندن نەبێت، زانیاریی و هوشیاریی نرخیان نەمێنێت. بەم پێیە ئامانجی داگیرکاریی و کۆنترۆڵ رەوشی تالانیی دەخاتەوە. تالانیی تەنها

لە بڕین و بەتاڵکردنی بانکەکان، ئاودیوکردنی شتومەکی حکومیی، داگیرکردنی موڵکی گشتیی و دزینی سامانی سروشتییدا نەوەستاوەتەوە. ئایا خەڵک چۆن بیر بکاتەوە باشە؟ سیاسەتی چارەسەریی کامە بێت؟

چارەسەر لە پلەی یەکەمدا رزگارکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگایە لە داگیرکاریی و کۆنترۆڵ. هێڵی سیاسیی ئەم رزگارییەش رەچاوکردن و پیادەکردنی ئەو پرەنسیپ و رێنماییانەن کە رەوشی سروشتیی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا دەخەنەوە. ئەو پرەنسیپانەش کە لەم بابەتەدا پێویستە بکرێن بە رێنمایی بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:

١. ئیش، پۆست و فەرمانبەریی پێویستە کەس هەڵ ببژێرن، نەک ئەوان ببەخشرێن بە کەس بۆ سودمەندیی تایبەتیی یان بۆ مەبەستی کۆنترۆڵ.

٢. نابێت حساب بۆ باوەڕی ئاینیی، حیزبیی، رەگەز، نەژادو هیچ خاڵێکی تری جیاکار بکرێت لە کاتی دامەزراندندا. بۆ نمونە بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری کارگەیەک تەنها ئەو خاڵانە حساب دەکرێن کە بەڕێوبەرایەتییەکی چاک بۆ ئامانجی کارگەکە پێویستێتی. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە رون ئامانجەکانی کارگەکە لە پێشەوە دیاری بکرێن بۆ ئەوەی بەرامبەریان کەسێکی راستیان بۆ هەڵ ببژێردرێت. ئایا کارگە دەیەوێت لە قەیرانێک دەربچێت؟ ئایا دەیەوێت هەناردەی زیاد بکات؟ ئایا رێکخستنی ناوەوەی تازە بکاتەوە؟ لەم حاڵەتەدا کێ و بە گوێرەی کام بەڵگە لەو خاڵانەدا دەتوانێت باشترین ئیش پێشکەش بکات؟ ئەو خاڵانە لە هەر کەسێکدا هەبوون ئەو کەسە هەڵ دەبژێردرێت بۆ بەڕێوبەر. ئامانجی سیاسەت دەبێت ئەوە بێت کە قوتابخانەیەک بەڕێوبەرێکی چاکی بەر بکەوێت نەک کەسێکی دیاری کراو بکات بە یاساوڵی قوتابخانە.

ئەقڵی داگیرکاریی نەبێت هیچ پێوەرێکی تر ئیشێک یان پۆستێک لە کەسێکی شیاو بێ بەش ناکات. باوەڕی کەسێکی ناو پارتی سیاسیی دەبێت جێبەجێکردنی ئەم جۆرە پرەنسیپانە بێت نەک دەستگرتن بە سەر پۆست و بەڕێوبەرایەتییەکاندا. بۆ پارتێکی سیاسیی ئامانج بەڕێوەچونی کۆمەڵگایە بە باشترین شێوەی توانا نەک داگیرکاریی و تاڵانیی. ئەوەی کە کەسێکی شیاو لە شوێنی خۆیدا دەیکات سود بە هەموو لایەک دەگەیەنێت.

٣. بۆ ئەوەی ئیش و کەسی گونجاو بە یەک بگەن پێویستە ئیش بەیان بکرێت بۆ هەموو هاوڵاتیان. رێگاکانی داواکردنی ئیش بۆ هەموو هاوڵاتییەک کراوە بێت.

٤. دەرفەتی پۆست و دەسەڵاتداریی کراوە دەبێت بۆ هەر کەسێک بێ جیاوازیی رەگەز، ئایین، رەنگ و حیزب. پرەنسیپی هەڵبژاردن یان دانان و دامەزراندن بریتی دەبێت لە توانا، تاقیکردنەوەو شیاویی کەسەکە بە جۆرێک کە کەسێکی تر لەو کاتەدا دەست نەکەوێت کە بتوانێت سودێکی زیاتر بگەیەنێت یان کارەکە باشتر ببات بەڕێووە لەو کەسەی کە دا دەمەزرێت.

**خودایە تۆ خۆت شاهیدی کە من لە**
**خزمەت بەو میللەتەدا خۆم نەبوارد.**

پێشەوا قازی محەمەد

١٩٤٧

## ١٤. پرەنسیپی "نانی بێ منەت"

**پێویستە مرۆڤ بە رەنجی شانی خۆی بژی و سەربەست بێت، سەرچاوەی ژیانی مایەی ئازادیی و سەربەرزیی بێت. ناچار نەکرێت، بە موچەو سودمەندیی سەرشۆڕو کۆیلە نەکرێت.**

لە بازاڕێکی ئاساییدا بۆ نمونە: سەمونخانەیەک ئارد دەکڕێت کە بەرهەمی ئیشی جوتیارە. کارەباو و ئاو بە کار دەهێنێت. کرێی شوێنەکە ئەدات. ژمارەیەک شاگرد لای ئیش دەکەن. چەند چێشتخانەیەک سەمۆنی لێ دەکڕن. ئەو پارەیەی سەمونخانەکە پەیدای دەکات دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی هێزی کڕینی خاوەنەکەی و شاگردەکانی. خواردن، سەیارە، خانو، تەلەفیزیۆن، تاقمە قەنەفە، جلوبەرگ، کەلوپەلی ماڵ، پێداویستیی قوتابخانە، رۆژانەو ساڵانە دەیان چالاکیی ئابوریی لەو جۆرانەیان دەبێت. ئەو پارەیەش کە خاوەندار کۆی دەکاتەوە دەیخاتە بانکەوە، بانکەکەش دەیخاتەوە بازاڕەوە بۆ پەیدابوونی چالاکیی تری ئابوریی لە لایەن کەسانی ترەوە بۆ نمونە دانی قەرز بۆ کردنەوەی پڕۆژە یان چالاکیی ئابوریی تر. جگە لەو لایەنە ئابورییەی سەرەوە، ئیش مرۆڤ سەربەست و بە ئیرادە دەکات. مرۆڤ لە رێگای ئیشەوە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی دەبێت، گوزارشت لە توانای خۆی دەکات، بە هیواو بەختیار دەبێت. توانای جوڵانی دەبێت و ئازادیی زیاد دەکات. دەبێت بە نمونە بۆ کەسوکارو دەوروبەری. بێ کاریی لە رووی دەرونییەوە مرۆڤ دوچاری پەستیی و نەخۆشیی دەکات. هەژاریی و بێ دەرەتانیی مرۆڤ دەخەنە سەر بیری خراپەکاریی.
لێرەدا دەتوانین بڵێین هەموو ئیشێک بە دەوری خۆیدا قەوارەیەک دروست دەکات، هەر ئیشەو بە گوێرەی خۆی. ئەم قەوارەیە

بریتییە لە بوژانەوەیەکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی. تا پڕۆژەو ئیش زۆر بێت پانتایی بوژانەوەی ئابوریی فراوانتر دەبێت و دەبێتە یاریدەدەریش بۆ کولتورو بواری رۆحیی. پێچەوانەکەشی بە پێچەوانەوە.
بیهێنەرە بەر چاوی خۆت کە خاوەنی سەمونخانەکە پڕۆژەکەی دا بخات و لە یەکێک لە پارتەکان پارەی مفت وەر بگرێت و پاڵی لێ بداتەوە. یان سیاسەتێکی ئابوریی نەبێت کە سیستێمی بانک و هەلومەرجی بوژانەوەی ئابوریی ئامادە بکات. ئایا چی چاوەڕوان دەکرێت؟ بێگومان "پوکانەوەی ئابوریی."

پوکانەوەی ئابوریی کۆمەڵگا دەخاتە ناهەمواریی ئابوریی و بێ ئارامیی کۆمەڵایەتییەوە. ئەم رەوشانەش لە ژمارەیەک گرفت و دیاردەی نەخواستراودا خۆیان دەر دەبڕن. هەر لە دابەزینی ئاستی خزمەتگوزارییەوە هەتا وڵات بەجێهێشتن و بەرپابوونی نارەزایی و بەرزبوونەوەی رادەی تاوان. کەواتە دەتوانین بڵێین:

هەڵەیە کێشەی یەکەم بۆ مرۆڤ خودی پارە بێت، بەڵکو پێویستە ئیش بێت. پارە وەکو بەری ئیش لە پلەی دووەمدا سەیر بکرێت. پارەی مفت پارەیەکە لە ئیشەوە نایەت. مرۆڤی پێ بێبەریی دەکرێت لە بەکارهێنانی تواناو گوزارشت لە خۆ. خراپەیە لەگەڵ مرۆڤ دەکرێت ئەگەر ئەو مرۆڤە توانای ئیشی هەبێت. ژەهرێکی شیرینە لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا مرۆڤی پێ چاوشۆڕ دەکرێت. بۆیە گرنگە کە ئەم گوزارشتە بکەین بە دروشم:
**"پارە بۆ ئیش نەک ئیش بۆ پارە!"**

ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە ژیان لە ئیشەکەدایە نەک لە پارە پەیداکردنەکەدا. پارە وەکو خوێن لە لەشدا، لە ئیشدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت. لە بەر ئەوە گرنگە کە مرۆڤ ئیشێکی

هەبێت کە حەزی لێ بکات، بۆی بسوتێت، توانای خۆی تیایدا سەرف بکات، لە رێگایەوە رۆڵی خۆی لە کۆمەڵگادا ببینێت، ئەنجامی هەبێت و پێی کامەران بێت. لەم کاتەدا ئیش زۆر زیاتر لەوە دەبینرێت کە بۆ پارە بێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئیش و شوێنی ئیش هەوڵیان بۆ بدرێت مرۆڤ تیایاندا گەشە بکات و سەرکەوتوبێت. بۆ ئەوەی کە ئەم ئیشەش هەبێت و بەردەوام بێت دیارە مرۆڤ دەبێت پارە وەر بگرێت بۆ ئەوەی پێویستییەکانی دابین بن. بۆ ئەوەی پڕۆژەش بەردەوام بێت دەبێت لە سەر قازانج بڕوات.

بە گشتیی یەکێک لە نهێنییەکانی سەرکەوتن لە کاردا ئەوەیە کە کارکەر ئامانجی ئیشەکە بێت نەک پارەکە. ئەوەی بیر لە پارە بکاتەوە ناگات بە پارە. ئەوەی ئیشێک بەخێو بکات پارەش لە ئیشەکەی دەدۆشێت. چالاکە ملوێنەرەکانی جیهان لە پلەی یەکەمدا بۆ پارە هەوڵیان نەداوە. ئەوە هەوڵدان بۆ پارە نییە کە ئەوانی کردووە بە ملوێنەر. ئەم رێگایە کەسانی تریش دەتوانن بیگرن. بەڵکو ئەوە برەوپێدان و بەخێوکردنی بەرهەو داهێنانەکانیانە کە لە بازاڕاندنیاندا پارەیان لێ دەکەوێتەوە.

لێرەوە چەند خاڵێک هەیە کە پێویستە پەنجەی بۆ رابکێشین: ئامانجی داگیرکاریی و کۆنترۆڵ دەبێتە هۆی پوکانەوەی ئابوریی و سەرئەنجام ناهەمواریی بۆ کۆمەڵگا. هاوڵاتی سەربەستیی ئابوریی خۆی لە دەست دەدات. ناچار دەبێت چاو لە دەستی دەستەڵات بێت. ئەوەی دەستەڵات نەیدات هاوڵاتیی نەیبێت بیخوات. سەرچاوەی ژیان لە هەلومەرجی سەربەستییەوە دەبێت بە هەلومەرجی کۆیلەیی. هەلومەرجی کۆیلەیی مەڕمیللەت بەرەو رووی سندوقی دەنگدان دەکاتەوە بۆ تازە کردنەوەی بەندێتیی. بەندبوون بە بڕیاری دەستەڵاتەوە. بوژانەوەی ئابوریی کە دەبێتە

بناغەی سەربەستیی مرۆڤ و ئازادیی بیرکردنەوە هەمیشە بۆ دەستەڵاتی داگیرکار جێگای مەترسییە. بۆیە ئەو گەندەڵییەی کە دەستەڵاتی پیسخۆر ئیشی بۆ دەکات رێکەوت نییە یان لە نەزانییەوە نایەت، لە راستییدا بۆ مانەوەی ئەو گەرەنتییە. ئامانجی دەستەڵاتی تاڵانکار پارەیەو هیچی تر. بانک بێت، سامانی سروشتیی نەوت و گاز بێت یان زەوی و دامودەزگا، تاڵانیی دەکات و لە پارەو سامانی تاڵانکراو بۆ مانەوەی خۆی برِێک دەبەخشێتەوە. پارەی مفت جگە لەوەی کە دەستەڵات ویژدانی مرۆڤی پێ دەکرِێت و چاوشۆرِی دەکات، لە دەرەوەی بازنەی بازارِە، لە چالاکیی ئابورییەوە نەهاتووە، نەبستراوە بە بوژانەوەی ئابورییەوە. پارەیەکە کە خەرجیی دەوڵەت زیاد دەکات و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخ. جگە لەمەش بۆ مفتەخۆر دەبێتە مایەی تەمەڵیی و بێ بەشبوونی لە بەکارهێنانی توانای خۆی. چونکە ئیش و پرِۆژە گەشە دەدەن بە مرۆڤ و لەو رێگایانەوە دنیاو ژیان دەگۆرِدرێن.

پیسخۆریی ستراتیجی دەستەڵاتی تاڵانکارە بۆ گەندەڵکردنی کۆمەڵگا. چونکە دروستبوونی کۆمەڵگایەک کە مرۆڤەکانی لە سەر ئابورییەک بووەستن و سەربەست بن مەترسییەکی گەورەیە بۆ دەستەڵاتێکی تاڵانکار کە ئامانجی ژێردەستەکردنی کۆمەڵگاو کۆنترۆڵکردنی مرۆڤە. ئایا هەنگاوی چارەسەریی لەم بوارەدا چییە؟

١. پرەنسیپی: "نانی بێ منەت." مرۆڤ پێویستە بە داهاتێک بژی کە بە هەقی خۆی بزانێت نەک سواڵ بێت و چاوەرِێی بەزەیی بێت.

مرۆڤ لە کۆمەڵگادا مافی ئەوەی هەیە ئیش بکات و لە رێگای ئیشەکەیەوە سەربەست و سەربەرز بژی. پێویستە هاوڵاتیان بەرامبەر بە کۆیلەکردنی خۆیان هوشیار ببنەوە. ئەرکی سەرشانی

هەر کەسێکە کە قبوڵی نەکات بژێوی ژیانی مایەی کۆیلەکردن، چاوشۆڕیی و سوکایەتیی بێت.

٢. سیاسەت و ئامانجی **دەستەڵاتی بەڕێوبەر** بوژاندنەوەی ئابوریی، سەربەستبوونی مرۆڤ و سەربەخۆیی کۆمەڵگایە. ئەمەش لە رێگای ئامادەکردنی هەلومەرجی کاسبیی، پەیداکردنی پڕۆژە، دامەزراندنی سیستێمی بانک و ئاسانکاریی ئیدارییەوە دەرەخسێت بۆ چالاکیی ئابوریی هاوڵاتیان.

٣. راگرتنی ئاستی گوزەران و سەربەستیی هاوڵاتی دووانن لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی سیاسەتی بەڕێوبەریی. ئەمەش لە رێگای نانی بێ منەت و پارێزگاریی کیان و ئاسایشی هاوڵاتییەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێن.

دەزگای کۆمەڵایەتیی پەیوەندیدار بە بێ ئەوەی هیچ مەرجێکی سیاسیی، ئایینیی یان نەژادیی بخاتە سەر هاوڵاتیی یارمەتیی هەژاران و نەدارانی کۆمەڵگاکەی بە گوێرەی پێویست دەدات، پارە بێت یان جۆری یارمەتیی تری پێویست.

## پارە بۆ ئیش نەک ئیش بۆ پارە!

هەوالنامەی کێبر

# ١٥. جۆرێتیی بۆ دنیابینیی

## هیچ گەلێک بە پێوەری گەلێکی دی نانرخێت

١. کوردی ئێستا بەرهەمی مێژوویەکە لە شکست و ژێردەستیی. هەرگیز ئەو کوردە نییە کە ئەگەر سەربەخۆ بووایەو توشی چەندەها کارەسات نەبووایە. شکست و ژێرکەوتن زۆر قوڵترو فراوانترن لەو شتانەی کە دەبینرێن و هەستیان پێ دەکرێن. بەڵام بە کورتیی دەتوانین بڵێین جەوهەری کورد یان ئیسێنسەکانی ئێستای کوردبوون سروشتیانە دروست نەبوون. بەڵکو هەلومەرجیی ژێردەستیی نائاسایی دروستی کردوون. شوێندەستی ژمارەیەک فاکتەر بە ئیسێنسەکانی کوردبوونەوە دیارن و فۆرماندویانن، لەوانە: فاکتەری راپەڕین، ژێرکەوتن، خۆگونجاندن لەگەڵ ژێردەستییدا یان خۆدزینەوە لە سەربەستیی. ئەم ئیسێنسانەش بنەمان بۆ ئەوەی چۆن بیر دەکەینەوە یان بە پێچەوانەوە چۆن بیر ناکەینەوە، چۆن دەجوڵێینەوە، چۆن هەڵوێست دەگرین، چین و چۆنین؟ ئەنجامی ئەم بۆچوونەش ئەوەیە کە بۆ سیاسەتی کوردیی گرنگە بەئاگا بێت لەوەی کە ئەم کوردبوونەی ئێستا چۆن دروست بووەو بە چ رێگایەکدا گەشتۆتە ئەم هەبوونە. لێرەوە دەتوانرێت هەڵوێستی راستی لێ وەر بگیرێت، ئیش بۆ ئەوە بکرێت کە:

یەکەم، مل نەدرێت بۆ ئەو کوردبوونەی کە مێژوویەکی نائاسایی دروستی کردووە.

دووەم، لە بەردەمی ئەو ئەرکەداین کە هەر چەندە لە رەوشی نائاسایی ژێردەستییداین، بەڵام کوردبوون بفۆرمێنینەوە بە پێی ئەو

خەسڵەتانەی کە رەوشی ئاسایی دروستیان دەکات، بە ئاگابین لەوەی کە دنیا خۆی وا نییە، بەڵکو وای لێ کراوە. لە ئەم ژاکاندنەشدا وزەیەکی شاراوە دروست دەبێت کە زانستی سیاسەت لێرەدا ئەوەیە بیناسێت و بیخاتە گەڕ. چونکە هەموو شتێک بە قەدەر ئەوەی کە نائاساییە لە هەوڵی ئەوەدایە ئاسایی ببێتەوە. ئەرکێکی سیاسەتە کە هوشیاریی هاوڵاتییان بەرز بکاتەوەو زانیارییان فراوان بکات بەرامبەر بە نائاسایی رەوشی خۆیان و گەلەکەیان. چونکە هەتا پلەی هوشیاریی و زانیارییان دەربارەی نائاساییان بەرزتربن، هێزی ئاساییبوونەوەکەش خورتتر دەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش بێگومان پڕۆژەو دەزگای تایبەت پێویستە.

٢. زانست نەک پێغەمبەر، پڕۆژە نەک باوەڕ. دروستبوونی پێغەمبەر لە شوێنێکدا کوێریی خەڵکەکەیەتی. کوشتنی توانای مرۆڤ و دورکەوتنەوەیە لە گرنگترین سەرچاوەی هێزی گۆڕین کە زانستە. گەلی شکستخواردو ئەو خەسڵەتەی تیادایە کە چارەنوسی خۆی بداتە دەست یەکێکی دی و ئیتر پشتی لێ بکاتەوە. چاوەڕێی شوانێکی باش بکات ئەم بۆی مەڕ بێت. ئەمەش فۆرمێکی تری ئەو گرفتەیە کە ئەم خۆی بۆ دەداتە دەست رابەرێک بۆی چارەسەر بکات. بەڵام چارەسەر هەڵوێستگرتنە لە خودی گرفتەکە کە نەمێنێت. بۆ ئەمەش ئامراز پێویستە کە جۆرێتیی کێشەکە بگۆڕێت. کانگەی ئەم ئامرازانەش زانستە نەک باوەڕ. چونکە لە رێگای زانستەوە پڕۆژە دا دەڕێژرێت کە ورد دەبێتەوە بۆ کردەوەو گۆڕانکاریی. بۆ نمونە یەکێک لەو ئامرازە ژیرییانە "تیۆریی جۆرێتیی"ە. مەبەستیشم لە بیرکردنەوەی جۆرێتیی ئەوەیە کە مرۆڤی کورد وەکو جۆرێتییەک لە بەرامبەر بە گەلانی دیدا خۆی ببینێت. بە گوێرەی تیۆریی گوێرەییش هیچ روانگەیەکی پێوان رەها نییە. واتە، نرخاندن بە گوێرەی هیچ روانگەیەک، لە بەردەمی نرخاندن بە گوێرەی روانگەیەکی دیدا

بۆچەڵ نابێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە موراڵ و بیرکردنەوەی هیچ مرۆڤ و گەلێک بە پێوەر دا نانرێت بۆ نرخاندنی ئەو دووانەی مرۆڤ و گەلێکی دی. ئەگەر بەم جۆرە نەبووایە ئەو کات مرۆڤ و گەلان نرخیان جیاواز بوون. لەم کاتەشدا لە رووی فەلسەفییەوە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کام مرۆڤ، کام گەل پێوەرە؟ کێ ئەم بڕیاری هەڵبژاردنە بدات و بە پێی کام هەڵسەنگاندن کە لە هەموو لایەکەوە قبوڵ بێت؟ لە جیاوازیی نرخی مرۆڤ و گەلان، فاشستیی، نازێتیی و رەگەزپەرستیی دروست دەبن. ئەمانەش بۆ مرۆڤایەتیی لە سەر ئەرز دەبن بە ناساغیی و کارەسات.

فاکتەری هێزو دەستەڵات وەکیەکیی نرخی مرۆڤ و گەلان لە باری سیاسییدا تێک دەدەن ئەگەر موراڵی سیاسیی رایان نەگرێت. بۆ نمونە، پێشکەوتنی گەلێک لە رووی ئابوریی و تەکنیکەوە بە گوێرەی گەلانی لاوازترەوە. کاتی خۆی گەلی روس و زمانەکەی لە ناو دنیای کۆمۆنیستییدا، عەرەب و کولتورەکەی لە ناو گەلانی ئیسلامدا، باڵ هاوێژتربوون لە گەلانی دی. لاسەنگیی هێزی گەلان لە بوارە جیاوازەکاندا رەوشێک دروست دەکات کە ئەگەر موراڵی سیاسیی و روانگەی جۆرێتیمان لە بەر چاو نەبێت، ئەوا مرۆڤ و گەلان لە رووی چەندێتیی هێزەوە نرخی جیاوازیان دەبن بە گوێرەی پلەیەکی بەرزتر لە هەبوونی تەکنیک، سەرمایە، زانست یان هونەرەوە. ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەوەی کە بڵێین: "جیاوازیی پێشکەوتن لە چەندێتییدا، جێگەی دیدی جۆرێتیی نەگرێت."

شکستی کورد ژمارەیەک خەسڵەتی دروست کردووە لەوانە، پلە دوویی، بینینی خۆی بەو چاوەی کە داگیرکەرانی تەماشای ئەمی پێ دەکەن، قبوڵکردنی ئەو پێگەیەی کە داگیرکەرانی پێیان

بڕیووە. ئەم خەسڵەتانەش لە ژمارەیەک دیاردە دەر دەکەون، لەوانە:

١. ژمارەیەک لە نوسەران کە بە خۆیان دەڵێن روناکبیران، کاتێک تەماشای مێژووی کورد دەکەن، سەرکردەکانی کورد خەتابار دەکەن نەک داگیرکەرەکانی لە ئەوەدا کە کورد رزگاری نەبووە. بە جۆرێک کە هەندێک نوسەر بەو جۆرە دەنوسن وەکو ئەوەی داگیرکەر هاتۆتە سەر کوردستان و خوێنی خۆی رشتووە بۆ ئەوەی دەوڵەت بۆ کورد دروست بکات. بەڵام سەرکردەکەی کورد تێ کۆشاوە لە پێناوی ئەوەدا کە کاری داگیرکەر سەر نەگرێت کورد رزگاری ببێت. ئەمەش بە رونیی پیشانی دەدات کە لە سەری ئەو نوسەرانەدا ئەو هەڵوێست و مەزاجە هەن کە داگیرکەرو دوژمنەکەی کورد هەیبووە بەرامبەر بە کورد. ئەم ئەقڵە ناساغەش ئەو ئەقڵەیە کە بردنەوەی دوژمن لە سەری کوردی شکستخواردودا دروستی دەکات لە ئەنجامی لە دەستدانی ئەقڵی سروشتیی ژێرکەوتووەوە. جگە لە ئەمەش زۆربەی روناکبیران و نوسەرانی کورد بێ ئاگا لە زانیاریی دەربارەی گەل و کۆمەڵگاکەی خۆیان، دەربارەی ئەدیب و فەیلەسوفەکانی دنیا دەهزرن و خۆیانیان تێ هەڵ دەقورتێنن. لەم رێگایەوە جیهانێکی هزریی دور لە زانیاریی و زانستەوە دروست دەکەن. ئەمەش وای کردووە سەرچاوە بۆ زانین دەربارەی مێژوو یان بابەتێکی کورد دەمێنێتەوە بێگانەیەک بێت نەک کورد خۆی. لە کاتێکدا بێگانەیەک چاوەڕێی ئەوەیە کە لە کوردێکەوە زانیاریی دەربارەی ئەو بەشەی دنیا کە دنیای کوردە بزانێت.

٢. بە گشتیی پێوەر، سەرچاوەی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی کوردیی دەبن بە پاشکۆ یاخود کۆپی بەرامبەرەکانیان لە لای گەلانی داگیرکار یان بێگانە. ئاینییەکان پشت دەکەنە رابەرە

ئاینییەکانی کورد خۆی و دەبن بە موریدی بێگانەکان. مارکسییەکانی کورد دەبوون بە کلکی مارکسییەکانی گەلانی داگیرکەر. دەربارەی مێجەر سۆن کە رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دژایەتیی گەلی کورددا، کورد مێژوونوسێکی کە کەمال مەزهەرە، دەڵێت: "ئێمە لە ڕێگەی ئەو و یەک دووانێکی وەک ئەوەوە خۆمان ناسی و بەوەمان زانی ئاری نەژادین، نەک جنۆکە (١٥)." گەلێک لە رێگای دوژمنەکەیەوە خۆی بناسێت هەر دەبێت ئەم کوردنەبوونەی ئێستای بە سەر هاتبێت. لە سەر رادەی تاکە کەسیش، کەسانی کورد بە گومانن لە توانای یەکێک کورد بێت لە بەردەمی کەسێکدا لە گەلی دەست رۆشتووبێت. بۆ هەڵسەنگاندن و حلێبوونی بابەتێک پێوەری سەربەخۆیان نییە، چاوڕێی بێگانەن تەمغەیان بۆ لێ بدات کێشەیەک رەوا بێت، وەکو ئەوەی کێ بڕیاریان بۆ بدات کەی رەمەزانە یان چ رۆژێک بکرێت بە جەژن. ئەم دیاردەیەش ئاساییە بۆ گەل و کەسی شکاو. چونکە گەلێک کە دەشکێت هەر چەکدا نانێت. ئەو موراڵەشی پێ دا دەنێن کە چەکەکەی پێ هەڵ گرتووە. ئەم رەوشە لە باشوری ئێستای کوردستاندا بە زمان و ناونانی دوکانەکان و پڕۆژەکانیشەوە دیارە. لێشاوی پڕۆژەکانی کۆمپانیاکانی پارەدارە هەڵتۆقیووەکان، زۆربەیان ناوی بێگانەو نائاساییان لێ نراون. ژمارەیەکی زۆر لە دوکان و پڕۆژەی کاسبکارانیش ناوی ئینگلیزیی و ناوی شارانی ئەورووپییان لێ نراون. لە ناو دوکاندارەکاندا وایە ئەگەر بۆ نمونە ناوەکە کوردیی بێت سەنیاری کورد روویان تێ ناکات و بەرهەمەکەیان لا بێ بەهایە. تەنانەت لە شاری سلێمانیدا کە تورک تیایدا ناژی، ریکلامی رێستورانت بە سەر ماڵاندا دابەش دەکرێت هەمووی بە تورکیی نوسراوە. کاڵای تورکیی کە بۆ باشور دەهێنرێت ئەو مەرجەیان لە سەر نییە کە بە زمانی کوردیی لە سەریان بنوسرێن بۆ ئەوەی سەنیاری کورد بزانێت چی دەکڕێت. ئەمەش بە کەم دانانی مرۆڤی کوردە

لە پێشدا لە لایەن دەستەڵاتەکەیەوە. بەڵام چونکە هاوڵاتیان خۆیان بە شایەنی لەوە باشتر نازانن لەو بێڕێزییە تێ ناگەن و هەر بابەتیش نییە لایان. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کوردەکەش بەو چاوە خۆی دەبینێت کە داگیرکەرەکەی تەماشای کوردی پێ دەکات. ئەوە بە خۆی دەبڕێت کە زۆردارەکەی بۆی داناوە. ئەم دیاردەیە نمونەیەکە لە گوزارشت لە شکست.

کاتێک کە کوردیش دەستەڵات کەوتە دەست خۆی، قوتابخانەو زانکۆکان بەرەو خراپیی رۆشتن و قوتابخانەو زانکۆی تورکیی و ئینگلیزیی بوون بە باو. هۆکاری ئەمەش هەڵوێستی خراپ وەرگرتنە لە خۆبوون نەک وەرگرتنی زانستی زیاتر. بەتاڵیی کولتورە کە دەرگا دەکاتەوە بۆ زمان و کولتورێکی دی. ئەمە جیاوازە کە مرۆڤ خاوەنی کولتور، زمانی خۆی بێت ئنجا زمانی تر فێر ببێت و کولتوری تر بناسێت، لەگەڵ ئەوەدا کە لە نکۆڵیکردن لە خۆوە خۆی بە کولتورو زمانی دیدا هەڵ بواسێت، خۆی بەوەوە هەڵ بکێشێت کە کوردییەکەی خراپەو بەڵام ئینگلیزیی باش دەزانێت. ئەمە لە کاتێکدا لە وڵاتیکی وەکو سوید دوپاتی ئەوە دەکەنەوە کە باشبوون لە زمانی دایکدا بناغەیەکی گرنگە بۆ فێربوونی زمانێکی دی.

لە راستییدا دیاردەکە نەبەستراوە تەنها بە پارەپەیداکردنی کۆمپانیاکانی سەرگردەکانەوە. دیاردەکە بنەمایەکی کولتورییشی هەیە بەو واتایەی کە بە دەرونی خەڵکیی نامۆ نییە. بۆ نمونە نابینرێت هاوڵاتیان سنورێک بۆ خراپبوونی خوێندنگاکان دا بنێن کە لە سەر داهاتووی منداڵەکانیشیان دەکەوێت. بە پێچەوانەوە، ئەوەندەی بۆیان بکرێت پارە دەدەن بە خوێندنگا بازرگانییەکان بۆ خوێندنی منداڵەکانیان کە دەکاتە ئەوەی ئیشە خوارەکە سەر بگرێت. ئەمە لە جیاتی ئەوەی دەست دا بگرن لە سەر خوێندنگا

خۆماڵییەکان شکست نەهێنن. کولتوری نکۆڵیکردن لە خۆو خۆنەبوون پارەی تێ دەچێت و داهاتووش کوێر دەکاتەوە. بەڵام کە کولتوری هەڵوێستێکی دی نەبێت، کۆمەڵگا هەر خاوەنی کولتوری پلەدوویی دەبێت پێی بە رێ بچێت. دەستەڵاتیش لە بەرەی هەڵوێستگرتن نییە لەم دژوارییە، بەڵکو لە هەمان کولتورەو پێشەنگی ئەم شکستە مێژووییەیە. بۆیە بۆ وەرچەرخانی ئەم مێژووی شکستە پێویست دەکات بە هەبوونی ئایدۆلۆجییەکی شۆڕشگێرانە، سەربەست لە نەریتی ملکەچیی، پشتبەست بە زانست کە پرەنسیپ، شێواز، رێکخراوی نوێی لێوە هەڵ بقوڵێت.

هەواڵنامەی کتێب

**هەموو شتێک بە قەدەر ئەوەی نائاساییە لە هەوڵی ئاساییبوونەوەدایە.**

# ١٦. کیانی مرۆڤ و گەلان

## کیانی مرۆڤ و گەلان قەوارەی رەهان شکاندنیان حەرامن

بە درێژایی مێژوو مرۆڤ خەسڵەتی درِەندەیی خۆی پیشان داوە. جەوهەری ئەم خەسڵەتەش ئەوە بووە کە مرۆڤ رێگای بە خۆی داوە سنوری مرۆڤێکی تر ببەزێنێت. ئەگەر مرۆڤ بە تاک کیانی مرۆڤ بشکێنێت دەکەوێتە داوی یاساوە. بەڵام بۆ ئەوەی خۆی لە یاسا رزگار بکات و ئازادیی خۆی وەر بگرێت دەستەڵات دەگرێتە دەست و بە سەر یاسادا سەر دەکەوێت. بۆ ئەوەی رەواییش بدات بە کردەوەکانی ئایدۆلۆجییەک دەکات بە دەموچاوی خۆی. بە درێژایی مێژوو دەبینین چۆن بە ناوی شۆڕشەوە، ئایینەوە، نەتەوەوە، کۆمۆنیزمەوە ملوێنەها کەس خوێنی حەڵاڵ کراوەو دەکرێت. هەر لایەنە هەق دەخاتە دەستی خۆیەوە بۆ شکاندنی کیانی ئەوی دی. هەقی هیچ لایەنێکیش بۆ شکاندنی کیانی ئەوی دی، ناتوانێت لە رووی زانسییەوە لە هەقی ئەوانی تر کە کیانیان دەشکێت رەواتر بێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کێشەکە ئەوە نییە هەقی کیان شکاندن لە کوێدا یان بۆ کێ رەوایە، بەڵکو ئەوەیە کە خودی کیان شکاندن قەدەغەو حەرام بێت. لە سەر رادەی سیاسەت و دەوڵەتیش، داگیرکاریی خاک و گەلانی دی دەستدرێژییەو حەرامە. دەستەڵاتی هیچ دەوڵەتێک بە هیچ پاساوێک ناتوانێت رەوایی بدات بە داگیرکاریی خاک و گەلێکی تر.

کاتێک کە لافاوێک دێت مرۆڤ دەیەوێت بەربەستی بۆ دابنێت. بە درێژایی مێژوو لە هەمان کاتدا مرۆڤ هەوڵی داوە بە دیواری موراڵ درِندەیی مرۆڤ را بگرێت. هێزو گەورەیی مرۆڤە هەڵکەوتووەکان لە پتەویی موراڵی دادوەرییدا بوون. پێشکەوتنی

مرۆڤ و کۆمەڵگاش پێشکەوتنی مورالە. کەواتە لێرەدا ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە دوو خاڵە:

١. کۆنترۆڵی خەسڵەتی ئاژەڵیی و ئارەزو. نابێت رێگا بە ئارەزوی خۆمان بدەین بە هیچ بیانویەک کیانی مرۆڤێکی دی بشکێنین. هەر کەس لای خۆیەوە پێویستە ئەم دروشمەی لە بەر چاو بێت: **"کیانی تۆ مەردیی منە."**

ئەم ئەتیکە پێویستە بکرێت بە نەریت و لە نۆرمی رەوشتدا هەبێت لە کۆمەڵگادا. نەبوونی ئەم نۆرمە وای کردووە کە ژمارەیەک کەس رێگری مورالییان لە سەردا نەبێت کە سنور دابنێت بۆ ئارەزویان دەستدرێژیی نەبێت بۆ سەر یەکێکی تر. کەسانێک هەن چێژ لە پێ رابواردن بە کەسانی بێ دەستەڵاتی سەر جادەو ناتەواو وەر دەگرن بە بێ ئەوەی لە نامەردییەکەی ئەم رەفتارەی خۆیان بە ئاگابن. لە کاتێکدا کە بێ دەرەتانێک پێویستی بە دەستێکی میهرەبانیی و هاوهەستییە، جوامێریی نییە کەسێکی تر لاوازیی خۆی لە زەرفی پێ رابواردندا بکات بە سەریدا. شکاندنی کیانی ئەوی دی دیاردەیەکی دژواری کۆمەڵایەتییە بێ سنور بوارەکان دەگرێتەوە. لە قوتابخانە ژمارەیەک قوتابی دەکەونە بەر دەستدرێژیی گاڵتەپێکردن لە لایەن قوتابیانی ترەوە کە زۆر دەکەوێت لە سەر خوێندن و خەسڵەتی دواڕۆژیان. ساکاریی لە بونیادی ئەتیک و مورالدا کە کەس و کۆمەڵگای دواکەوتوو دروست دەکەن، زەمینەیەکی لە بارن بۆ ئەوەی کەسانێک خۆیان بە شکاندن و پێ رابواردنی خەڵکی ترەوە هەڵ بکێشێن، بە ئازایەتیی و زیرەکیی بزانن و لە لاوازیی خۆیان بێ ئاگابن. تەنانەت لە مێژووی ئەدەبدا کەسانێک هەن کە ناویان بەوە دەر کردووە کە نوسەرەکانی کورد پێیان رابواردوون و نوکتەیان لە سەر دەرهێناون. ئەمەش پرسیار دەخاتە سەر ئەو نوسەرانە کە

ئایا چییان نوسیووەو چ ئەدیبێک بوون؟ لە راستییدا کەسی گاڵتەپێکراو قوربانییە. لە جیاتی بەر ئوتومبیل بکەوێت بەر کەسێکی بەد دەکەوێت. گرفتەکە بەدەکەیە هەیەتی کە لاوازەو خۆی بە شکاندنی کەسێکی تر دەگرێتەوە. شکاندن رەفتارێکی ناجۆرەو پێ ڕابواردن زەوقێکی ناساخە.

لە بواری زانیاریی و سیاسییشدا پێویستە مەرج بێت کە رەخنەگرتن لە بنەڕەتدا تێگەشتن بێت و مەبەستی زانیاریی هەبێت نەک شکاندنی کەسی رەخنەلێگیراو. لەم رووەوە کاک ئەحمەدی شێخ رای وایە کە نیشاندانی عیبە لای پیاوی گەورە زۆر بە نرخە. بەڵام بە مەرجێک نیشاندانی عەیبە بە کینەبازیی و بۆ ئابڕووبردن نەبێت (١٧/٨).

رەخنە لە بابەت لە کۆمەڵگای شارستانییدا وەکو هەوا وایە بۆ ئاگر، رەخنەلێگیراو پێی پێش دەکەوێت. لێ لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا کە زانست بە گشتیی قەوارەیەکی نییە، رەخنەش کە بەشێکە لەو بێ قەوارەییە، ئاسایی بونیادێکی نییە. قسە بە ئارەزوە. ئارەزوش یان دژە یان پیاهەڵدان، "قەڵەم کێشیی" یاخود "قەڵەم چاپلوسیی" لە هەردو حاڵەتەکەدا، لە رووی زانستییەوە نرخیان نییە. بۆیە بۆ کەسێک کە زانستی بوێت، رێزی خۆی بگرێت، گرنگە قسەی ئارەزوی یەکێکی دی بە ناوی رەخنەوە بە سەریدا تێ نەپەڕێت. لۆجیکی فایزیی لێرەدا کە مرۆڤ خۆی پێ بپارێزێت لە هەڵە، ئەوەیە کە:

پێویستە لە سەرتاوە رەخنە و ریقنە (قسە بە ئارەزو) لە یەکتریی جودا بکرێنەوە. ریقنە هەر کامێکیان بێت قەڵەمکێشیی یان چاپلوسیی، لە هەر شێوەیەکدا پەخش بن، هۆنراوە، وتار، چیرۆک

یان مێژوو نرخی زانستییان نییە. مەگەر لای یەکێکی خام کە ئارەزوی لە ئارەزوەکە بێت.

**هاوڵاتیی بچوککراوەی نیشتیمانە**. راگرتنی کیانی ئەوی تر ئێمەیەک دروست دەکات کە لە ئاستی پێویستدا بین بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی شارستانیی. لێرەوە تێگەشتن و هەڵوێستمان بەرامبەر بە سزادان دەگۆڕدرێت. سزادانی کەسێکی تاوانکار دەبێت لە ئارەزوی تۆڵەوە نەبێت، بەڵکو لە دوو خاڵەوە سەرچاوە بگرێت:
خاڵی یەکەم، پاراستنی کۆمەڵگا، مرۆڤ، ژینگە یان گیانلەبەرە لە دەستدرێژیی تاوانکارو خاڵی دووەم، چارەسەرییە بۆ تاوانکار کە خۆشی قوربانییە.

٢. **بونیادی موراڵ**. شانبەشانی جڵەوکردنی ئارەزو پێویستە تێگەشتنمان دەربارەی دیاردەکان بە یارمەتیی زانست گەشە پێ بدەین. وەکو بۆ نمونە، "مرۆڤ بوونەوەرێکی سەربەستە." قبوڵکردنی بوونی مرۆڤ وەکو خۆی و رێزگرتنی ئەگەر ئەو کەسە هۆمۆ یان بە هەر شێویەکی تریش بێت. یان "وەکیەکیی نرخی مرۆڤ" کە بتوانێت رێگا لە فاکتەری هێز بگرێت لە نرخاندندا بە جۆرێک بە چاوێکی بەرز تەماشای دەستەڵاتدارێک نەکرێت و بە چاوێکی نزم تەماشای کەسێکی بێ دەستەڵات. هەڵوێستی یەکسانیی و وەکیەکیی هەبێت بەرامبەر بە ژن و پیاو.

جڵەوکردنی ئارەزو لەگەڵ گەشەپیدانی موراڵدا دابڕاو نین لە یەکتریی. لە رێگای تێگەشتن و گۆڕینی هەڵوێستەوە بەرامبەر بە هەر دیاردەیەک فلتەر لە ئارەزو دەدرێت. وزەی ئارەزو لە هەمان کاتدا بە کار دێت بۆ بونیادنانی موراڵ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جڵەوکردنی ئارەزو لە راستییدا رێکخستنێتی بۆ ئامانجێکی

شارستانیی. مرۆڤ بە ئارەزوویەکی روت بێت حەز دەکات بوتڵە بەتاڵەکە فڕێ بدات و ئەرک بەر خۆی نەدات. بەڵام کاتێک مرۆڤ لە گرنگیی پاراستنی ژینگە تێ دەگات و دەبێت بە نۆرمی کۆمەڵگا، ئیتر بە پێچەوانەوە، لەبەر یەکێکی تر نا بەڵکو شارستانیانە لەبەر خۆی بوتڵێکی بەتاڵ فڕێ نادات. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە بە هەڵسوکەوتی رۆژانەدا دیارە کەسێک یان کۆمەڵگایەک تا چ رادەیەک خامە یان پێشکەوتوو؟

شەهادەو هەبوونی زانیارییەکی زۆر لە ناو سەردا گەرەنتی نین بۆ هوشیاریی و پێشکەوتویی. پێشکەوتن بونیادی مورال دەست نیشانی دەکات کە لە هەڵسوکەوت و هەڵوێستی مرۆڤ و کۆمەڵدا دەبینرێن. قسە، هزراندن و هەڵبژاردنی وشەی جوان بۆیاخن کە لە تەرازوی زانستدا کێشیان نییە.

هەواڵنامەی کتێب

## شکاندن رەفتارێکی ناجۆرەو
## پێڕابواردن زەوقێکی ناساخ.

# ١٧. یەکسانیی نێوان دوو جیاواز، ژن و پیاو

**ناسینی جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو، ڕەخساندنی هەلومەرجی گوزارشت لەخۆکردنی ئافرەتان لە هەموو بوارەکاندا بۆ ئەوەی ئافرەتانیش بە گوێرەی خۆیان ڕۆڵی خۆیان ببینن.**

لە باشوری کوردستاندا ژمارەیەکی باش ڕێکخراوی ژنان هەیە. هەندێک جار دەستەڵات و پارتەکان ئافرەت بۆ روکەش دەخەنە دەزگاکانی وەکو پەڕلەمان و حکومەتەوە. لە سەر تەلەفیزیۆن و لە ڕۆژنامەکاندا قسەی جوان هەڵ دەبژێردرێن. بەڵام ئایا تا چ ڕادەیەک ئەم دیاردانە کاریگەرن لە سەر پرسی یەکسانیی ئافرەت و پیاو، ئەمەیان جێگای گفتوگۆیە. لە هەمان کاتدا کە ئەم روکەشە دەخرێتە ڕوو کەچی ڕاستیی پرسی ئافرەت بە جۆرێکە کە لە ئەوروپا ژنکوشتن بوو بوو بە لەکە بە کوردەوە. ئەمە جگە لە بەرزبوونەوەی ژمارەی گۆڕی ئافرەتانی نەناسراو لە ناوچەی هەرێمدا. لە بەرامبەر بەم بارە دژوارەدا ڕۆژئاوای کوردستان جیهانی بە شێوەیەکی تر ئاگادار کردەوە. لە "کوبانی" ئافرەتان وەکو پیاوان بەرگرییەکی دلێرانەیان کرد. دلێریی ئافرەتانی بزوتنەوەی ڕۆژئاوا بوو بە شانازیی بۆ ئافرەتانی جیهانیش. جگە لەمە "پەیەدە" لە دوای نەمانی دەستەڵاتی سوریی یاسای جیاکاریی بەرامبەر بە ئافرەتیان گۆڕی و ئافرەتیان لە کایەی سیاسییدا هێنایە پێشەوە. بەم سیاسەتەش توانیان نمونەیەکی جیاواز لە سوریا و ناوچەکەدا پیشان بدەن. نمونەیەک کە ببێت بە مایەی پشتگیریی لە لایەن میللەتانی پێشکەوتووەوە لە بەرامبەر بە وەحشتگەریی مرۆڤ سەربڕین و چەوسانەوەی ئافرەتدا. دەتوانین لێرەدا چەند خاڵێک دیاری بکەین بۆ سەرنج ڕاکێشان:

١. هەبوونی ئافرەت بە نیووە لە دەزگاكاندا نیشانەی یەكسانیی نییە. چونكە كێشەكە دابەشكردنی پۆست و دەستكەوت نییە لە نێوانی پیاو و ژندا. بەڵكو رەچاوكردن و پیادەكردنی پرەنسیپەكانی یەكسانییە. پرەنسیپەكانی یەكسانییش هەم پیاو هەم ژن دەتوانن هەیان بن یان نەیان بن. پرسی یەكسانیی ژن و پیاو كێشەی پیاوێكیشە كە پرەنسیپەكانی یەكسانیی لە لا چەسپی بن. لە هەمان كاتدا ئافرەتێک دژی یەكسانیی پیاو و ژن دەكەوێتەوە كاتێک كە هەڵگری ئایدۆلۆجییەكە مەرجی لەسەر هەبوونی ئافرەت هەبێت. كە ئافرەتێک بەردباران دەكرێت ژنانێكیش هەن كە هەڵگری ئەو نۆرم و باوەڕەن كە قوربانییەكەیان بۆ بەردباران دەكرێت.
٢. خەباتی یەكسانیی ژن و پیاو پێویستە ناوەڕۆک بیت نەک فۆرم. واتە فەمێنیزم بە جدیی وەربگیرێت نەک بۆ رۆكەش. جولانەوەیەک پشت بە زانست ببەستێت ئیشی بەوە نییە كە بە چ شێوەیەک بناسرێت یان ببینرێت. پێویستە بەرەو ڕووی راستیی خۆی ببێتەوەو خۆی نەشارێتەوە. چونكە ئەم بەرەوڕوو بوونەوەیەیە كە گۆڕان و پێشكەوتن دروست دەكات.
٣. یەكسانیی لە سەر بناغەی جیاوازیی ژن و پیاو دا دەڕێژرێت. تا جیاوازیی ژن و پیاو زیاتر بناسرێت یەكسانییان باشتر دەتوانرێت بەرقەرار بكرێت. ئەوانەی كە "یەكسانیی" لایان هەر قسەیە وا باس دەكەن كە هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوانی ئافرەت و پیاودا. لە راستییدا جیاوازیی پیاو و ژن دیارو بەڵگە نەویستە. كێشەكە یەكسانیی نێوان ئەم دوو جیاوازەیە هەر یەكەیان بە پێی بوونی خۆی، نەک ژن ببێت بە پیاو.
٤. بە گشتیی پارت و جولانەوە چەكدارییە كوردییەكان كەسێک بڕیار دەدات بە سەریاندا. سەرۆكێک خاوەنی هێزەكەیەو ئەندامان تەنها گوێڕایەڵییان لە سەرە. لە باشوردا ئێستا دەبینرێت دەستەڵاتدار ئەندامەكانی خۆی لە باڵ و حیزبدا بە میراتیی بەجێ دەهێڵێت بۆ نەوەكانی. سەرهێز نەخۆش بێت، پیر بێت یان بە هەر

شێوەیەک پەکی بکەوێت هەر خاوەنی بڕیارو پیاوەکانێتی. ئەو کۆمەڵگایەی کە سەرهێزێک بڕیاری تیادا دەدات بە مەزاجی سەرهێزەکە فۆرم دەگرێت. ئنجا لە شوێنێکدا کە پیاو سەربەست نەبێت کۆمیدییە باس لە هەبوونی سەربەستیی ئافرەت بکرێت. بۆیە خەباتی مافی ئافرەت لە خەباتی سەربەستیی پیاو جیا نابێتەوە. سەربەستیی ئافرەت بەشێکە لە سەربەستیی کۆمەڵگا بە گشتیی. پیاو ئەگەر خۆی سەربەست نەبێت ئیتر چۆن دەتوانێت لە ژێردەستیی خۆی سەربەستیی بدات بە ئافرەت. بە پێچەوانەی ئەم بۆچونەوە، ژمارەیەک بیروڕا هەن کە لە ژێر ناوی "پیاوسالاریی"دا کێشەکە وەکو شەڕی مشک و پشیلە دەخەنە روو. چارەسەریش لە هاوسەنگیی ئافرەت و پیاودا دەبینن لە ناکۆکییاندا. بەڵام جەوهەری پرسەکە ئەوە نییە کە پیاو سالارە بۆیە ئافرەت ژێردەستەیە. بەڵکو ئەوەیە کە باوەڕێک پێوەرەو کولتورێک نەخشەیە کە ئافرەت و پیاو تیایاندا یەکسان ناوەستنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## کیانی تۆ مەردیی منە!

# ١٨. ئابوریی سروشتیی ڕێکخراو

## پیادەکردنی سیستێمی ئابوریی سروشتیی ڕێکخراو

مەبەست لە سیستێمی ئابوریی سروشتیی ئەوەیە کە خاوەنداریی تایبەت دیاردەیەکە دەچێتەوە سەر جەوهەرێکی سروشتیی. بۆیە هەڵەو ناسروشتییە ڕێگای لێ بگیرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە خاوەنداریی تایبەت بە گوێرەی پرەنسیپی مورالًیی ڕێک بخرێت. ڕێکخستنێک کە گەشەکردنی بازاڕ لە لایەک و یەکسانیی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی لە لاکەی ترەوە هاوسەنگ بن. ئەمەش ڕێگا لەوە دەگرێت کە کەڵەکەبوونی سەرمایەو دەستەڵات لە دەستی ژمارەیەکدا بێتە هۆی ناهەمواریی و بێ چارەیی هاوڵاتیی لە شوێنێکی تردا وەکو لە بازاڕی بەرەڵادا ڕوو دەدات. لە هەمان کاتدا کۆمەڵگا لە ڕێگای دەستەڵاتی سیاسییەوە لەم سیستێمەدا سەرمایەو توانای کاسبکارانی لە ڕێگای کۆمپانیای حکومیی و تایبەتەوە دەخاتە گەڕ بۆ گەشەی ئابوریی. گەشەیەکی ئابوریی کە لە ناو پرەنسیپەکانی سودمەندیی هاوڵاتیی و دادوەرییدا بفۆرمێت. هاوڵاتیی نەکەوێتە بەر ڕەحمەتی سەرمایەدارییەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە سەرمایەداریی خێری بۆ بداتەوە.

نیشتیمان بۆ دروستبوونی دەوڵەمەندو هەژار نییە. دەوڵەمەندێک کە پەخشان و تەخشان بکات بە پارەوەو هەژارێک کە لە سەرەنوێلک بگەڕێت بۆ ژیان. نیشتمان بۆ گەلەکەیەتی کە بە هێزی هاوبەش و دەستمایە لە دەستی هاوڵاتییدا تیایدا سەربەست و پارێزراو بێت. کەس نەکەوێتە بەر هەڕەشەی تەنهایی و

برسێتییەوە. ئەندامێکی نەبچڕاو بێت لە کۆمەڵگا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە: پاساوی مافی خاوەندارێتیی ئەو پاسایە نییە هەر کەسێک توانی چەند بپچڕێت بۆ خۆی حەڵاڵی بێت. بەڵکو ئەو پاسایەیە کە بازاڕ بە خاوەندارێتیی تایبەت باشتر بگەڕێت. ئەمەش ئەوە دەر دەخات کە یەکەم، سەرمایەداریی بەشێکە لە بونیادی ئابوریی کە گەڕانی بازاڕ دەیفۆرمێنێت. دووەم، خاوەنداریی تەنها لە سەر تەوەری مێژوویی سەیر ناکرێت کە مافی هەبوونێکی رەها بێت، بەڵکو لە تەوەری ئابوریی و کۆمەڵایەتییشەوە کە پارچەیەکی شیاو بێت لە بونیادی گشتیی سەردەمەکەدا. بۆیە باشترگەڕانی بازاڕ بە هەبوونی خاوەنداریی تایبەت جگە لە بوژانەوەی ئابوریی، پێشخستنی زانست و تەکنیک، سودمەندیی گشتییش دەگرێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە موراڵی ئابوریی و بازاڕ تواناو تەماعی کاسبکار رێک دەخات و لە پڕۆسەیەکەی کۆمەڵایەتییدا گەشەی پێ دەدات نەک ئامانجی قازانجی رووت پڕۆسەی بازاڕ بۆ خۆی تەرخان بکات. بۆیە دەستگرتنی کاسبکارو سەرخستنی چالاکیی ئابوریی لە لایەن دەستەڵاتەوە دەبێت بەشێک بێت لە هێڵی سیاسەتی ئابوریی. لە هەمان کاتدا پێویستە وڵاتپارێزیی، هوشیاریی، سەرڕاستیی و پیاوچاکیی کاسبکار لە حساب و مەرجدا بێت. کاسبکار لەو ئاستەدا بێت کە ئامانجی سەرەکیی قازانج نییە، بەڵکو پێشکەشکردنی چاکترین بەرهەمە، راستگۆیانە بە باشترین شێوەی تواناو بە قازانجێکی رەوا. لە بەرامبەر بە ئەمەشدا گرنگە بواری بازاڕ بە یاساو سزای قورس بپارێزرێت لە فێڵ، ساختەکاریی، خواروخێچیی و دەستبڕیی. موراڵی بازاڕ پێویستە لەو ئاستەدا را بگیرێت کە

فرۆشیار هەڵوێستی ئەوە نەبێت کڕیار بخەڵەتێنێت و کاڵاکەی ساخ بکاتەوە بە سەریدا بە زۆرترین قازانج، بەڵکو ئەوە بێت کە فرۆشیار پێویستیی کڕیار دابین بکات بە قازانجێکی هەقانیی. بۆ ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە فرۆشیار زانیاریی تەواو دەربارەی کاڵا یان ئیشەکەی بدات بە کڕیارو گەرەنتیی راست و دروستیان بکات بە بێ ئەوەی سەنیار ناچاری کڕینیان ببێت.

لە ئێستادا باشوری کوردستان کە کورد خۆی حوکمی دەکات، هیچ سیستێمێکی ئابوریی نایگرێتەوە. بۆیە ناتوانرێت لە رێگای هیچ سیستێمێکی ئابوریی نمونەی بازاڕی ئازاد یان ئابوریی بازاڕەوە رەخنەی لێ بگیرێت. دیاردەیەکی تایبەتە کە تەنها دەتوانرێت لە رێگای دیاریکردنی هەندێک لایەنییەوە بخرێتە بەرچاو:

١. لە باشور سیستێمێکی ئابوریی و ئیداریی نییە تا ریفۆرمی تیادا بکرێت. بۆیە چارەسەر لە بواری ئابورییدا بەشێکە لە خۆڕێکخستنەوەی کۆمەڵگای باشور لە سەر بناغەی پرەنسیپ و سیاسەتی ئابوریی و ئیداریی نوێ.
٢. دەستەڵات و ئیدارە ژمارەیەک بازرگانی جەنگ بە سەریەوەن کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و بێگانە هەموو بونیادە ئابوریی، دارایی، کۆمەڵایەتیی، کولتورییەکانیان تێک داوە.
٣. بانک وەکو دڵ وایە لە لەشی ئابورییدا. لە باشور بانک کاریگەریی بانکی نییە. قەیران نەبوونی دراو نییە. پارە زۆرە. گرفت لە گەڕان و بەکارهێنانی دراودایە. پرسەکە وەکو ئەوە وایە کە ئوتومبیل زۆر بێت بەڵام جادە نەبێت لە سەری بڕۆن.
٤ . دەستەڵاتی باشور نەوت تاڵانفرۆش دەکات. ئەو دۆلارەش کە

دێتە ناوەوە کۆمپانیای وڵاتانی دەستێخەرو کاربەدەستانی کورد لە ڕێگای پڕۆژەی تاڵانکەرانەوە دەیچننەوەو بوژانەوەی ئابوریی لێ دروست نابێت. تەنانەت ژمارەیەک خەستەخانە، ئوتێل و پڕۆژەکانی تریان لە ڕێگای کارمەندو ئیدارەی بێگانەوە دەبرێن بەڕێووە.

٥. باشور کە وڵاتێکی پیشەسازیی نییە زەویە کشتوکاڵییەکەشی بەر ئەقڵی تاڵانیی کەوتووە. ئەمڕۆ زەوی کشتوکاڵیی و هەردە بە جۆرێک تێکدراون کە هەرچەندە بە گشتیی کشتوکاڵ نییە لە کوردستاندا بەڵام زەویش دەست ناکەوێت بۆ پڕۆژەی کشتوکاڵیی. ئەمەش بەهۆی تاڵانکردنی زەویەوە بۆ مەبەستی جیاواز.

٦. ژینگە بە هۆی زۆریی کەرەسەی ژەهراویی و خاشاکەوە بەر قەیرانەکان کەوتووە. هەم ئاو هەم هەوا تا دێن دەبن بە مەترسیی لە تێکچوونی تەواوی ژینگەدا. ئەم بەرکەوتە لەبەر گرفت و قەیرانەکانی تر لەبەر چاو نییە. گرفتێکە کە کۆمەڵگا دەبێت ئاستی ژیان و هوشیاریی بەرزتر ببێتەوە بۆ ئەوەی بکەوێتە بەر چاوی.

٧. باشور لە رووی ئابوریی، سیاسیی و ئاسایشەوە قاچی خۆی نییە لە سەری بووەستێت. داهاتووی نییە، چارەنوسی هەیە کە بەستراوە بە داهاتووی وڵاتان و گەلانەوە.

**چەند هەنگاوێکی چارەسەر:**

١. ڕێکخستنەوەی دەزگا دەوڵەتییەکان بۆ ئامانجی بەڕێوبەرییەکی چالاک. ئەمەش دوو خاڵی گرنگی پێویستە:

یەکەم، لابردنی کەسانی نەزان، پیسخۆر، دانانی کەسانی بەتواناو گەشەپێدانی بەردەوامیان.

دووەم، گۆڕینی سیستێمی ئیدارە بە توانای تەکنیک، یاساو

ڕێنمایی گونجاوەوە. ئەنجامی ئەم ئیدارەیە بکاتە ئەوەی کە هەم کارمەند هەم هاوڵاتی کاریان ئاسان و خێرا بڕوات.

٢. دامەزراندنی سیستێمی بانکیی و سیاسەتی دەستمایەی مۆدێرن و چالاک بۆ ئامانجی بوژانەوەی ئابوریی و خزمەتگوزاریی دارایی. بە شێوەیەک کە:

یەکەم، هاوڵاتیی متمانەی بە بانک هەبێت پارەی تیادا دابنێت. حکومەت گەرەنتی پارەکانیان بکات.
دووەم، بانکیش خزمەتگوزارییەکانی بگەیەنێتە هاوڵاتیی نەک هەر هاوڵاتیی را بکات بە دوای بانکدا. هاوڵاتیی هەر کاتێک و لە هەموو شوێنێک ویستی بتوانێت ئیشە بانکییەکانی ئەنجام بدات. ئەمەش پێوستی بە کردنەوەی حسابی بانک، هەبوونی کارتی بانک و پەیوەندیی ئەلیکترۆنیی هەیە.
سێیەم، دانی قەرزو ڕێنمایی بە هاوڵاتیی بۆ پڕۆژەی ئابوریی و بازرگانیی پاش لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن.

٣. گونجاندنی یاساو بەڕێوبەرایەتیی لەگەڵ ڕێڕەوی پێشکەوتنی پیشەسازیی، تەکنیک و بازاڕدا. ئیشکردنی حکومەت بۆ پەیداکردنی هەلومەرجی بەرهەمهێنان، پەیوەندیی، توانای مرۆڤیی و پرۆسە پێویستەکان بۆ گەشەی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی.

٤. بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و هەردە لە ڕێگای ڕێکخستنەوەی زەویوزارو دانانی یاساو ڕێنمایی نوێوە. بە شێوەیەک کە:

١. هەر زەوییەک بەرهەم نەهێنرا خاوەنزەوی مافی هەبوونی ئەو زەوییەی نەمێنێت.

٢. قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنی زەوی کشتوکاڵیی.
٣. چاودێریی دارستان و هەردە لە لایەن دەزگای دەوڵەتییەوە.
٤. کردنەوەی هاوینگە بە شێوەیەکی مۆدێرن لە لایەن دەزگای دەوڵەتییەوە.
٥. کردن بە کاڵای بەرهەمی کشتوکاڵیی کوردستان لە ڕێگای پیشەسازییەوە.
٦. پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵیی کوردستان لە ڕووی نرخەوە.
٧. بەکارهێنانی تەکنیک و شێوەی تازەی بەرهەمهێنان بۆ بەرزکردنەوەی جۆرێتیی بۆ توانای پێشبڕکێ لە بازاڕە جیاوازەکاندا و بۆ زیادکردنی بەرهەم بۆ قازانجی زیاتر.
٨. دانی قەرز بۆ پرۆژەی کشتوکاڵیی.

هەواڵنامەی کتێب

**پاساوی مافی خاوەندارێتیی ئەو پاسایە نییە هەر کەسێک توانی چەند بپچڕێت بۆ خۆی حەڵاڵی بێت.**

# ١٩. جیاوازیی ئابوریی و یەکسانیی خزمەتگوزاریی

### جیاوازیی ئابوریی لە سنوری بەرژەوەندیی گشتییدا بەڵام خوێندن، چاودێریی تەندروستیی و خزمەتگوزارییەکانی تر بۆ هەژارو دەوڵەمەند وەکو یەک.

سروشتی بازاڕی ئازاد وایە کە جیاوازیی ئابوریی دروست دەکات، ئەمە سەرمایەداریی. سەپاندنی یەکسانیی ئابورییش بازاڕەکە دەخنکێنێت، ئەمەش کۆمۆنیزم. یەکەمیان ڕەوتێکی سروشتییەو دووەمیان شێواندنێتی.

سیاسەتی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی ٤ک بریتییە لەوەی کە ڕێگا خۆش دەکات بازاڕو ئابوریی سروشتییانە گەشە بکەن. ڕێگا لە جیاوازیی داهات و ئابوریی ناگرێت کە کارو توانای جیاوازی کەسەکان دروستی بکەن. بەڵام کۆمەڵگا لە سەر ئەو بنەمایە ڕێک دەخات کە دەبێت یەکسانیی هەبێت لە هەلومەرجی بازاڕ و دەستکەوتە خزمەتگوزارییەکاندا. ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکیی دوو خاڵ دەگرێتەوە:

یەکەم، یاساکانی بازاڕو دەرفەرتی کاسبیکردن بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا وەکو یەک دەبێت. ئەرکی سەرشانی دەستەڵاتە کە نەهێڵێت کەس جیاکاریی لەگەڵدا بکرێت. دووەم، خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگا وەکو خوێندن، پەروەردە، چاودێریی تەندروستیی، ڕێگاوبان، کارەباو ئاو، تەکنیک، سروشت و ژینگە بۆ هەموو هاوڵاتیان وەکو یەک بەردەست دەبن. بۆ نمونە، هەموو هاوڵاتییەک وەکو یەک پاش دانی پارەیەکی کەمی دیاریکراو کە چووە خەستەخانەوە دەبێت هەموو

چارەسەرێکی پێویستی بۆ بکرێت. چاودێریی تەندروستیی باش و خوێندنی باش نابێت ببەسترێن بە پارەی زیادەوە. کۆمەڵگا لە رێگای دەزگاکانیەوە بۆ هەموو هاوڵاتییەکانی وەکو یەک بەردەستیان دەخات. هەروەکو چۆن لە سەر مێزێک خواردن بۆ هەموو قاپەکان وەکو یەکە ئاواش خزمەگوزارییەکان بۆ هەموو هاوڵاتیان دەبێت وەکو یەک لەبەر دەستدا بن. بۆ نمونە، هەمان خوێندن و چاودێریی تەندروستیی بۆ هەژارو دەوڵەمەند وەکو یەک.

(لە ئێستادا دەستەڵاتی باشوری کوردستان خۆی لە کۆمەڵگا جیا کردۆتەوە. لە پارەی لادراوی میللەت خوێندنگاو خەستەخانەی تایبەتیان بۆ خۆیان کردۆتەوە کە پارەدارەکان تیایاندا خزمەتگوزار دەبن. لە هەمان کاتدا خوێندنگاو خەستەخانەکانی گەل بەرەو دواکەوتن و خراپیی براون. سیستێمی تەندروستی و خوێندن بە گشتیی لە زۆر روەوە بە جۆرێک چونەتە دواوە کە ریفۆرمی بنەڕەتییان دەوێن بۆئەوەی بتوانن خزمەتگوزاریی پێویست بە هاوڵاتیان پێشکەش بکەن و کارمەندانیان ئاستی داهات و پێشکەوتنیان جێگای رەزامەندییان بن.)

**٤ک بۆ ئەم مەبەستە:**

١. هەوڵدان بۆ ریفۆرمی پێویست لەم بوارانەدا بە پشتی شارەزایان و کارمەندانی ناو کەرتەکان خۆیان. بە جۆرێک کە هاوڵاتی بۆ بەدەستهێنانی چاودێریی تەندروستیی و پەروەردە ناچار نەبێت روو بکاتە دەزگا تایبەتەکان.

٢. بە زوترین کات هەنگاونان بۆ راگرتنی هەموو جۆرە چالاکییەکانی پیسخۆریی و رێکخستنەوەی کەرتەکان بە گوێرەی ئامانجی خزمەتکردنی مرۆڤ نەک پارەپەیداکردن بە خاڵی لاوازیان.

# ٢٠. ڕێکخستنەوەی زەویوزار

## ڕێکخستنەوەی زەوی کشتوکاڵیی و هەردە بە پێی ئامانجی بەرهەمهێنان، ژینگەو سودی گشتیی.

### رەوشی ئێستای زەویوزار

١. دەستەڵاتی هەرێم لە پلەی یەکەمدا جوتیاری نەهێشت. زۆربەی جوتیارانی کرد بە موچەخۆری دەست بەتاڵ یان چەکدار. باشور وڵاتێکی پێشەسازیی نییە. لە ئێستادا کەوچکێکی داری تیادا دروست ناکرێت. وڵاتە دراوسێکانی جێگای متمانە نین لە رووی سیاسیی و مرۆڤایەتییەوە. بۆ کوردستان زیاد لە پێویست گرنگە دەست بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە بگرێت. تەنانەت بە شێوەیەک کە هەر خانویەک لە شاردا دروست دەکرێت دەبێت حەوشەیەکی هەبێت بۆ رووەک. یەکەم جار کشتوکاڵ و نیشتەجێبوون لە کوردستانەوە لە گوندی چەرمۆی چەمچەماڵەوە دەستی پێ کردووە. کەچی ئێستا کوردستان بەروبومی کشتوکاڵ لە وڵاتانەوە هاوردە دەکات. هۆی ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەت.

٢. لە پلەی دووەمدا دەستەڵاتی هەرێم زەوی کوشت. زەویوزار بوون بە بەشێک لەو نەخشەی تاڵانییەی کە لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە سەپاندیان بە سەر باشوردا. زەوی کشتوکاڵیان بۆ مەبەستی بەرتیل، دەنگ پەیداکردن و ونکردنی تاڵانیی زەویەکانی خۆیان دابەش کرد بە سەر خەڵکداو تاپۆیان کرد لە سەریان. بەم پێیە ئەو زەوییەی کە هەر یەکێک خاوەنێتی ئەوەندە داهات نادات کە ئەو کەسە پێی ببێت بە جوتیار. لە زۆربەی کاتیشدا ئەو

کەسانەی زەوی کشتوکاڵییان لە سەر تاپۆ کراون کۆن جوتیار بوون. ئێستا زۆربەیان شارنشینن و مەرجی جوتیاریان تیادا نییەو زەویەکانیان بەرهەم ناهێنن. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە رێگا لە زەوی گیراوە بەرهەم بهێنرێت. تاڵانیی زەوی وای کرد کە ئەوانەی کۆن جوتیاری گوندەکان بوون هەندێک شوێنی هەردەیش بدەنە بەر شۆفڵ و تەختکردن یان ئەگەر دارستان بووبێتن ئاگریان تێ بەر بدەن بۆ ئەوەی وەکو باخ یان زەوی کشتوکاڵ پیشانی دائیرەی کشتوکاڵی بدەن بۆ تاپۆکردنیان لەسەر خۆیان. ئەم هەڵمەتەش سەرچاوەی لەوێوە گرت کە زەوی بوو بە بەهای کڕین و فرۆشتن و قازانجی خێرا. کار گەشتە ئەوەی کە لە هەر گوندێکدا نوسینگەیەک کرایەوە بۆ کڕین و فرۆشتنی زەوی.
٣. رێگا کرایەوە بۆ بێڕێزیی بە سروشت. ئەو پارەو توانایەی کە لە ناوچەی هەرێمدا پەیدا بوو لە جیاتی رازانەوەو خزمەتکردنی ژینگەو سروشت بوو بەهێزی تێکدان، ژاکاندن و پیسکردنی سروشت و ژینگە. شاخ و دەشتودەر کەوتنە بەر شۆفڵ و حەفارەی هاوڵاتیانی نەزانی پارەدار. شانبەشانی زۆربوونی پارە، خاشاکی بابەتی قوتو، نایلۆن، شوشەو پلاستیک و پاشماوەی تر لە وڵاتەکەدا زۆر بوو بە بێ ئەوەی دەستەڵاتی هەرێم هیچ بەرنامەو حسابێکی بۆ ئەم کێشەیە هەبێت. لە رێگاکاندا بە بەرچاوی بەرپرسەکانەوە پیسیی و پاشماوە هەڵ دراونەتەوە. لە سایەی دەستەڵاتی هەرێمدا ئەم ئاکامە وەکو گرفت و لادان لە رۆڵی سیاسیی نابینرێت، نە لە لایەن دەستەڵاتەوە نە لە لایەن جەماوەرە.
٤. ژمارەیەک لە رێگای جولانەوەی چەکداریی و حیزبایەتییەوە بوون بە خاوەنی دەستەڵات. مرۆڤی دەوڵەمەند لە ئێستادا کە

زۆربەیان بە هۆی پیسخۆرییەوە پاردار بوون بوونەتە خاوەنی باخ و شوێنی حەوانەوە. شوێنە گرنگەکانی وڵات بە ناوی کەسان یان کۆمپانیاکانییانەوە دەستیان بە سەردا گیراون. دەستەڵاتداران هەم دەستەڵاتن هەم کۆمپانیا.

## پرەنسیپ و هەنگاوی چارەسەر

٤ک بە گوێرەی ئەم دوو خاڵەی خوارەوە رێنمایی دەکات بۆ رێکخستنەوەی زەوی و بەکارهێنانی:

١. دارستان و هەردە (ئەرزی سەخەریی) موڵکی گشتیین. دائیرەی پەیوەندیدار بەرپرسیارە لێیان، بەرهەمیان دەهێنێت بۆ سودی گشتیی و بە پێی چاودێریی ژینگە سەرپەرشتییان دەکات و بەکاریان دەهێنێت.

٢. دەزگای دەوڵەتیی بە گوێرەی پێویستی هاوڵاتیان هاوینگەو کۆختە دروست دەکات و بەردەستی دەخات. بە شێوەیەک کە هاوڵاتیان بتوانن خۆشیی لە سروشت ببینن و لەگەڵیدا بژین بە بێ ئەوەی پێویستیان بەوە هەبێت خاوەنی باخچەی تایبەتیی بن.

(لە ئێستادا زۆربەی ناوچە سروشتییەکان قۆرخ کراون. ئەوەی پارەدارە یان دەستەڵاتی هەیە بە گوێرەی "یاسای جەنگەڵ" بەشی خۆی دابڕیووە. بەڵام موچەخۆر یان هەژار کە توانای پەیداکردنی جێگەی تایبەتیی نییە بێ بەش بووە لە بەخشندەیی سروشتیی نیشتیمانەکەی. لە هەمان کاتدا سەیرانکەران هەرەمەکیی لە بەهاراندا لە کەنار رێگاکان بڵاو دەبنەوەو خاشاکێکی زۆر بڵاو دەکەنەوە کە بووەتە هۆی پیسکردنی ژینگە.)

٣. رێکخستنەوەی زەوی کشتوکاڵیی بە گوێرەی پرەنسیپی بەرهەمهێنان، چاودێریی ژینگەو سودی گشتیی. ئەمەش بریتییە لەوەی کە ئەو سێ فاکتەرە "بەرهەمهێنان"، "ژینگە"و "سودی

گشتیی" پێویست بە کام جۆرە ڕێکخستنی زەویوزار بکات بەو شێوەیە ڕێک دەخرێنەوە. بەرژەوەندیی تاک دەبێت لەگەڵ ئەو سێ ئامانجەدا "بەرهەم"، "ژینگە" و "سودی گشتیی"دا بێتەوەو نابێت ناکۆک بێت لەگەڵیان. لە ڕێکخستنەوەکەدا ماف و بژێوی خاوەن موڵک یان جوتیار ڕەچاو دەکرێن. بۆ نمونە ئەگەر پڕۆژەیەک هاتە پێشەوە بۆ بەرهەمهێنانی گوڵەبەڕۆژەیەکی زۆر بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی ڕۆن، لەم کاتەدا بە گوێرەی پێویست زەوی بۆ ئەم پڕۆژەیە دیاری دەکرێت. ئەو زەویانەی تا ئەو کاتە جوتیاریان لەسەر دەژی جوتیارەکان دەچنە پڕۆژەکەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان. جوتیار لە پڕۆژەکەدا بە لایەنی کەمەوە دەبێت ئەو داهاتەی دەست بکەوێتەوە کە بەکارهێنانی زەوییەکەی دەیداتێ. بە ڕستەیەکی تر، جوتیار ئەگەر نەبێت بە کارکەر لە پڕۆژەکەدا ئەوا بە ڕواندنی گوڵەبەڕۆژە ئەبێت ئەو داهاتەی دەست بکەوێتەوە کە پێشتر زەویەکەی ئەیدایێ. نمونەیەکی تر، ئەگەر پڕۆژەیەکی ئاژەڵداریی کرایەوە خاوەن پڕۆژە بۆی هەیە زەوی لەوەڕگا بە کار بهێنێت بە مەرجێک زیان نەدات لە پڕۆژەیەکی تر.

# ٢١. ڕێکخستنی کرێکارن

## ڕێکخستنی کرێکاران و بازاڕیان هەروەها بەرز کردنەوەی ئاستی ژیانیان.

لە ئێستادا کرێکاران لەسەر جادەکان بە گەرماو سەرما دەکەون بۆ ئەوەی خاوەنکارێک بیان بات بۆ ئیش. ڕۆژانە کاتەکانیان بێ هودە دەڕوات ئەگەر ئیشێک نەبێت بۆیان. کەوتنیان لەسەر شەقامەکان هەم دیمەنێک و هەم ڕەوشێکی سەرەتایی هەیە. ئەم بارەی تیایدا دەژین کاریگەرییەکی خراپی هەیە لە سەر لایەنی جەستەیی و دەرونیی کرێکاران. ئەم خراپییەش گومانی تیادا نییە کە خراپ کاریگەریی دەکاتەوە سەر منداڵ و خێزانیان لە هەموو رویەکی کۆمەڵایەتیی، کولتوریی و زمانەوە.

کرێکاران بە تایبەتی لە ئەدەبیاتی چەپ و کۆمۆنیزمدا لە کتێبدا لە بەر چاون. بەڵام لە راستییدا لە هەموو چینێک زیاتر نەبینراو و حساب بۆ نەکراون. باسکردنی پڕۆلیتاریاو چەپ چەپێن زیاتر وەکو شێوەیەکی باوەڕ فۆرمی وەرگرتووە. ٤ک لە خودی کرێکارانەوە بە کردەوە پرسەکە وەر دەگرێت نەک بە ناوی ئەوانەوە بۆ خۆی بفکرێت. بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەو زانیاریی بەردەوام لەسەر باری ژیانیان هەبێت و لە ڕێگای دەزگاکانی کۆمەڵگاوە دەستەڵات دەستی پشتگیریی پێیانەوە هەبێت بە گوێرەی پێویست.

٤ک لە نمونەی ئەم خاڵانەدا ڕێنمایی دەکات بۆ ڕەوشی کرێکاران:

١. دابینکردنی قەرەبووی نەخۆشیی، پەککەوتیی و خانەنشینیی.
٢. کرێکاران لە ژینگەی خراپی ئیشکردن کە ببێتە هۆی زیانی

تەندروستیی و مەترسیی لە پاراستنی سەریان.
٣. دابینکردنی ناوەند لە چەند شوێنێکی شاردا بۆ کۆبوونەوەی کرێکاران تیایاندا. لە ناوەندەکاندا کرێکاران تۆمار بکرێن. خاوەنکارەکان لەو شوێنانە کرێکاران ببەن یان پەیوەندیی بکەن بەو ناوەندانەوە. لە ناوەندەکاندا، کۆمپیتەر، تەلەفیزیۆن، چاو ئاو، چاودێریی تەندروستیی و بەرنامەی خوێندەواریی و پێشخستنی کرێکاران بەردەست بخرێن.

ناسر حەفید

٢٠١٦/٠٣/١٦

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە:

١. م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دووەم.
٢.(١٠٣/١). ماندێلا، ؟
٣. جەمیل بایک، مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەرگی یەکەم.
٤. ئەحمەد خواجە، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، بەرگی ١-٤، چاپی سێیەم، بنکەی ژین.
٥. https://popularhistoria.se/samhalle/brott-straff/dodsstraff-med-ratt-att-doda
٦. https://popularhistoria.se/samhalle/brott-straff/dodsstraff-med-ratt-att-doda
٧. Svetlana Aleksijevit, Kriget har inget kvinnligt Ansikte, Översättning: Kajsa Linsten
٨. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، مەکتوباتی کاک ئەحمەدی شێخ، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس.
٩. Jon Stuart Mill, Om Friheten, N.O.K
١٠. Jean Jacques Rousseau, Om Samhällsfödraget, N.O.K
١١. شێخ ئەحمەدی فایز، ئامادەکردنی شێخ محەمەدی خاڵ، کنز السن، ٢٠١١چاپی دووەم، ٢٠١١.
١٢. بۆ زانیاریی لەم بارەیەوە لە گوگڵدا بە دوای "Lars Vilks"دا بگەڕێ!
١٣.https://www.aftonbladet.se/nyheter/a/9mx4dw/terrorattackerna-i-paris-detta-har-hant
١٤. وەسیێتنامەی قازی محەمەد لە بەندیخانەدا پێش لە داردانی.
١٥. گۆڤاری رەنگین (ژمارە ١٠٢، ساڵی ١٩٩٧).
١٦. Sven Ove Hansson, Jörgen Hermansson, Idêr om rättvisa, Volym1 i Tidens idèserie, 1989.
١٧.https://www.aftonbladet.se/nyheter/a/3GGM0/president-erdogan-kan-fa-mer-makt

١٨. https://www.journalisten.se/nyheter/191-journalister-sitter-fangslade-i-turkiet
١٩. د. وەلید حەمدی، کوردو کوردستانلە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، سەردەم، ١٩٩٩.

هەواڵنامەی کتێب

کورد کە شکاوە هەر چەکی دا نەناوە، نەقڵیشی داناوە. ئەو ئەقڵەی هەمانە بۆمان دانراوە. سەرچاوەی لە سروشتی خۆمانەوە نەگرتووە. کورد کە شکاوە ئیتر ناچار بووە بە رێگای جیاواز خۆی بدزێتەوە لە خۆبوون.

کورد توانیویەتی خۆی نەبێت. بەڵام ناشتوانێت بە شتێکی دی ببێت. هەر بۆیان داناوە کورد نەبێت.

هەندێک دەیانەوێت رووت لە کوردبوون خۆیان بگەیەننە مرۆڤبوون. نازانن مرۆڤبوون ئەو خەسڵەتانەی لێت دەوێن کە لە خۆنەبووندا لە دەستت داون. ئەو خەسڵەتانەی پێی کوردیت دەبێت پێت بن بۆ مرۆڤبوون. بێ کوردبوون ناگەیەت بە مرۆڤبوون.

---

# 4k

# A way of being human

Nasir Hafed

02-2020